مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ناوچەکانی ململانێ
# لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عیراقدا

**نووسینی**

**هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا**

**تاریق رەئوف محەمەد**

---

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١

کۆڵانی ـ ٤٤ ، ژ. خانوو ـ ١

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

مەکتەبی بیروهۆشیاری

- **ناوی کتێب: ناوچەکانی ململانێ**
  **لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عیراقدا**
- **ناوی نووسەر: هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا**
  **تاریق رەئوف محەمەد**
- **دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر**
- **چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی**
- **تیراژ: (٢٥٠٠) دانە**
- **ژمارەی سپاردن: ( ٢٠٨٠) ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی رۆشنبیری**
- **ژ. زنجیرە : (٢٧١)**
- **لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری


# سوپاس و پێزانین

بۆ بەڕێز دکتۆر جەزا تۆفیق تالب کە سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیەی کردووەو ماندووبوونی بەرز دەنرخێنین.

**هەردوو توێژەر**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** ........................................ | ٧ |
| **بەشی یەکەم: مێژووی ناوچەکانی ململانێ** .......... | ١٣ |
| بەندی یەکەم : مەبەست لەناوچەکانی ململانێ .................... | ١٣ |
| بەندی دووەم: چۆنیەتی دروست بوونی دەوڵەتی عێراق ............ | ١٨ |
| بەندی سێیەم: مێژووی ناوچەکانی ململانێ لەشۆڕشی شێخ مەحمودەوە تاوەکو ساڵی ١٩٦٩ .................................. | ٢٩ |
| بەندی چوارەم: ناوچەکانی ململانێ لەگفتوگۆی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ | ٤٦ |
| بەندی پێنجەم : ناوچەکانی ململانێ لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عێراق ................ | ٥٦ |
| بەندی شەشەم: ناوچەکانی ململانێ لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٩١ لەنێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق ..................... | ٦٢ |
| **بەشی دووەم: جوگرافیای ناوچەکانی ململانێ** .......... | ٧٠ |
| بەندی یەکەم : ناوچەکانی ململانێ لەپارێزگای کەرکوکدا ........... | ٧٠ |
| بەندی دووەم : ناوچەکانی ململانێ لەپارێزگای موسڵدا ............ | ١١٢ |
| بەندی سێیەم : ناوچەکانی ململانێ لەپارێزگای دیالەدا ............. | ١٥٠ |
| بەندی چوارەم: ناوچەکانی ململانێ لەهەرسێ پارێزگای کوتو سەلاحەدینو هەولێر ........................................ | ١٧٢ |
| **بەشی سێیەم: پاشەڕۆژی ناوچەکانی ململانێ** .......... | ١٨٥ |
| بەندی یەکەم: بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەکان بۆ سەلماندنی کوردستانی بوونی ناوچەکانی ململانێ ............................ | ١٨٥ |
| بەندی دووەم: میکانیزمی چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوك ...... | ١٩٩ |
| بەندی سێیەم: چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکانی ململانێ لەهەردوو پارێزگای موسڵ و دیالە لەگەڵ پارێزگای کوتدا .................. | ٢١٠ |
| **دەرئەنجام** .................................................... | ٢٢١ |
| **سەرچاوەکان** .................................................... | ٢٢٥ |


مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێشەکی

هەرێمی کوردستان لەڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، لەناوچوارچێوەی سنووری سیاسی دەوڵەتی عێراقیدا، ئەو دەوڵەتەی کە لەساڵی ١٩٢١ دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەخواست و ویستی بەریتانیا بەبێ گوێدانە خواست و داواکارییەکانی دانیشتوانی دەوڵەتەکە دامەزرا. دەوڵەتی عێراق لەسێ ویلایەت پێکهێنرا، ئەوانیش ویلایەتی بەغدادو بەسرەو موسڵ ، هەتاوەکو ساڵی ١٩٢٥ ئەو دەوڵەتەی کە بەریتانیا دایمەزراند بوو تەنها لەویلایەتی بەغدادو بەسرە پێك دەهات، چونکە پاش دابەشکردنی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی عوسمانی لەنێوان وڵاتانی براوەی جەنگی یەکەمی جیهانی ویلایەتی موسڵ بەر فەرەنسا کەوت ، بەڵام بەریتانیا کە زانی ئەم ویلایەتە بایەخێکی ستراتیژی و ئابووریی هەیە بەتایبەتی بوونی دەریایەك لەنەوت، بۆیە بەرێککەوتن لەگەڵ فەرەنسادا، بەرامبەر





وازهێنانی بەریتانیا لەزەوییەکانی سوریا و لوبنان ویلایەتی موسڵی دەستگیر بوو .

لەساڵی ١٩٢٥ ویلایەتی موسڵ لکێنرا بەدەوڵەتی عێراقەوە بەبێ گوێ دانە خواست و داواکارییەکانی دانیشتوانی ویلایەتەکە ، کە نەتەوەی کورد زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێناو بەشێکی زۆری هەرێمی کوردستان (کوردستانی باشوور) دەکەوێتە نێو سنووری ئەم ویلایەتەوە .

هەرێمی کوردستان لەناو چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی عێراقدا، لەڕووی شوێنی جوگرافییەوە دەکەوێتە باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی عێراقەوە، سنووری لەباکوورەوە دەوڵەتی تورکیا و لەڕۆژهەڵاتەوە ئێران و لەڕۆژئاواوە سوریایە، بەڵام سنووری باشوورو باشووری ڕۆژئاوای ئەم هەرێمە هەتا ئێستا یەکلا نەبووەتەوە گەرچی چەندین بەڵگەو دۆکیومێنت و ڕاوبۆچوونی نووسەرە کوردو عەرەب و بیانییەکان هەن کە دەیسەلمێنن زنجیرە چیاکانی حەمرین سنووری باشووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی عەرەبی دا پێکدێنن. لکاندنی ویلایەتی موسڵ کە زۆرینەی کوردستانی باشووری پێکدەهێنا، سەرەتایەك بوو بۆ دروست بوونی کێشەیەکی درێژخایەن لەمێژووی سیاسیی دەوڵەتی عێراق ئەویش کێشەی ماف و داخوازییە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد بوو. کورد بەدرێژایی دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی لەشەڕو تێکۆشاندا بووە.

لەئەنجامی شەڕو ململانێ بەدرێژایی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەنێوان کوردو حکومەتەکانی دەوڵەتی عێراق و بەهۆی نەگەیشتنە کۆتایی

چارەسەرکردنی کێشەکان بەشەڕ، هەردوولا ناچار بەگفتوگۆو دانوستان دەبوون، سەرچاوەی سەرەکی نەگەیشتنە ئەنجامی گفتوگۆو دانوستاندنەکان لەنێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا بریتی بووە لەململانێ لەسەر چەند ناوچەیەکی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی عەرەبی کە ئەوانیش: کەرکوك، خانەقین، مەندەلی، بەدرە ، شەنگار، شێخان، تەلەعفەرو مەخمورو... هتد، چەندین ناوچەی تری هەرێمی کوردستان .

چەندین بەڵگەی مێژوویی و جوگرافی یەکلایی دەکەنەوە کە ئەم ناوچانە دەکەونە سنووری هەرێمی کوردستانەوە .

پێداگرتنی حکومەتەکانی عێراقی لەگفتوگۆکاندا لەگەڵ کورددا لەسەر نەدانی ئەم ناوچانە، بەڵگەی گرنگی و بایەخی ئەم ناوچانە دەردەخات لەڕووی شوێنی ستراتیژی و بازرگانی و ئابوورییەوەو، دەوڵەمەندی ئەم ناوچانە لەدەرامەتە سرووشتییەکانی وەك نەوت و بوونی زەوی و زاری بەپیتی کشتوکاڵی، سەرچاوەی ئاوی زۆر کە بایەخ و گرنگی زیاتری ئەم ناوچانەی بۆ حکومەتی عێراقی دەرخستووە .

لەبەرئەوە دەبینین بەشێکی هەرەزۆری سەروەت و سامانە کانزاییە ستراتیژییە جیۆپۆلەتیکییە گرنگەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش لەم شوێنانەدان .

گەڕاندنەوەی ئەم ناوچانە بۆ نێو سنووری هەرێمی کوردستان هەم لەڕووی ڕووبەرەوە، ڕووبەری هەرێم زیاد دەکات و هەم ئەو دەرامەتە





سرووشتییەی کە هەیە لەناوچەکاندا سوودی زۆری لێ دەبینرێت بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان .

لەناوچەکانی ململانێدا، لەگەڵ بوونی کورددا چەندین نەتەوەی وەك عەرەب و تورکمانو کلدو ئاشوورییەکان دەژین. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەعێراقدا لە ٢٠٠٣/٤/٩ دا ، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتی عێراقی لەلایەن ئەنجومەنی حوکمەوە کە زۆرینەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقی لەخۆ دەگرت ، لەڕۆژی ٢٠٠٤/٣/٨ دا ( یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ) ئیمزاکرا ، ئەوەی پەیوەندی بەناوچەکانی ململانێوە هەیە لەم یاسایەدا ، مادەی (٥٨) ە، کە ئەمەش بۆ ئاسایی کردنەوەی ناوچەکانی ململانێیە ، کە تەنها ناوی کەرکوك لەم مادەیەدا هاتووە بەبێ دیاری کردنی ناوچەکانی تر... بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەو ململانێ لەسەر ئەو ناوچانە لەنێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی عێراقی دا لەمادەی (٥٨) ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوەو ، مادەی (١٤٠) ی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە لە ٢٠٠٥/١١/١٥ بەزۆرینە دەنگی لەسەر درا لەلایەن گەلی عێراقەوە ، مادەی (١٤٠) هەموو ئەو بەندو بڕگانەی کە لەمادەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە تێیدایەتی کە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کەرکوك و هەموو ئەو ناوچانەی تری کوردستان کە ململانێیان لەسەرە. بریتییە لە( ئاسایی کردنەوەی یەکجارەکی ئەو زەوییانەی کە کێشەیان لەسەرە، بەکەرکوکیشەوە، بەئەنجامدانی سەرژمێرییەکی عادیلانەو شەفافی دانیشتوان ، پاشان ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێك

لەکەرکوك‌و ناوچەکانی تری ململانێ بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بەئارەزووی خۆیان دەنگ بدەن بەوەی کە بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان بەپێچەوانەوە، بەجۆرێك ئەم ئاساییکردنەوەیە دەبێت لەگەڵ پرنسیپەکانی عەدالەتدا بگونجێت ، لەو پرۆسەیەشدا ئیرادەو ویستی دانیشتوانی ئەو زەوییانە لەبەرچاو بگیرێت. ئەم توێژینەوەیە کە لەسەر (ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقدا) یە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر جوگرافی سیاسی‌و هەوڵ دەدات ڕاست‌و دروستیی ئەو مەسەلەیە یەکلا بکاتەوە کە ئایا ئەو ناوچانەی کە لەیاساکەدا هاتوون ناوچەیەکی کوردستانین‌و زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن ، یان ناکەونە نێو سنووری هەرێمی کوردستانەوەو ناوچەیەکی کوردستانی نین .

تێبینی:

ئەو خشتانەی کە تایبەتن بەژمارەو ڕێژەی دانیشتوان لەناوچەکانی ململانێ ، هەر یەکێك لەو خشتانە کە نیشانەی ( ـ) دانراوە لەبەردەستنەکەوتنی ژمارەو ڕێژەی نەتەوەی ناوبراو بووە.

**هەردوو توێژەر**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەشی یەکەم

# مێژووی ناوچەکانی ململانێ

### بەندی یەکەم:
### مەبەست لەناوچەی ململانێ

ناوچەی ململانێ (المناطق المتنازع عليها) بەو مانایە دێت کە ململانێو کێشە هەیە لەسەر سەروەری لەچەند زەوییەك یان ناوچەیەکی دیاری کراو.[1]

ئەو ناوچانە یان ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە کە ململانێ و کێشەی لەسەرە لەنێوان دەوڵەتاندا یاخود لەنێو چوارچێوەی سنووری سیاسی یەك دەوڵەتدا ئەو ناوچانەش کە ململانێی لەسەرە زیاتر ناوچە سنوورییەکانی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر دەگرێتەوە یان ئەو ناوچە سنوورییانە دەگرێتەوە کە لەنێوان دوو هەرێمی سیاسی یان جوگرافی ناوخۆی یەك دەوڵەتدا هەیە.

(1) فريد اسسرد ، المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية، منشورات مركز كردستان للدراسات الستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤، ص٥٢





ململانێ (لەناکۆکی یەوە هاتووە یان ناکۆکی کردن، واتە کێشەی دوو هۆز یان دوو عەشیرەت، یان بەمانای جیاوازی دێت لەسەر شتێكو هەر لایەك بەرەو لای خۆی دایبکێشێ، یان پێکدادانیان واتە تێك چوونیان.[2]

هەر لایەنێك لەولایەنانەی کە خۆی بەخاوەنی ناوچەیەکی دیاری کراو دەزانێو ململانێ هەیە لەنێوانیاندا چەندین بەڵگەو دۆکومێنتی ئامادەکردووە بەجۆرێك ئەو راستییە روون دەکاتەوە کە ئەو ناوچانە موڵکی ئەو لایەنەیە یان بەپێچەوانەوە لایەنی بەرامبەر بەچەندین بەڵگەو دۆکومێنت ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو ناوچەیەی ململانێی لەسەرە سەر بەلایەنی ناوبراوە. ئەو بەڵگەو دۆکیومێنتانە زیاتر بەڵگەی مێژوویی‌و جوگرافین. کە رۆڵی گرنگ دەبینن لەیەکلایی کردنەوەو چارەسەرکردنی ئەو ناوچانەی کە ململانێیان لەسەرە.

بەتەنها ناتوانرێت بەڵگە مێژووییەکان بکرێنە هۆکاری بەدەرخستنی کێشەی (ناوچەی ململانێ)، بەڵکو ئەم کێشەیە تێکەڵ بەهۆکارە ئابورییەکان دەبێت کە دوورایی ستراتیژیو گرنگی ئەوتۆی بۆ سیاسەتی دەوڵەت هەیە.[3]

بەگشتی ئەو ناوچانەی ململانێیان لەسەرە لەجیهاندا زۆرن لەوانە ململانێ ی نێوان هەردوو دەوڵەتی هیندو پاکستان لەسەر هەرێمی کشمیر،

(2) المنجد فی اللغة والاعلام، الطبعة الثلاثون ١٩٨٨ ، منشورات دار الشرق، بيروت، ص ٨٠١

(3) فريد اسسرد ، المصدر السابق، ص ٦٣

كە بووەتە هۆی ڕوودانی چەند شەڕێكی قورس لەنێوانیاندا، هەمان كێشەی هاوبەش لەنێوان هەردوو دەوڵەتی توركیاو یۆنان لەسەر دورگەكانی (ئایۆنی)، كە كێشەی قوبرس ڕوونترین نموونەیە. هەروەها ململانێی نێوان ئێران و ئیماراتی یەكگرتووی عەرەبی لەسەر دورگەكانی هورمز كە ئەوانیش (تونبی گەورەو تونبی بچوك و ئەبو موسا) ن كە تا ئێستاش بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. هەروەها لەنێوان ڕوسیای فیدراڵ و یابان سەبارەت بەدورگەكانی (كوریل)، لەنێوان ئازربایجان و ئەرمینیا لەسەر ناوچەی (قەرەباغ). سەبارەت بەو ناوچەو هەرێمانەی كە ناكۆكیان لەسەر بووەو لەرۆژگاری ئێستادا یەكلایی كراونەتەوە وەك ململانێی نێوان فەرەنساو ئەڵمانیا لەسەر هەرێمی (ئەلزاس و لۆرین) كە چەند سەدەیەك بووبووە مایەی چەندین شەڕ لەنێوانیاندا بەتایبەتی لەجەنگی یەكەمی جیهانی و جەنگی دووەمی جیهانی، كێشەی ویلایەتی موسڵ لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق و توركیا لەنیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا كە لەدواییدا بەبڕیارێكی كۆمەڵەی نەتەوەكان لەساڵی ١٩٢٥ ئەم ویلایەتە خرایە سەر عێراق. سەبارەت بەو ناوچانەی كە ململانێیان لەسەرە لەناو سنووری سیاسی یەك دەوڵەتدا بوونەتە مایەی دروست بوونی كێشە بۆ دەوڵەتەكە، وەك هەرێمی (جافانا تامیل) لەباكووری خۆرهەڵاتی سریلانكا، هەروەها هەرێمی (باسك) لەوڵاتی ئیسپانیا، كێشەی هەرێمی (دارفور) لەوڵاتی سودان كە دەكەوێتە باشووری خۆرئاوای وڵاتەكەوە، كە ئەم ناوچانە كێشەی بۆ ناوخۆی ئەو وڵاتانە دروست كردووە.

سەبارەت بەكێشەی گەلی كورد لەعێراقدا، كە ئەم كێشەیە بەلكاندنی





ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە لەساڵی ١٩٢٥دا سەری هەڵدا كە زۆرینەی دانیشتوانی ویلایەتەكە بریتی بووە لەكوردو بەشێكی زۆری كوردستانی باشووری پێك دەهێنا.

ئەو ناوچانەی كە ململانێیان لەسەرە لەنێوان كوردو حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراقدا. ئەو ناوچە سنووریانە دەگرێتەوە كە دەكەوێتە نێوان هەرێمی كوردستان و عێراقی عەرەبییەوە، ئەمەش ئەو ناوچانەن كە بەشێوەیەكی شریتی لەمەندەلییەوە لەسنووری ئێرانەوە دەست پێ دەكات و بەرەو باكوور درێژ دەبێتەوە بەتەنیشت بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، هەتا دەگاتە شەنگار لەسەر سنووری سوریا.(4)

ئەو ناوچانەی كە مایەی دروست بوونی كێشەكەن بریتین لەچەند یەكەیەكی ئیداری سەر بەپارێزگای موسڵ و پارێزگای كەركوك و چەند یەكەیەكی ئیداری سەر بەپارێزگای دیالە و كوت، ئەم ناوچانە ڕووبەرێكی فراوان لەهەرێمی كوردستان پێك دەهێنن.

ئەم ناوچانە هۆكاری سەرەكی شكست هێنانی ئەو گفتوگۆو ڕێككەوتنانە بوون كە لەنێوان حكومەتی ناوەندی عێراق و جوڵانەوەی ئازادی خوازی گەلی كورددا ئەنجامدراون، لەوانە وەك ڕێككەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ی نێوان كوردو حكومەتی ناوەندی، كە دواتر ئەم ڕێككەوتننامەیە شكستی هێنا بەهۆی دابڕینی بەشێكی زۆری ئەو ناوچە كوردییانەی كە دەبوایە لەچوارچێوەی سنوری ئۆتۆنۆمی كوردیدا بوونایە كە لەساڵی ١٩٧٠دا بڕیاری لەسەر درابوو.

(4) المصدر نفسه، ص ٥٢

ئـەو ناوچـانەی کـە دابـڕان لەناوچـەی ئۆتۆنـۆمی گرنگییـەکی زۆریـان هەبوو لەڕووی ئابوورییەوە، چونکە دەوڵەمەند بوون بەمـەوادی سروشتیو کشتوکاڵیو هەروەها ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ بوو.

مێژووی سەردەمی ململانـێ ی نێـوان دەوڵـەتانو هەرێمـەکانی نـاوخۆی دەوڵـەتان زیـاتر دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی دەسـت بەسـەرا گرتنـی ئیـستیعماری لەمـەڕ دابـەش کردنـی هەرێمـەکان بـەپێی بەرژەوەندییـە ئابوریو سیاسییەکانی وڵاتانی ئیستیعمار بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندیو هەستو مافی گەلانی ئەو ناوچانە. بۆیە لەدوای سەربەخۆ بوونی زۆربـەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بەتایبەتیو وڵاتانی تر بەگشتی، ئەم کێشانە بـەبێ دەستنیشان کردنی رێگەچارەیەك ماونەتەوە، ئێستا مایەی دروست بـوونی گرژیـو ئـاڵۆزیو ململانـێن لـەنێوان ئـەو وڵاتانـەدا، چـونکە هەریـەك لـەو لایەنانە خۆی بەخاوەنی ئەو ناوچانە دەزانێ کە ململانێی لەسەرە.

گـەورەترین مەترسـی ئـەم ململانێیـە ئەوەیـە کاتێـك لـەناو سـنووری سیاسـی یـەك وڵا تـی سـەربەخۆدا روودەدات، چـونکە ئەبێتـە مایـەی دروستبوونی سەرهەڵدانی شەڕی نـاوخۆ، کـە ئەنجامەکـەی ئەوەیـە دەبێتـە هۆی دابەش بوونی وڵاتەکە.





**بەندی دووەم**:

## چۆنیەتی دروست بوونی دەوڵەتی عێراق

⋆ دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دروسـتکراوە ئەگەرچـی میزوپۆتامیا مەڵبەندێکی شارستانیەتی ناسراوەو شاری بەغدا مێژوویـەکی دوورودرێژی هەیە لەبنیادنانی شارستانیەتی ئیسلامیدا.(5)

⋆ دەوڵەتی عێراقـی نـوێ دوای جـەنگی یەکـەمی جیهـانی هاتـە کایـەوە، دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی شکستی هێنا کە عێراق وەکو سـێ ویلایـەت ((بەغـداو موسـڵ (واتـە کوردسـتانی باشـوور)و بەسـرە)) بەشـێك بـوو لەئیمپراتۆرییەتی عوسمانییـەکان. دابەشـکردنی وڵا تـی عوسمـانی بەشـێك بـوو لـەپرۆژەکانی هاوپـەیمانان کـە سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـاو دەستکەوتەکانیان دابەشکرد.(6)

دوای ئەوەی لە ١٩١٤/١١/٥ سوپای بەریتانی شاری بەسرەی گرتبـوو، پـاش ساڵێكو لە ١٩١٥/٦/٣ عەممارەو لە ٢٥/ی تـەموزی هـەمان سـاڵدا ناسریەشـی گرت، دواجار لـە ١٩١٧/٣/١١ دا بەغـدای گـرتو لەشکری عوسمـانی تـا شـاری موسڵ پاشەکشەی کرد.(7)

---

(5) ) نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و: عەتا قەرەداغی، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، ل ٧٠.

(6) صلاح سعدالله، المسألة الكردية فى العراق، الطبعة الثانية، دار المثنى للطباعـة والنـشر، بدون مكان للنشر، ٢٠٠٣ ص ٨٢.

(7) ) خەبات عەبدوڵلا، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیـای عەسـکەری کوردسـتانی باشـوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١٨٠.

★ لەجەنگی جیهانی یەکەمدا وڵاتانی هاوپەیمانان لەدژی دەوڵەتی عوسمانی وەستانەوە، ئەمەش بەهۆی بوونی ناوچەیەکی بەرفراوان لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دا، یەکێك لەو ناوچانە عێراق بوو، کە شوێنێکی جوگرافی و ستراتیژی گرنگی هەبوو بۆ دەوڵەتانی هاوپەیمانان بۆ لاواز کردنی دەوڵەتی عوسمانی، گرنگی ئەم ناوچەیەش لەلایەن بەریتانیاوە دەرکی پێ دەکرا کە یەکێك بوو لەوڵاتانی بەرەی هاوپەیمانان.

★ گەلی عێراق داگیرکردنی بەریتانیای رەتکردەوە، لە ۳۰ حوزەیرانی ساڵی ۱۹۲۰ شۆڕشی عێراق بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەڵگیرسا، لە ۱۱ی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۲۰ لەبەر رۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەی لەندەن لە ٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ۱۹۱۹ دا حکومەتێکی عێراقی کاتی بەسەرۆکایەتی عبدالرحمن گەیلانی پێکهێنرا.[8]

لەمایسی ساڵی ۱۹۲۱ دا لەژێر چاودێری (چەرچڵ)ی وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیادا (کۆنگرەی قاهیرە) دەربارەی عێراق بەسترا ، کە چەند باسێکی سەرەکی خرابووە روو، لەوانە باسی ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ تەختی پاشایەتی عێراق پاڵاوتبوو، هەروەها مەسەلەی کورد،[9] کە لەم کۆنگرەیەدا شازادە فەیسەڵ کوڕی حوسێن دەستنیشان کرا بۆ ئەوەی ببێتە پادشای عێراق، لەهەمان کاتیشدا ئینتیداب بسەپێنرێت بەسەر عێراقدا لەلایەن هاوپەیمانانەوە بەمەرجێك پەیماننامەیەك گرێ

---

[8] صلاح سعدالله، المصدر السابق و ص ۸۳.

[9] خەبات عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۸۲.





بدرێت لەم بارەیەوە لەنێوان عێراقو بەریتانیادا.[10]

★ حکومەتی کاتی عێراق بڕیارێکی وەرگرت لە (بەریتانیا) لە ۱۱ی تەموزی ۱۹۲۱ بەدانانی فەیسەڵ وەك مەلیکی عێراق، بەمەرجێك حکومەتێکی دەستووری، فرەیی، دیموکراتی پێکبهێنرێت کە پابەند بێت بەیاساوە.[11]

★ بۆ دروستکردنو بنیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز لەعێراقدا لەڕوانگەی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوریو ستراتیژییەکانی بەریتانیاو حکومەتی تازە دروست بووی عێراق، لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەدەوڵەتی عێراقەوە شتێکی پێویستو گرنگ بوو. ئۆفیسی بەریتانی لەهیند گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پارێزگاری کردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە عێراق ناگەیەنێتە ئەوەی کە بەدەوڵەتێکی زیندوو بمێنێتەوە ئەگەر ویلایەتی موسڵ نەخرێتە سنووری نێو ئەو دەوڵەتەوە.[12]

ئیدارەی ئیستیعماری بەریتانی هەر لەسەرەتاوە بەتایبەتیش لەسەر دەستی (ئارنۆڵد ویڵسن) کاری بۆ پێکەوەنانی ئیدارەیەکی عەرەبی کردووە لەعێراقدا، کە جگە لەهەردوو ویلایەتی بەسرەو بەغدا، ویلایەتی موسڵیش بگرێتەوەو ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا خۆیدا بێت.[13]

---

[10] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص ٨٤.

[11] المصدر نفسه، ص ٨٤.

[12] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.

[13] خەبات عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.

(كۆنگرەی قاهیرە) دەربارەی عێراق، ئیدارەی بەریتانی لەبەغدا، مەبەستی بوو كوردستانی باشوور بەدەوڵەتە عەرەبییەكەی بەغداوە بلكێنێ، ئەوەش بەبیانووی پێویستی بوونی ناوچەیەكی شاخاوی سەوزو هێڵێكی بەرگری لەباكوورو بەردەوام بوونی پێوەندییە بازرگانیو ئابورییەكانی نێوان كوردستانو عێراق.[14]

ئەدمۆنس، كە ئەفسەری پەیوەندی بوو لەو كۆمیتەیەدا كە كۆمەڵەی نەتەوەكان بۆ لێكۆڵینەوە لەكێشەی موسڵ لەساڵی ١٩٢٥ پێكیانهێنابوو، دەڵێت: (لەبەر هەندێ هۆی ئابووریو ستراتیژی بەسرەو بەغدا ناتوانن بێ موسڵ دەوڵەتێكی ماقوڵ پێكبێنن).[15]

لەبەر بوونی نەتەوەو رەگەزو مەزهەبی جیاواز لەچوارچێوەی سنووری سیاسی دەوڵەتی تازەی عێراقدا، كارێكی ئاسان نەبوو كە ئەم دەوڵەتە هەر لەسەرەتاوە بارودۆخێكی ئاسایی بەخۆیەوە ببینێت.

بۆ ئەوەی بارودۆخێكی یاسایی لەبار بۆ حكومەتەكەی فەیسەڵ بڕەخسێت بەریتانیا راپرسیەكی رێكخست بۆ شەرعیەتدان بەدانانی ئەمیر فەیسەڵ لەسەر كورسی فەرمانڕەوایی عێراق. كوردەكان بەشێكیان دەنگیان نەداو بەشەكەی تریشیان بەدژی فەیسەڵ دەنگیاندا.[16]

لەو دەنگدانەی لەمانگی ئابدا (ساڵی ١٩٢١) لەبارەی دانانی شازادە فەیسەڵەوە بەمەلیكی عێراق سازكرا، سلێمانیو ئەو شوێنانەی سەر بەوێن

---

[14] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

[15] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.

[16] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.





هەر لەبنەماوە بەشداریان نەكرد. كەركوكو ئەو شوێنانەش سەر بەوێن لەدژی شازادە دەنگیان دا، هەرچی كوردی هەولێریش لەگەڵ ناوچە كوردییەكانی سەر بەموسڵ دەنگیان بۆ سوودی فەیسەڵ دا بەمەرجێ مافە نەتەوەیی یەكانیان بپارێزرێت.[17]

بەڵام بێ گوێدانە ئەو خواستو داواكارییانەی كە كوردەكان لەویلایەتی موسڵ دا هەیان بوو، بەریتانیاو حكومەتی عێراق دەیانویست ئەو ویلایەتە بخەنە سەر دەوڵەتە تازە دروست بووەكەوە.

ئەوەبوو لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١ دا فەیسەڵی یەكەم كرا بەپادشای عێراق لەبەغداد و هەروەها عبدالرحمن گەیلانی بوو بەیەكەم سەرۆك وەزیری دەوڵەتی نوێی عێراق.[18]

بەریتانیا زۆر گرنگی دەدا بەچەسپاندنی دەسەڵاتێكی پاشایەتی بەهێزی سەر بەبەریتانیا لەعێراقدا. لەپرۆسەی پێكهێنانی حكومەتی نوێی لەعێراقدا، بەریتانیا هەوڵیدا بۆ لكاندنی كورد بەكۆمەڵگای نوێی عێراقییەوە، ئەویش بەقایلكردنی عەرەبە عێراقییەكان بەوەی كە هەندێ پۆستی بەرز لەحكومەتدا بدرێت بەكوردەكان، ئەگەرچی عەرەبەكان دژی ئەم نەخشەیە بوون چونكە بڕوایان بەكوردەكان نەبوو.[19]

---

[17] د. كمال مەزهەر ئەحمەد، هەڵوێستی مەلیك فەیسەڵی یەكەم لەمەسەلەی كورد لەعێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی كوردستان، ژمارە ٣ ساڵی هەشتەم، ئابی ٢٠٠٠، سلێمانی، ل ٦١ – ٦٢.

[18] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص ٨٤.

[19] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو ل ٧٢—٧٣.

كوردستانی باشوور كە زۆرینەی ناوچەی ویلایەتی موسڵی پێكدەهێنا لەساڵی ١٩١٨ بریتی بوو لەچوار لیوا كە ئەوانیش موسڵو كەركوكو سلێمانیو هەولێر بوون. ویلایەتی موسڵ گرنگییەكی زۆری هەبوو لەڕووی ستراتیژیەوە ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینیەوە كە رێگاكانی نێوان عێراقو توركیاو سوریاو ئێرانو باشووری یەكێتی سۆڤیەتی بەیەكەوە دەبەستەوەو، گرنگی یەكەی زیادی كرد دوای دۆزینەوەی نەوت تیای دا. كۆمەڵەی نەتەوەكان (عصبة الامم) لە ٣٠ی سبتەمبەری ساڵی ١٩٢٤ دا بڕیاری دا بەپێكهێنانی لیژنەیەك بۆ لێكۆڵینەوە لەكێشەی موسڵ.[20]

---

[20] د. حامد محمود عیسی، المشكلة الكردیة فی الشرق الاوسط منذ بدایتها حتی سنة ١٩٩١، القاهرة، ١٩٩٢ ، ص ٦٤.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

**خشتەی ژمارە (١)**

**( ئەنجامی راپرسی**

**لەسەر كردنی مەلیك فەیسەڵ بە پادشای عێراق لە پارێزگای كەركوك )**

| شوێن | رازی | نارازی |
| --- | --- | --- |
| شاری كەركوك | ٦٤ | ٢٧٨٦ |
| شارۆچكەكان | ١٩٧ | ٧٢٠ |
| ئاڵتون كۆپری | - | ١٥٠٠ |
| داقوق | - | ١٠٠٠ |
| مەڵحە(حەویجە) | - | ١٥٠٠٠ |
| شوان | - | ١٢٦٣ |

سەرچاوە: كریس كۆچێرا، كورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، و . حەمە كەریم عارف، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٣ ل ٩٢.

لە ١٦ی ینایری ساڵی ١٩٢٥ لیژنەكە گەیشتە بەغدا،[21] دواتر لیژنەكە لە ٢٧ی ینایری ١٩٢٥ گەیشتە موسڵ، بەگەیشتنی ئەوەی روون كردەوە كە دانیشتوانی ویلایەتەكە ئامادەییو ئارەزووی هاوكاری خۆیان بۆ لیژنەكە خستەروو سەبارەت بەپاشەڕۆژیان.[22]

لیژنەی ناوبراو ووردبوونەوەو توێژینەوەی خۆی لەكوردستانی عێراقدا

---

[21] خسرو گۆران، كورد لەپارێزگای موسڵ، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١٤ — ١٥.

[22] د. حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص ٦٦.

دەست پێكردو سەردانی كەركوك و سلێمانیو هەولێرو موسڵو قەزاو ناحیەكانی كرد، پاش ئەوەی ئەركەكانی خۆی بەجێگەیاند لیژنەكە بۆجنیف گەڕایەوە.[23]

لەدواییدا لیژنەكە راپۆرتێكی بەرز كردەوە بۆ ئەنجومەنی نەتەوەكان لە ١٦ی یۆلیۆی ساڵی ١٩٢٥. ئەوەی كە تایبەت بوو بەكورد لەراپۆرتەكەدا ئەمانە بوون:

(١) ٨/٥ی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بریتین لەكورد بەوەش رەگەزێكی گرنگ پێك دەهێنن لەناكۆكی یەكان دا، ئەوان نە توركن وە نە عەرەبن، كە جیاوازن لەتورك لەدابو نەریتو روخساری دەرەوەی لەشیاندا، كە نزیكترن لەكوردەكانی ئێران تاوەكو لەكوردەكانی توركیا، بەڵام ئێرانیش نین، ئامادەن بەژیانێكی ئارەزوومەندانە لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا بژین، كە لەویلایەتەكەیان دا دەژین.

(٢) عێراقی عەرەبی لەباكوورەوە لە (هیت - تكریت یان ناوچەی چیای حەمرین) زیاتر تێ ناپەڕێت.

(٣) لەهەموو سەرچاوە جوگرافیەكان دا، هەر لەهاتنی عەرەبەوە هەتاوەكو بەدەست هێنانی لێكۆڵینەوەی لیژنەكە لەساڵی ١٩٢٥، ئاماژە بەوە نەكراوە كە رۆژێك لەرۆژان ناوچەی ململانێ(ویلایەتی موسڵ) بەشێك بوو بێت لەعێراق، لەرابردوودا ناوی عێراق بەكار نەهێنراوە لەلایەن دانیشتوانی ویلایەتەكەوە وەكو ناوی وڵاتەكەیان، هەروەك شاری كەركوك كورد بنیادی ناوە، كە ئەم ناوچەیە نیشتیمانی گوتی یەكان بووە كە

[23] خسرو گۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.





نیشتەجێ ی ئەو ناوچانە بوون پێش هاتنی عەرەب لەدورگەی عەرەبەوە بەرەو باشووری عێراق.[24]

بەزۆرەملێو دوور لەخواستی خەڵكی كورد لەكوردستاندا، كوردستانی باشوور هێدی هێدی لكێنرا بەعێراقی دەوڵەتە عەرەبییە داتاشراوە دەستنێژەكەی ئینگلیزەوەو هەر بەفیتی بەریتانیا لەرۆژی ١٩٢٥/١٢/١٦ دا كۆمەڵەی نەتەوەكان بەرەسمی ویلایەتی موسڵ ـ كە بەشی هەرەگەورەی كوردستانی باشووری دەگرتەوە - بەعێراقەوە لكاندو لەو رۆژگارەشەوە دەوڵەتی ئێستای عێراق بەم قەوارەی ئێستایەوە پەیدابوو.[25]

دەوڵەتی توركیا لایەنێكی سەرەكی بوو لەیەكلایی كردنەوەی كێشەی ویلایەتی موسڵ، كە پێشتر ئەم ویلایەتە بەشێك بوو لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی كە دواتر دەوڵەتی توركیای كەمالی بووە میراتگری ئەو ئیمپراتۆریەتە.

لە ١٦ی كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٢٥داو بەپێی پلانێكی لەوەوپێش نەخشە بۆ كێشراوی بەریتانیاوە (هێڵی برۆكسل) كە سنووری ئێستای عێراق - توركیایە، كرا بەسنووری جیا كەرەوەی هەردوو دەوڵەت. پەرلەمانی توركیاش لە ٢٥ی كانونی یەكەمی هەمان ساڵدا بڕیاریدا، كە ویلایەتی موسڵ بەزۆر لەعێراق نەستێنێتەوە.[26]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توركیا دانی نەنا بەبڕیاری لكاندنی موسڵ

[24] د. حامد محمود عیسی، المصدر السابق ، ص ٦٩.

[25] خەبات عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥.

[26] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧ – ٧٨.

بەعێراقەوە هەتاوەکو گەیشتە رێککەوتننامەیەك لەگەڵ بەریتانیاو عێراق لە ٥ی یۆنیۆی ساڵی ١٩٢٦، کە دواتر لە ٨ی یۆنیـۆی سـاڵی١٩٢٦ دا لەئەنقـەرە مۆرکرا. لەرێککەوتنەکەدا دانی نا بە بەخشینی ویلایەتی موسـڵ بـەعێراق بەمـەرجێ پێـدانی ١٠٪ی نـەوتی ویلایەتەکـە بـەکۆمپانیای نـەوتی تـورکی بۆماوەی ٢٥ساڵ.[27]

بەم جۆرە دەوڵەتی عێراق لەسـەرەتای بیستەکانی سـەدەی رابـردوودا دوای ئەو کێشمە کێـشم‌و ئـاڵۆزی‌و نـاکۆکی یـە دەرەکـی‌و ناوەکییانـەی کـە هەبوون، دروست بوو.

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا، (پـاش حـەفتا سـاڵ لەدامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێراقـی پێداچـوونەوە بـەکیانی سیاسـی ئـەو دەوڵەتـە بووەتـە شـتێکی پێویست.[28]

---

[27] د. حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص ٧٠.

[28] فەریـد ئەسەسـەرد، لەبـەر یـەك هەڵوەشـانەوەی دەوڵەتـە فرەنەتـەوەکان‌و مەسـەلەی بەفیدراسیۆن کردنی عێـراق، گۆڤـاری سیاسـەتی دەولی، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی کوردستان، ژمارە ١، ساڵی دووەم، نیسانی ١٩٩٣، سلێمانی ل ٣١.






مەکتەبی بیروهۆشیاری

**نەخشەی ژمارە (١)**

**شوێنی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی وڵاتی عێراق**




المصدر : د.جزا توفیق طالب , اقلیم کوردستان العراق دراسة فی جغرافیة السیاسیة , رسالة دکتوراه , غیرمنشورة , قدمت الی مجلس کلیة العلوم الانسانیة فی جامعة السلیمانیة , سلیمانیة , ٢٠٠٤, ص٢٥٩

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## بەندی سێیەم:
## مێژووی ناوچەكانی ململانێ لەشۆڕشی شێخ مەحمودەوە تاوەكو ساڵی ١٩٦٩

جەنگی جیهانی یەكەم تەواو ببوو بەڵام هێشتا كوردستانی باشوور كە ویلایەتی موسڵ بەشی هەرە زۆری خاكەكەی دەگرتەوە، لەدەرەوەی چوارچێوەی داگیر كردنی سوپای بەریتانیادا بوو. بەریتانیا لە سۆنگەی بەرژەوەندییە ستراتیژیو ئابورییەكانیەوە دەمێك بوو لیك بەلالمۆزیدا دەچۆڕا بۆ گرتنی ویلایەتی موسڵ، كاتێكیش عوسمانییەكان لەساڵی ١٩١٩ز. بەیەكجاری وڵاتەكەیان چۆڵ كرد بەریتانیا بێ سێو دوو داگیری كرد.[29]

دوای ئەوەی بەریتانیا بەتەواوەتی دەستی گرت بەسەر ویلایەتی موسڵ دا، دوچاری كێشەو ململانێ بوو لەگەڵ گەلی كورد، كە ئەویش خۆی لەویستو داخوازیەكانی كورددا دەبینێتەوە بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتییەكانی لەچوارچێوەی ئەو ناوچانەی كە بەپێی بەڵگە مێژوویی‌و جوگرافییەكان بەخاكی كوردستان دادەنرێن.

چیرۆكی ململانێ لەم سەردەمەداو خەباتی گەلی كورد لەدژی بەریتانیا دوورو درێژەو پڕ لەكارەساتی خوێناویو دیبلۆماسیەتی پڕ لەساختەی ئینگلیزە ... هەنگاوو رێگەو شوێنو نەخشەكانی زۆر لەئەفسەرە سیاسییەكانی بۆ هەڵخەڵەتاندنی كورد بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەو گوڕەشەو هێز بەكارهێنانو داگیركردن رووی دووەمی سیاسەتی ئەوان

[29] خەبات عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٠.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

بووە بەرامبەر بەكورد. زیاتر لەوە، زۆرجار ئاڵۆزیو نادیاریو لاستیكی قسەو بەندو بڕگەكانی هەندێ بەیانو پەیمانو رێككەوتن، ئەوەیان دەردەخست كە سیاسەتێكی ئاشكراو نەخشەیەكی كۆنكریتی یان نەبێ، ئامانجەكانیان روونو ئاشكرا نەبن.[30]

بەریتانیا بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەنگاری پاشماوەكانی سوپای عوسمانی ببێتەوەو بەرژەوەندییەكانی لەناوچەی ستراتیژی كوردستانی باشووردا بپارێزرێتو مسۆگەر بكات، سەرەتا ناچار بوو دان بەحوكمداری شێخ محمود دا بنێت كە پێشتر عوسمانییەكان بەحاكمی سلێمانی یان دانا بوو.[31]

ئەگەرچی حكومەتی كوردستان، وەك بەناوەكەیو هەندێ راگەیاندنی شێخی گەورەدا (شێخ محمود) دیارە، رەنگە خۆی بەحكومەتی هەموو پارچەكان، یان هیچ نەبێ بەكاكڵەی حكومەتی سەرتاسەری كوردستان زانیبێ، كەچی لەهەر سێ دەورەكەیدا نەك هەر باشووری كوردستان (كوردستانی عێراقی ئەمڕۆ) بەڵكە ئەو ناوچانەشی نەگرتەوە كە بۆی دیاری كرابوونو بەرەچاو كردنی كۆمەڵێك هۆ بۆی هەڵنەكەوت ئەو ئاواتە بهێنێتە دی.[32]

[30] مەحمود مەلا عززەت، بازنەكانی ململانێو ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی كورد، چاپخانەی رەنج، چاپی دووەم سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٧.

[31] خەبات عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٠.

[32] صدیق صالح، حكومەتی كوردستان لەسلێمانی(١٩١٨ – ١٩٢٤)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٦.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ململانێ ی کورد لەسەر ئەو ناوچانەی کە یەکلایی نەکراونەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی، کە سەرەتای ئەم ململانێیە لەنێوان (شێخ محمود)و بەریتانیادا سەری هەڵداوە.

لەیەکەم حکومەتی کوردستاندا کە لە (١٩١٨/١١/١٧ – ١٩١٩/٦/١٨) درێژەی هەبوو، مێجەر نوئیل کە یەکەمجار هاتە سلێمانی بەئاشکرا رایگەیاند شێخ محمود حوکمداری هەرێمی نێوان رووباری سیروانو زێی گەورەیە. ئەم رێو شوێنە بەقسەی ویلسنی بریکاری حاکمی سیاسی بەریتانیا لەعێراق (کاتیەو، لەهەر وەختێکدا بوایە شیاوی چاو پیاخشاندنەوە بوو).

هەرێمەکە* لیواکانی سلێمانیو کەرکوکو هەولێری ئەگرتەوە، واتە قەزاکانی پشدەرو شارباژێرو هەڵەبجەو ناوەندی سلێمانی، و چەمچەماڵو کفریو تووزخورماتوو، ناوەندی کەرکوك، مەخمورو کۆیەو رانیەو شەقلاوەو راوەندوزو زێبارو ناوەندی هەولێرو، ناحیەی نێروەییەکانی قەزای ئامێدی لیوای موسڵ.

ئەوە سنوورەکانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوای بوون. لای باکوور بێگومان هەر بەسەرووی هەمان ئەو ناوچانەی پێشووی ویلایەتی موسڵ دوایی هاتووە، سنوری لای باشووریشی کەمو زۆر لەکفری تێنەپەڕاندووە. بەو پێیە قەزاکانی خانەقینو مەندەلیو بەدرە دەرهاوێژرابوون. دیاریکردنەکەی ویلسن گشتییەو ناوچەکانی بەوردی دەستنیشان نەکردووە، بۆیە دەسەڵاتی

* سنووری ئەو حکومەتە بوو کە ویلسن بۆ شێخ مەحمودی دیاری کردبوو.





یەکەم حکومەتی کوردستان، وەك روون بووەتەوە، بەگشتی هەر لەناوەندی سلێمانیو قەزاکانی رانیەو شارباژێرو چەمچەماڵو هەڵەبجەو ناوچەکانی قەرەداغو سەنگاو قەتیس بوو.[33] شێخ وەك مێجەرسۆن لەراپۆرتی ساڵانەی ساڵی ١٩١٩ یدا نواندوویە، ئەیویست قەڵەمرۆی دەسەڵاتی لەخانەقینەوە تا ناوچەی شەمزینانو لەچیای حەمرینەوە تا سنوری ئێران بێت. لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین دەسەڵاتی شێخ لەشوباتی ١٩١٩ دا بوو کە کفریو کەرکوکیشی گرتەوەو لەرەواندوزیش واوەتر چووە.

ئەگەرچی شێخ بەقسەی (نۆئێل) بەو پێیە ئەجولایەوە کە دەستووری پێ دراوە، حوکمی ناوچەکانی نێوان ئێرانو زێی گەورە بکات. کاربەدەستانی ئینگلیز لەمارتی ١٩١٩ دا (نۆئێل) یان لابردو (مێجەرسۆن) وەك حاکمی سیاسی خرایە شوێنی، ئەمەش بۆ کزکردنی دەستڕۆییو بچووککردنەوەی ناوەندەکانی دەسەڵاتی شێخ. سەرەتا کەرکوك لەو پێکهاتە ئیدارییە دەرهێنراو، کرایە لیوایەکی سەربەخۆ، کفری لەحوزەیرانی ١٩١٩ دا لێکرایەوە، هەولێر نەخرایە ناو حکومدارییەکەی شێخ، تا تشرینی یەکەمی ١٩١٩ بەشێکی لیوای موسڵ بوو، لە ١٩١٩/١١/١ ئەمجا کرایە لیوایەکی سەربەخۆ، قەزاکانی کۆیەو رەواندوزیشی پێوە بەستران. دەسەڵاتی شێخ (سۆن) وتەنی، دواجار هەر لەچوارچێوەی پانتاییەکی (٦٥٠٠ ـ ٧٠٠٠ کم٢)دا لەنێوان زنجیرە شاخەکانو چەند دەشتێکی نێوان بازیانو شارەزوورو هەندێ شوێنی رانیەو قەڵادزێدا، واتە لەشاخەکانی قەرەداغەوە تا ناوچەی


(33) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦ – ١٧.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**ئاکۆ، مایەوەو گیر بوو.**[34]

**نەخشەی ژمارە (٢)**

**نەخشەی ئەو هەرێمەی کە وڵسن بۆ حکومەتی شێخ مەحمودی دیاری کردووە**




**سەرچاوە : سدیق ساڵح ، حکومەتی کوردستان لەسلێمانی ساڵی ١٩١٨-١٩٢٤ ، سلێمانی ، ٢٠٠٣، ل ١٨ .**

---

(34) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠ – ٢١.





**دامەزراندنەوەی حکومەتی کوردستان لە ١٩٢٢/٩/٣٠ دا بۆ جاری دووەم، بەپلەی یەکەم بۆ بەرقەراربوونی هێمنی و ئاسایش بوو لەناوچە کوردنشینەکانو نەهێشتنی دەسەڵاتی تورکەکان بوو لەکوردستانی باشووردا.**[35] **لەبەرامبەردا ناوچەکانی کەرکوكو هەولێرو هەتا ئاکرێو گشت شوێنە کوردنشینەکانی ویلایەتی موسڵ ئەخرێتە سەر کوردستان.**[36]

**هەر لەبەر ئەمەش لەبەیانە رەسمییە دوو قۆڵییەکەی حکومەتی بەریتانیاو عێراقدا لە (٢٢ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢)دا ددانیان بەوەدا نا کە کورد مافی ئەوەی هەیە لەسنوری عێراقدا دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ.**[37]

**بەڵام لەڕاستیدا هیچ هەنگاوێکیان بۆ بەدی هێنانی ئەو حکومەتە نەنا، بەم شێوەیە ئەم دەورەیەش، سەرباری هەوڵدانی شێخ بۆ فراوان کردنی قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی تا ناوچەکانی کەرکوك، کەچی دەسەڵاتی هەر لەناوەندی سلێمانیو سەنگاوو قەرەداغو قەزاکانی هەڵەبجەو چەمچەماڵو رانیەدا مایەوە.**[38]

**دەورانی سێیەم حکومەتی کوردستان لەچاو دوو دەورانی پێشوودا،**

---

(35) خەبات عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣.

(36) سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(37) مەحمود مەلا عززەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(38) سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

پانتاییەکی زۆر تەسکترو بچوکتری بەدەستەوە بوو، چونکە زۆری قەزاو ناحیەکانی لێ کرایەوەو رێی نەدرا پەلیان بۆ بهاوێژێ. کاربەدەستانی ئینگلیز هەر لەتەمووزی ١٩٢٣ بەدواوە، کە شێخ کەوتە پێکهێنانی تەشکیلاتی نوێی حکومەت، رێو شوێنیان دانا بۆ جیا کردنەوەی قەزاکانی رانیەو قەڵادزێو چەمچەماڵو هەڵەبجەو (قەرەداغو سەنگاو) و ناحیەی ماوەتو دێهاتەکانی ساداتی سەرگەڵوو بەرِاستیش لێی قەدەغە کران، ئەم حکومەتەیش بەگشتی هەر حوکمی ناوەندی سلێمانیو قەرەداغو قەزای شارباژێری، بەبێ ناحیەی ماوەت، کردووە.[39]

[39] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥-٢٧.






مەکتەبی بیروهۆشیاری

**نەخشەی ژمارە (٣)**

**((نەخشەی ئەو ناوچانەی کەیەکەم و دووەم حکومەتی کوردستان لەسەردەمی شێخ مەحموددا دەیگرتنەوە لەساڵی ١٩١٩ -١٩٢٢**





سەرچاوە : سدیق ساڵح، حکومەتی کوردستان لەسلێمانی (١٩١٨ ــــ ١٩٣٤)، سلێمانی ٢٠٠٣ ، ل ١٩ ـ ٢٠ .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### نەخشەی ژمارە (٤)

**((نەخشەی ئەو ناوچانەی سێیەم حکومەتی کوردستان لەسەردەمی شێخ مەحموددا دەیگرتەوە ساڵی ١٩٢٣**




**سەرچاوە: سدیق ساڵح، حکومەتی کوردستان لەسلێمانی (١٩١٨ ـــ ١٩٢٤)، سلێمانی ٢٠٠٣ ، ل ٢٦ .**





مەکتەبی بیروهۆشیاری

**جێبەجێ نەکردنی خواستو داواکانی شۆڕشی کورد لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە لەمەڕ دیاریکردنی سنووری ناوچە کوردنشینەکانو مافی نەتەوەییانو دانانی ئەو ناوچانە بەیەکەیەکی ئیداری سەربەخۆ لەچوارچێوەی عێراقدا وای کردووە کورد درێژە بەشۆڕشو راپەڕین بدات.**

**نارەزایی نەتەوەی کورد لەدەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢٩ دائاشکرا بوو، بەتایبەت کاتێك کە (٦) نوێنەری کورد پێشنیازێکیان بۆ دەوڵەتی بەغداد ناردو داوای پێکهێنانی یەك یەکەی ئیدارییان کرد بۆ تەواوی ناوچە کوردنشینەکان، وەڵامی نەرێی سەرۆك وەزیرانی عێراقو بیرهێنانەوەکەی نوێنەری بەریتانیا کە رێگاچارەیەکی بنەڕەتی بۆ مەسەلەی کورد لەخۆ نەگرتبوو، بۆیە شۆڕشێکی مەزنی لەناوچەکەدا هەڵگیرساند. ئەم شۆڕشە لەساڵی (١٩٣٠ ـ ١٩٣٣) بەرێبەری ماوەیەك شێخ مەحمودو شێخ ئەحمەدو مەلا مستەفای بارزانی .... بەردەوام بوو، لەساڵی (١٩٣١) دا دەکەس لەکەسایەتییە بەرجەستەکانی سلێمانی داوایان لەکۆمەڵەی نەتەوەکان کرد تا پشتیوانی لەپێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی جیا لەعێراقدا بکات.[40]**

**قۆناغێکی تر لەململانێو شەڕ دەستی پێکرد لەنێوان کوردو حکومەتی عێراقی لەمەڕ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد. ئەمەش بووە مایەی**

---

[40] **د.جویس بلو، دۆزی کورد ـ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وسۆسیۆلۆجی، و.کارزان محمد، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٧٩ – ٨٠.**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

راپەڕینی بارزانییەکان لەساڵی ١٩٤٣ بەرابەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی، دوای زنجیرەیەك شەڕو پێکدادان لەنێوان بارزانییەکانو حکومەتی ناوەندی کە لەوکاتەدا (نوری سەعید) سەرۆك وەزیران بوو، هەردوولا (کوردو حکومەتی ناوەندی) گەیشتنە پەیوەستنامەیەکی سەرەتاییو ناوەرۆکەکەی بەم جۆرە بوو:

(رێکخستنو پێکهێنانی ویلایەتێکی کوردستان کە پارێزگاکانی کەرکوكو سلێمانیو هەولێرو چەند قەزایەك لەهەردوو پارێزگای موسڵو دیالە لەخۆ بگرێت کە چەند شارو ناوچەیەکی کوردی تیایاندا هەیە.

وەکو دهۆكو ئاکرێو شێخان، شەنگارو زاخۆو ئامێدی لەپارێزگای موسڵ ، وە خانەقینو مەندەلی لەپارێزگای دیالە. وێڕای ئەمە (میرزادە عبداللە) لەگەڵ چەند وەزیرێکی تر کە لەسەر عەرشی عێراق بوون ناڕەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەم رێککەوتننامەیە، بەم جۆرە نوری سەعید ناچار بوو ١٩٤٤/٦/٣ دەست لەکار کێشانەوەی خۆی رابگەیەنێت حکومەتێکی نوێ لەبەغدا هاتە ئاراوە بەسەرۆکایەتی (مزاحم الباچەچی) بۆیە راگەیەنرا کە هیچ وابەستە نین بەناوەڕۆکی ئەو رێککەوتننامەیەوە، دیسانەوە پەنا برایەوە بەر هێز بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانو چارەسەر کردنی.[41]

لەپێش ئەم پەیوەستنامەیەوە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، مەلا مستەفای بارزانی بەناوی شۆڕشی کوردەوە یاداشتێکی پێشکەش کردووە بەحکومەتی عێراق لەسەرەتای کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٤ کە

---

[41] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص ٨٩.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

داواکاریەکانی بەم شێوەیە بوو:

(ویلایەتێکی کوردستان پێکبهێنرێت لەویلایەتەکانی کەرکوكو سلێمانیو هەولێرو ئەو شارۆچکە کوردییانەی لەلیوای موسڵو زاخۆو ئامێدیو دهۆكو ئاکرێو شەنگار دەگرێتەوە، هەردوو قەزای خانەقینو مەندەلی لەپارێزگای دیالەی لەگەڵدا بێ)[42] لەم ووتووێژەدا چەندین سەرکردەی باڵا دەست لەهەردولا بەشدارییان کردووە، بەڵام سستی لەبەڕێوەچوونی وتووێژەکان بەڵگەیەك بوو، ئەوەی نیشان ئەدا کە جیاوازیو کێشەکان لەنێوان هەردوولادا هەیە زۆر قوڵە بەتایبەتی جیاوازی سەبارەت بەچەند بارێکی گرنگ، لەوانە شاری کەرکوك، کە دەوڵەمەندە بەنەوت.[43] دوای ئەوەی لەکودەتایەکدا لە ١٩٥٨/٧/١٤ رژێمی پاشایەتی عێراق رووخاو رژێمێکی کۆماری راگەیەنرا، گەلی کورد بەئومێدەوە چاوەڕوانی پێشهاتو ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییەی دەکرد.[44]

کاتێك عەبدولکەریم قاسم جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت گفتی دا کۆمارێکی دیموکرات لەوڵاتدا دابمەزرێنیو مژدەی خولێکی ئومێد بەخشیان بەکوردان دا.[45]

---

[42] د. محمد عمر مولود، الفدرالية وامكانية تطبيقها فى العراق، مطبعة وزارة التربية، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠، ص ١٤٥.

[43] المصدر نفسه، ص ١٣٨.

[44] غەفور مەخموری، بەعەرەب کردنی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٧.

[45] دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٦٢٥.

بەڵام شۆڤێنیەکانی عەرەب نەیانهێشت ئومێدەکانی کورد بێنەدی. زوڵم‌و زۆری رژێمی عێراق‌و سوپاکەی رۆژ بەرۆژ لەبەرامبەر کورد روو لەزیاد بوون بوو، بۆیە گەلی کوردیش وەك وەڵامێك‌و بەرەنگار بوونەوەیەك دەستی بەشۆڕش کرد لە ١٩٦١/٩/١١ شۆڕشی ئەیلول بەڕێبەرایەتی مەلا مستەفای بارزان هەڵگیرسا.[46]

شەڕو پێکدادان راگیرا لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردو سەرکردایەتی تازەی حکومەتی عێراقی دوای ئەوەی لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا لەرێی ی کودەتایەکەوە بەسەر عەبدولکەریم قاسم دا دەسەڵاتیان گرتە دەست، لەسەر بانگهێشتی مەلا مستەفا (کۆنگرەی کۆیەی نیشتیمانی) بەسترا بۆ دەستنیشان کردنی داواکارییە رەواکانی گەلی کورد، وە وەفدێك پێکهێنراو نێردرا بۆ بەغدا، بارزانی ئەم وەفدەی راسپارد کە داواکارییە رەواکانی بخاتە بەردەستی حکومەتی نوێی عێراق کە ئەمەش ناسرابوو بە "مشروع الاكراد المعدل" کە تیایدا هاتووە: (ناوچەی کوردستان دەستووری تایبەتی هەبێ، هەروەها ناوەڕۆکی پڕۆژەکە ئەو رەگەزو دەرامەتانە بگرێتەوە کە دارایی ناوچەکە پێك دێنێت) بەپێی ئەم پڕۆژەیە ناوچەکانی لیوای سلێمانی‌و کەرکوك‌و هەولێرو ئەو قەزاو شارۆچکانە دەگرێتەوە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن لەهەردوو لیوای موسڵ‌و دیالە.[47] مەلا مستەفا داوای کرد بەزوویی‌و بەرەسمی ئۆتونۆمی

---

[46] غەفور موخموری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧ — ٢٨.

[47] حبیب محمد کریم، کرکوك – بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك، اربیل، ٢٠٠١، ص ٢٦٠.





کوردستان رابگەیەنرێ‌و چاڵە نەوتییەکانی کەرکوك بگرێتەوە.[48] سەرەتایی ئەم ووتووێژە لەئازاری ١٩٦٣ لەبەغداد دەستی پێ کرد لەنێوان هەردوولادا، لەبەرئەوەی داواکارییەکانی کورد بەدڵی حکومەت نەبوو، سەرەڕای نەبوونی نیازپاکی حکومەت بەتەواوی، بۆیە ئەم ووتووویژە تەنگژەی تێکەوت.[49]

جارێکی تر حکومەت وەفدێکی دیکەی بۆ لای مەلا مستەفا ناردەوە کە وەفدەکە پێ ناخۆشی خۆی راگەیاند کە کەرکوك قابیلی گفتوگۆکردن نییە، ئەم داخوازییانەی گەلی کورد گەلێ لەو ئیمتیازاتانە زۆرتر بوو کە حکومەت ئامادەی قبولڵ کردنیان بوو، بۆیە لەمانگی حوزەیران رۆشن بوو کە دانوستان گەیشتبووە بنبەست، بەڵکو دەست پێکردنەوەی شەڕ شتێکی مسۆگەر بوو.[50]

دووبارە شەڕو پێکدادان لەنێوان کوردو حکومەتی ناوەندی دەستی پێکردەوە بەڕابەرایەتی بارزانی. ئەم شەڕانەو جەماوەریش لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی رژێمی هەراسان کردبوو، ئەمانە وایان کرد رژێمی عێراق وەك تاکتیکێك‌و بۆ خۆگرتنەوەی لە ١٩٦٤/٢/١٠ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان کەوتە گفتووگۆوەو ئاگربەستی راگەیاند.[51]

لەناوەڕۆکی رێککەوتنی ئاگربەستی دووەمدا هیچ بەندێکی

---

[48] دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤٨.

[49] حبیب محمد کریم، المصدر السابق، ص ٢٦٠.

[50] دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤٩.

[51] غەفور مەخموری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

نەگرتبووەخۆ کە ئاماژە بەپارێزگای کەرکوك بکات. بەڵام سەبارەت بەرێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ کە لەنێوان کوردو حکومەتی عبدالرحمن عارف دا بەسترا ئەمجارەش دیسان بەهیچ شێوەیەك باسی پارێزگای کەرکوك نەکراوە، بەڵکو تەنها چەند شتێکی گشتی تیادا خرابووە ڕوو لەوانە دانانان بەبوونی نەتەوەی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا کە دوو نەتەوەی سەرەکی تێدا دەژی هەردوو نەتەوەی ناوبراو لەئەرك و مافەکانیاندا یەکسانن.[52]

کاتێ بەعس لەساڵی ١٩٦٨ جارێکی دیکە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت یەکێك لەئامانجەکانی، چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە بوو، ئەم بڕیارە لەسەر بنەمای هیچ جۆرە ئیلتزامێك بەرانبەر مافەکانی کورد دانەمەزرابوو، بەڵکو لەسەر بنەمای بەهێزکردنی هەڵویست و پێگەی خودی بەعس بنیات نرابوو.[53]

لەبەر ئەوەی تازە هاتبوونە سەر حوکم و بۆ سەرخستنی زیاتری کودەتاکەیان لەگەڵ کورد کەوتنە گفتوگۆ.[54]

مەسەلەی کەرکوك بەپلەی یەکەم هاتووە لەداواکارییەکانی سەرکردایەتی کورد لەگفتوگۆکەدا.[55]

بەڵا م لەگەڵ ئەوەشدا بەعس بەشێنەیی کاریان بۆ بەعەرەبکردنی

---

[52] حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٦١.

[53] دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧٢.

[54] غەفور مەخموری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

[55] حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٦١.





کوردستان دەکرد، هەوڵیان دەدا ئەو شارانەی کە لەڕووی نەوت و کشتوکاڵەوە دەوڵەمەندن، ڕێژەی کوردی تیا کەم کەنەوە بۆ ئەم کارەش پەنایان دەبردە بەر دابڕینی ئەو ناوچانەی کە پلانی بەعەرەبکردن بەتەواوەتی تیایاندا جێبەجێ نەکراوەو زۆربەی دانیشتوانی هەر بەکوردێتی مابوون وەکو ئەوەی کە چەند ناوچەیەکیان لەپارێزگای موسڵ و پارێزگای کەرکوك دابڕی. بەعس بەم شێوەیە بەردەوام بوو لەکاری خۆی تا ١٩٧٠/٣/١١ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان بەڕێبەرایەتی بارزانی ڕێککەوت و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ یان ڕاگەیاند.[56]

گەلی کورد بەردەوام بێ بەش بووە لەمافە نەتەوەییەکانی هەتا دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ یشەوە، هیچ جیاوازیەك نەبوو لەنێوان سەردەمی قاسم و سەردەمی بەعس و ماوەی دەسەڵاتی هەردوو عارف.

گەلی کورد هەتا ئەو کاتەش کە چەکی هەڵگرتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی، تاکە ڕێگای چارەسەر کردنی ئەم کێشەیەی لەشۆڕشی چەکداریدا نەیبینیوەتەوە، بەڵکو بە بەردەوامیی و چەند بارە هەوڵی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەبێ ڕژاندنی خوێن، ئەمەش لەداواکارییەکانی دا دیارە کە داوای گەورەی نەبووە جگە لەسادەترین شێوەکانی ئۆتونۆمی، ئەگەرچی لەهەمان کاتدا مافی ئەوەی هەبوو کە بڵێت: ئەم گەلە گەلێکی سەربەخۆو جیاوازەو مافی ئەوەی هەیە داوای

---

[56] غەفور مەخموری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

جیابوونـەوەی تـەواوەتی بکـات بـەپێی پرنـسیپی (مـافی دیـاری کردنـی چارەنوس بۆ گەلان) دا، کە ئەمەش بەرازی نەبوون و لێ تێنەگەیشتنی ئەم راستییانە لەلایەن حکومەتەکانی عێراقەوە بـەردەوام پـەلی هاویـشتووە بۆ بەکارهێنانی ئاگرو ئاسن بۆ خنکاندنی دەنگی گەلی کورد.(57)

(57) د.كـاوس قفطـان، الحركـة القوميـة التحرريـة الكرديـة فـی كردسـتان العـراق ١٩٥٨ – ١٩٦٤، الطبعة الاولى، سليَمانية، ٢٠٠٤ ص ٢٦٨ – ٢٦٩.

مەکتەبی بیروهۆشیاری





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەندی چوارەم:
## ناوچەکانی ململانێ لەگفتوگۆی ١١ی ئازاری ١٩٧٠

کاتێـك حکومـەتی (ئەحمـەد حەسـەن بـەکر) بـۆی دەرکـەوت کـە چارەسەری سەربازی بۆ کێشەی کورد هـیچ ئـەنجامێکی نییـە، جارێکی تـر داوای دەسـت پـێ کردنـەوەی گفتوگـۆی کـردەوە لەگـەڵ مـەلا مـستەفادا. لەناوەڕاسـتی کـانونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٦٩ دا گفتوگـۆ دەسـتی پێکـردەوە بەشێوەیەکی جددی.(58) لەسـەرەتای شـوبات (١٩٧٠)دا رێککەوتننامەکـە بـۆ ئیمزاکـردن ئامـادە بـوو.(59) ئاکـامی ئـەم گفتوگۆیـەش گەیـشتبوون بەبڵاوکردنەوەی بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠.(60)

بەیانی ١١ی مارسی ١٩٧٠ گرنگترین هەوڵی سیاسی بوو لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بـۆ چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـورد لەعێراقـدا بەشـێوەیەکی ئاشتییانە. رەنگە گرنگی سیاسـییانەی ئـەم بەیانـە لـەوەدا دەربکـەوێت کـە سێ ڕاستی بنەڕەتی دەرخستبوو، کە ئەوانیش: پارێزگاری کردن لەیـەکێتی خـاکی عێـراق و پێـدانی مافـە نەتەوایەتییـەکان بـەکوردو دانانـان بەبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد دا.(61)

(58) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨.
(59) دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧٧.
(60) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨.
(61) د. حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص ٢١٨.

حکومـەتی عێـراق لـە ١١ی مارسـی سـاڵی ١٩٧٠ "یاسـای ئۆتونـۆمی "بـۆ ناوچەی کوردی دەرکردو بەمەبەستی جێبەجێ کردنی بەیانی ١١ی مارسی ساڵی ١٩٧٠.[62] لەگەوهەری بڕگەکانی ئـەو ڕێککەوتننامەیـەدا زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکرا کە پارێزگاکانی کوردستان یـەك بخـرێنو دەسـەڵاتێکی ئیـداری یـەکگرتوو بـن، هـەروەها بـاس لـەوەش کـراوە کـە سـەرژمێری دانیـشتوان بکرێـت لـەو ناوچـانەدا وەکـو کـەرکوكو خانـەقینو مەنـدەلیو شەنگارو لەماوەی یەك ساڵدا بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی نەتـەوەییانو لکاندنیان بەناوچەکانی تری کوردستانەوە.

وەك یـەك یەکـەی ئیـداری، هـەروەها لـەناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکـەدا بڕگەیەکی نهێنی تێـدا بـوو کـە داوا دەکات سـەرژمێرییەکی هەمـە لایەنـە لەعێراقـدا بکرێـت لـەماوەی یـەك سـاڵ دەسـت بـەجێ دوای ئیمزاکردنـی پەیماننامـەی ئـازار بـۆ دەستنیـشان کردنـی ئـەو ناوچـانەی کـە زۆرینـەی دانیشتوانەکەی کوردە، بەپشت بەستن بەسـەرژمێری گـشتی سـاڵی ١٩٥٧ کـە ببێتە بنەمایەك بۆ ئەوە.[63]

حکومەتی عێـراق داوای کـرد لەسـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد بـۆ دیـاری کردنــی مــاوەی ٤ ســاڵ بــۆ جێبــەجێ کردنــی ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــازار وەجێبەجێ کردنی "یاسای ئۆتونۆمی".[64]

ئەو سەرژمێرییەی نەخشەی بۆ دانـرا کە لـەکانونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٧٠

---

[62] المصدر نفسه، ص ٢٣١

[63] حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٢٦١.

[64] د. محمد عمر مولود ، المصدر السابق، ص ١٧٣.





ئەنجام بدرێت، بەڵام بەرازی بوونی ئاشکرای هەردوولا دواخرا بـۆ بـەهاری ١٩٧١ بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی بۆ ئامادە بکرێت.[65]

## خشتەی ژمارە ( ٢ )

" پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك بە پێی سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧ "

| نەتەوە | ناوشاری کەرکوك | | قەزاو ناحیەکان | | سەرجەمی گـشتی لەسـەر ئاستی لیواکە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەژمارە | بەرێژە | بەژمارە | بەرێژە | بەژمارە | بەرێژە |
| کورد | ٤٠٠٤٧ | ٣٣,٢٦ | ١٤٧٥٤٦ | ٥٤,٩٦ | ١٨٧٥٩٣ | ٤٨,٢٤ |
| عەرەب | ٢٧١٢٧ | ٢٢,٥٣ | ٨٢٤٩٣ | ٣٠,٧٣ | ١٠٩٦٢٠ | ٢٨,١٩ |
| تورکمان | ٤٥٣٠٦ | ٣٧,٦٢ | ٣٧٠٦٥ | ١٤,١٨ | ٨٣٣٧١ | ٢١,١٤ |
| ئاشوری | ١٥٠٩ | ١,٢٥ | ٩٦ | ٠,٠٣ | ١٦,٥ | ٠,٤١ |
| سەرجەم | ١٢٠٤٠٢ | | ٢٦٨٤٣٧ | | ٣٨٨٨٣٩ | |

المصدر: فريد اسسرد، المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقيـة، السليمانية، ٢٠٠٤، ص٢١٢ — ٢١٣.

لـەم ماوەیـەدا چـەندین کێـشە هاتـە ئـاراوە کـە بـووە مایـەی دروسـت بوونی بۆچوونی جۆراوجۆر لەنێوان هەردوولادا سەبارەت بەشاری کەرکوك کە دەوڵەمەندە بەنەوت هەروەها قەزاکانی خانەقینو مەنـدەلیو شـەنگارو شـێخان،[66] چـونکە بـەپێی دەقـی مـادەی (٣) لەڕێککەوتننامەکـەدا باسـی

---

[65] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

[66] د. محمد عمر مولود ، المصدر السابق، ص ١٧٣.

ئەوە دەکات کە ویلایەتێکی کوردستانی فیدراڵ(ئۆتۆنۆمی) پێکبهێنرێت لەپارێزگاکانی کەرکوك‌و سلێمانی‌و هەولێرو دهۆك‌و قەزاکانی شەنگارو شێخان‌و ئاکرێ‌و حەمدانیەو تەلکێف‌و خانەقین‌و مەندەلی بێجگە لەشارۆچکەی بەلەدروزو شارۆچکەی مەنصوریە.[67] ئەو سەرژمێرییەی کە بڕیار بوو لەبەهاری ساڵی ١٩٧١ دا ئەنجام بدرێت لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.[68]

خۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق لەساڵی ١٩٧٢ دا زیاتر پەیوەندییەکانی نێوان کوردو عێراقی ئاڵۆز کرد، چونکە کاری لەباری ناوچە نەوتییەکانی کەرکوك کرد،[69] ئەمەش ترس‌و نیگەرانی کوردەکانی زۆرتر کرد، کوردەکان لەوە دەترسان کە نەوتی (کوردی) کەرکوك ببێتە (نەوتی عەرەبی).[70]

مەلا مستەفا لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کە کەرکوك‌و ناوچە نەوتییەکانی باکوور دەکەونە سنووری هەرێمی ئۆتونۆمی کوردییەوە.[71]

حکومەتی عێراق رازی بوو بەبەڕێوەبردنی هاوبەش لەناوچەی کەرکوك‌و دەوروبەری‌و خانەقین‌و شەنگار، بەڵام حکومەت هیچ شتێکی جێبەجێ نەکرد لەبارەی بەڕێوەبردنی هاوبەش لەناوچەکانی ململانێ دا،

---

(67) المصدر نفسه، ص ١٥١.

(68) دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨٢.

(69) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥

(70) دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨٤.

(71) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.





سەرەڕای ئەمە کۆماری عێراق بەپێی رێککەوتننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ پێکهاتبوو لە ١٦ پارێزگا، کە ٤ لەوانە لەکوردستاندا بوون، ئەوانیش سلێمانی‌و هەولێرو دهۆك‌و کەرکوك بوون، سێ پارێزگای یەکەمیان لەسنووری ناوچەی ئۆتونۆمیدا بوون، تەنها (دهۆك) نەبێت کە نیوەی دەکەوتە سنووری کوردستانەوە، ناوچە کوردییەکانی موسڵیشی لەگەڵ بوو کە ئاکرێ‌و شێخان‌و شەنگار بوون، ئەو ناوچەیەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون لەزەممارو تەلەعفەرو رەتل کوشك‌و فیشخاپور کە دەکەونە باکووری رۆژئاوای موسڵەوە، هەمووی لەسەر پارێزگای دهۆك بوون.[72]

حکومەتی عێراقی ئامادە نەبوو تەواوی بڕگەکانی رێککەوتننامەی ئازار جێبەجێ بکات وەك ئەوەی کە هەردوولا لەسەری رێککەوتوو بوون، لایەنی کوردیش سوور بوو لەسەر جێبەجێ کردنی تەواوی بڕگەکانی رێککەوتننامەکە لەو ماوەیەی کە دیاری کرا بوو بۆ جێبەجێ کردنی.

سەرجەمی ناوچەکانی موسڵ‌و ناوچە نەوتییەکانی کەرکوك‌و ناوچەکانی خانەقین‌و مەندەلی ناوچەی سەرەکی بوون لەپرۆگرامی بەعەرەب کردندا کە رژێم نەخشەی بۆ دانا بوو.[73]

هەندێ لەماددەکانی رێککەوتننامەکە جێبەجێ کرابوون، بەڵام کەمترخەمی لەجێبەجێ کردنی ماددەکانی (٨ و١٤)ی پەیوەست بەگەڕانەوەی گوندنشینە کوردەکان بۆ شوێنی دانیشتنی پێشوویان‌و

---

(72) د. حامد محمود عیسى، المصدر السابق، ص ٢٣٢.

(73) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤ – ١٠٥.

بەعەرەب كردنی زاڵمانەی ناوچەكانی كوردستان، جێبەجێ نەكران.[74] حكومەتی بەعس لە١٢ی كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٧٣دا نەخشەیەكی نوێی بۆ ئۆتونۆمی كوردی پێشكەش كرد، بەڵام ئەو نەخشەیە بەپێی بۆچوونەكانی پارتی كەموكورت بوو، نارەزا بوونی بنەڕەتی پارتی لەسەر ئەو نەخشە پاكژ كراوەی ئۆتونۆمی لەبەرئەوە بوو كە حكومەت سوور بوو لەسەر ئەوەی كە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ بەكار بهێنێت بۆ دیاری كردنی سنوورەكانی هەرێمی ئۆتونۆمی كوردستان، ئەم قسەیەش پێشتر لەلایەن مەلا مستەفاوە رەت كرابووەوەو لەگەڵ بەندی ١٤ی بەیانی ئازار نەدەگونجا كە ئەو بەندە دەیگوت دەبێت سەرژمێرییەكی نوێ بكرێت بۆ دیاری كردنی قەوارەی دانیشتوانی كورد.[75] حكومەت یەكلایەنە لای خۆیەوە نەخشەكەی گۆڕی‌و ئیعلانی نەخشەیەكی نوێی ئۆتونۆمی بۆ كوردستان لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤دا كرد. یاسای ئۆتونۆمی ساڵی ١٩٧٤ هەمان ئەو ناوچانەی خود بەڕێوەبردنی ساڵی ١٩٧٠ی دەگرتەوە، یاسای ئۆتونۆمی دیاری كردنی سنوورەكانی بەجێ هێشت بۆ سەرژمێرییەك "هەتا ئەو سەرژمێرییە بڕیار بدات " بەڵام ئەوەی ئاشكرا بوو كە كەركوك لەسنوری هەرێمی ئۆتونۆمی دا نەبوو، سلێمانی‌و هەولێرو دهۆك بوون بەناوچەی سەرەكییەكانی هەرێمی ئۆتونۆمی‌و هەولێر بەپایتەختی هەرێمی كوردستان دانرا. كاتێك حكومەت داوای لەمەلا مستەفا كرد هەولێر بەمەڵبەندی بەڕێوەبەرایەتی ئۆتونۆمی كوردستان دابنرێت نەك كەركوك،

---

(74) دیڤید ماكداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨٧.

(75) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥.





كورد نەخشەكەی حكومەتیان رەتكردەوە.[76] هەروەها چەند ناوچەیەك دوورخرانەوە وەكو خانەقین‌و مەندەلی‌و شەنگارو شێخان‌و چەندین شارۆچكەی كوردستان لەچوارچێوەی ناوچەی ئۆتونۆمی.[77] بیروبۆچونی هەردوولا سەبارەت بەناوەڕۆك‌و سنووری ناوچەی ئۆتونۆمی جیاواز بوو، هەرلایەكیان پرۆژەیەكی ئامادە كردبوو، هیچ لایەكیان بەپرۆژەی لایەكەی تر رازی نەبوو.[78]

كێشە لەنێوان گەلی كوردو حكومەتی بەعس لەسەر سنووری هەرێمی كوردستان‌و دەسەڵاتی ئۆتونۆمی هەرمایەوە. كێشەی سەرەكی لەسەر كەركوك‌و خانەقین بوو، ئەودەمە سەدام حوسێنی جێگری سەرۆكی عێراقی، ئامادەیی دەربڕی لەسەر دابەشكردنی كەركوك بەپێی رووباری "خاسە" كە بەناوەڕاستی كەركوكدا تێ دەپەڕێ، بەڵام لایەنی كوردی ئەم پێشنیازەی رەتكردەوەو داوای كرد كار بەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ بكرێ سەبارەت بەكەركوك وەك جێبەجێ كردنێكی یاسای حكومەت كە دەڵێ: كوردستانی ئۆتونۆمی هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە كە زۆرینەیان كوردن.[79] بەپێی ئەو سنوورەی كە لەساڵی ١٩٧٤ دا بۆ ئەو ناوچانەی

---

(76) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٥ – ١٠٦.

(77) د. محمد عمر مولود، المصدر السابق، ص ١٣٨ – ١٣٩.

(78) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەكان یەكتری دەشكێنن _ دیوی ناوەوەی رووداوەكانی كوردستانی عێراق ١٩٧٩ -١٩٨٣، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٨٨ ل ١١٢.

(79) جەوهەر كرمانج، كوردستان فیدراڵیەكی باڵایە زۆرانبازی لەگەڵدا ناكرێ، گۆڤاری رێبازی نوێ ژمارە ٣٢ سلێمانی، ئازاری ٢٠٠٤، ل١٦٨ -١٦٩.

ئۆتونۆمی دانراو بەعس بەکوردستانی لەقەڵەم دا، تەنیا (٣٦٣٤٧ کچگ) ی لەو رووپێوە هێشتەوە کە مەڵبەندەکانی هەرسێ پارێزگای سلێمانیو هەولێرو دهۆك، بیستو یەك قەزاو، حەفتا ناحیەی لەخۆ گرتووە، بەمەش زۆرتر لە (٤٨٦٥٣ کچگ) ی لەخاکی کوردستانی باشوور دابڕیو هەموو ناوچە ستراتیژییەکانی کەرکوكو موسڵو خانەقینو دەوروبەریانی لەسنووری ناوچەی ئۆتونۆمی دەرهێناو بەخاکی عەرەبی لەقەڵەم دانو بەکاوە خۆ کەوتە تەعریب کردنیان.[80] گەورەترین کەموکورتی بەیانی ئازار سەرباری شکست لەجێبەجێ کردنی مەبدەئییانەیدا دا بریتی بوو، لەسەرنەکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە لەدیاریکردنی ووردی جوگرافی ئەو ناوچەیەی کە بەندەکانی ئۆتونۆمی دەیگرتەوە.[81] ئەگەر حیزبی بەعسو پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتنایە لەسەر ماددەی ١٤ لەبەیانی ١١ی مارسی ساڵی ١٩٧٠ لەپرۆژەی "ئاماری دانیشتوان " ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبووە بنەڕەت بۆ دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە ناوچەی ئۆتونۆمی یەوە.[82]

بەعەرەب کردنی ناوچە کوردییەکان لەلایەن رژێمی بەعسەوە کە رۆحی بەرگری کورد بەتوندی دژایەتی دەکرد، هۆکارو بڕیارێك بوو بۆ لێکدوورخستنەوەی کوردو عەرەبو لەئاکامدا بوو بەهۆی هەرەسی بەیانی

(80) خەبات عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو ل ١٩٤.

(81) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠.

(82) د. حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص ٢٣٢.





ئازار.[83]

ئەوەبوو دیسان شەڕ داگیرسا لەنێوان جوڵانەوەی کوردو حکومەتی ناوەند بەسەرکردایەتی بەعس.[84]


(83) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

(84) حبیب محمد کریم، المصدر السابق، ص ٢٦٢.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**نەخشەی ژمارە (٥)**

**((ئەو نەخشەیەی کەحکومەتی عێراقی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری کردبوو لەساڵی ١٩٧٤دا**




**سەرچاوە:**

**خەسرەو گۆران، کورد لەپارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٢٠.**





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەندی پێنجەم:

## ناوچەکانی ململانێ لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ لەنێوان (ی.ن.ك) و حکومەتی عێراقی

دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گەلی کورد لەساڵی ١٩٧٦ بەڕێبەرایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ئەمەش لەئەنجامی هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد لەساڵی ١٩٧٥ بەهۆی نەگەیشتنە ئەنجامی رێککەوتننامەی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردو حکومەتی ناوەندی لەگفتوگۆکانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تاوەکو ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٤.

دوای چەندین ساڵ لەشەڕوپێکدادان لەنێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانو حکومەتی عێراق، بارودۆخەکە لەساڵی ١٩٨٣ چووە قۆناغێکی ترەوە. لەڕوو وەرگێڕانێکی (وەرچەرخانێکی) گەورەدا یەکێتی ئیعلانی کرد کە ئاگر بەستی لەگەڵ رژێمی عێراقدا پەسەند کردووەو فیکرەی رازی بوون بەئۆتونۆمی سنووورداری سەدام حوسێن لەو بارودۆخەدا خستۆتە بەردەم لێدوانەوە.[85]

بەمەبەستی گۆڕینی چارەنووسیان، سەدام حوسێنو تاڵەبانی، لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ دا دەستیان کرد بەمفاوەزات کردن. لەسەرەتای کانونی یەکەمدا یەکێتیی نیشتیمانیی بەئاشکرا لەگەڵ حکومەتی بەعسدا گەیشتە لێکتێیگەیشتنو ئاگر بەست راگەیەنرا.[86]

---

[85] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

[86] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦

داخوازیەكانی یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان بەشێوەیەكی سەرەكی بریتی بوون لە:

١- فراوان كردنی ناوچەی ئۆتونۆمی بەشێوەیەك كەركوك و خانەقین و جەبەل شەنگار و مەندەلی بگرێتەوە.

٢- راگرتنی " تەعریب " ی ئەو ناوچانەی مایەی ناكۆكی هەردوولان و گەڕانەوەی بێ ئەگەرو گیروگرفتی ئەو كوردانەی لەو ناوچانە دەركرابوون.

٣- لابردنی (پشتێنەی ئاسایش) كە بەدرێژایی سنوورەكانی ئێران ـ توركیا دروست كراوەو تەرخان كردنی ٣٠٪ ی داهاتی نەوت بۆ پەرەپێدان و ئاوەدانكردنەوەی كوردستان.[87] لەمیانەی گفتوگۆكەدا حكومەتی عێراقی ناوچەكانی دەكرد بەسێ بەشەوە:

ا – ئەو ناوچانەی كە كوردییە، بەڵام لەبەر هەلومەرجی ئەمنی ناخرێتە سەر ناوچەی ئۆتونۆمی.

ب – ئەو ناوچانەی كە عەرەبییەو بەهیچ جۆرێك سازشی لەسەر ناكرێت.

ج – ئەو ناوچانەی كە ناكۆكییان لەسەرە (ئەو ناوچانەی ئێوە دەڵێن كوردییەو ئێمەش دەڵێین كوردی نییە، ئەتوانین گفتوگۆی لەسەر بكەین).

بۆ نموونە شاری خانەقین، حكومەتی ناوەندی دانی بەوەدا ئەنا كە شاری خانەقین شارێكی كوردییەو عەرەبی نییە، بەڵام لەبەر هەلومەرجی ئێستا ئامادە نین بیخەینە سەر ناوچەی ئۆتونۆمی لەبەر چەند هۆیەك:

١ – پاراستنی دەوڵەتی عێراق كاری دەوڵەتی ناوەندی یە.

---

[87] دیڤید ماكداول، سەرچاوەی پێشوو ل ٧٢٣.





٢ - شاری خانەقین بۆ پاراستنی شاری بەغداد شارێكی زەرورییە كە نزیكەی ٢٠٠ كم دوورە لەشاری بەغداوە، ئێران زۆر بەئاسانی دەتوانێ لەخانەقینەوە هێرش بەرێتە سەر شاری بەغدا، لایەنی حكومەت دەیانگوت: " هەتاوەكو ئەو كاتەی ئێمە دڵنیا نەبین لەوەی كە كورد دڵسۆزە بۆ حكومەتی ناوەندی ئێمە ئامادە نین خانەقین بخەینە سەر ناوچەی ئۆتونۆمی.[88] سەدام حوسێن بیانوو و هەنجەتی دەدۆزییەوە، چونكە هەندێ مەسەلە هەبوون بەهیچ شێوەیەك ئامادەی سازش نەبوون.

یەكێك لەو مەسەلانە چارەنووسی ئەو ناوچانە بوو كە ناكۆكییان لەسەربوو، بەتایبەتی كەركوك.[89]

بەگوێرەی ئەو هەموو یاساو دەستورانەی كە هەبووە لەعێراقدا، بەكارهێنانی سامانی نیشتیمانی لە دەسەڵاتی ناوەندیدا بووە، بۆ نموونە وەفدی حكومەتی عێراقی لەگفتوگۆكەدا باسیان لەوە دەكرد كە كەركوك لەبەرئەوەی نەوتی تێدایە پێویستە بەدەست حكومەتی ناوەندییەوە بێت، لەبەرئەوەی حكومەتی ناوەندی سامانی نیشتیمانی دەردەهێنێت، وە دەرامەتەكەی دابەش دەكاتەوە بەسەر هەموو گەلانی عێراقدا، ئەگەر بدرێتە دەست كورد لەئیدارەی ئۆتونۆمی، كەواتە بەو شێوە باشە سوودی لێ وەرناگرێت. سەدام بەوەفدی یەكێتیی نیشتیمانیی ووتبوو: (من نالێم كەركوك شارێكی عەرەبییە، ناشڵێم شارێكی كوردی نییە ئەڵێم شارێكی

---

[88] نەوشێروان مستەفا ئەمین "ئەندامی مەكتەبی سیاسی ی.ن.ك.و یەكێ لەبەشداربوانی گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤، چاوپێكەوتنێكە لەرۆژی ٢٥/١٢/٢٠٠٤دا ئەنجامدراوە.

[89] دیڤید ماكداول، سەرچاوەی پێشوو ل ٧٢٤.

عێراقییە ئەگەر راپرسی تێدا ئەنجام بدرێت ٩٠٪ی کورد دەربچێت من هەر سوور دەبم لەسەر ئەوەی کە لەسەر عێراق بێت، لەبەرئەوەی ئەگەر کەرکوك پەیوەست بێت بەدەسەڵاتی ناوەندییەوە ئەوا کورد داوای جیابوونەوە ناکات لەبەر خاتری کەرکوك). حکومەتی عێراق لەسەر ناوشاری کەرکوك گفتوگۆیان دەکرد نەوەك لەسەر دەوروبەرەکەی، قبوڵیان دەکرد کە باکووری کەرکوك لەسەر کوردستان بێت، دوو چارەسەر هەبوون بۆ مەسەلەی کەرکوك، یەکێك لەوانە:

وەفدی کوردی دەیانگوت با ئیدارەی سامانی سروشتی بەدەست ناوەندەوە بێت، بەڵام ئیدارەی شارەکە بەدەست دەسەڵاتی ئۆتونۆمییەوە بێت، واتە ئەو شتانەی کە ناوچەیی بوونو مەسەلەی ستراتیژی نەبوون بەدەست دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمییەوە دەبوون. چارەسەرێکی تر ئەوەبوو کە تێکەڵاو بێت، وەکو چۆن ئێستا لەشاری کەرکوك ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی تێکەڵ لەنەتەوەو مەزهەبەکان دروست کراوە.(90)

بەغدا بەئاشکرا رازی بوو بۆ جێبەجێ کردنی زۆربەی داواکاریەکان، تەنانەت لەمەسەلە یاخییەکانی وەکو کەرکوکیشدا چارەسەرێکی شێوە رێککەوتن (سەوداگەری) بەڕێکی پێکهات کە بەپێی ئەوە ئیدارەیەکی هاوبەشی عەرەب ـ کورد ـ تورکمان شاری کەرکوکی بەڕێوە دەبرد بەبیرە نەوتەکانیشەوە، لەکاتێکدا کە بەشەکانی تری پارێزگای کەرکوك دەبووە بەشێك لەهەرێمی ئۆتونۆمی کوردی.(91)

(90) نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاوپێکەوتنی رۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢٥.

(91) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦ – ١٧٧.





بەڵام حکومەت ئامادە نەبوو جەبەل شەنگارو خانەقینو مەندەلیش بخاتە چوارچێوەی ئۆتونۆمی یەوە بەشێوەیەکی زۆر ترسناك لەسنوورەکانی سوریاو ئێران نزیك بوون، تەگەرەو گرفتێکی دیکەش هەبوو کە مەسەلەی چارەنووسی کەرکوك بوو.(92)

چونکە جگە لەگرنگی نەوت کەرکوك دوو گرنگی تری هەیە:

١ – کەرکوك کەوتووەتە ناوەڕاستی ناوجەرگەی ناوچەی باکوورەوە هەر لەبەر ئەوەشە حیزبی بەعس کردبووی بەناوەندی دەسەڵاتی خۆی لەناوچەی باکووردا، ئەم ناوەندییەی شوێنی شاری کەرکوك لەپاشەرۆژدا دەبێتە ناوچەیەکی بازرگانی گرنگ.

٢ – دەشتەکانی کەرکوك بۆ پاشەرۆژ ئەگەر بەرهەم بهێنرێت بۆ بواری گەنمو دانەوێڵە دەبێتە هۆی گرنگی زۆر بۆ میللەتی کورد.(93)

رێککەوتنی عێراق ـ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەهیچ شێوەیەکی ئاشکرا تۆمار نەکرا " رانەگەیەنرا " لەبەرئەوەی چەندین کۆسپ لەبەردەم جێبەجێ کردنیدا سەریان هەڵدا.(94) لەداخوازییەکانی تاڵەبانی دا، سەدام تەنیا بەپەیوەست کردنی ئاکرێو کفری بەناوچەی ئۆتونۆمی رازی بوو.(95)

ئەمەش لەمیانەی دیاری کردنی ئەو ناوچانە بوو، کە دەکەوێتە

(92) دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو ل ٧٢٤.

(93) نەوشێروان مستەفا ئەمین، چاوپێکەوتنێ رۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢٥.

(94) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

(95) دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو ل ٧٢٤ ز.

سنووری ناوچەی ئۆتونۆمییەوەو ئەم كێشەو گرفتانەش سەری كێشا بۆكۆتایی هێنان بەگفتوگۆ.

لە ١٨ی تشرینی یەكەمدا تاڵەبانی كۆتایی بەگفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق هێناو بەمەش پێوەندیی سیاسیی نێوان هەردوولا گەیشتە كۆتایی.[96]

---

(96) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.





**بەندی شەشەم**:

## ناوچەكانی ململانێ لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٩١ لەنێوان بەرەی كوردستانیو حكومەتی عێراقی

ڕوودانی ڕاپەڕینی گەلی كورد لەكوردستاندا لەئازاری ساڵی ١٩٩١ دا هەلو مەرجو كێشەی كوردی لەگەڵ حكومەتی ناوەندی عێراقدا، بردە قۆناغێكی نوێو جیاواز لەقۆناغ و بارودۆخەكانی پێشووترەوە.

لەم میانەدا خۆتێنەگەیاندنی " هاوپەیمانان " بۆ ڕێگاگرتن لەشكستی هێزەكانی كوردو كۆڕەوی خەڵكی مەدەنی، " بەرەی كوردستانی " هەروەك خۆی لە ١ی نیسان ڕایگەیاند بوو، ناچار گفتوگۆی لەگەڵ سەدام كرد. هەردوولا " بەرەی كوردستانیو حكومەتی عێراق " تێ دەكۆشان لەو بارودۆخو هەلو مەرجە دژوارەدا بوارێك بۆ هەناسەیەكی تازە بدۆزنەوە؛ كوردەكان دەیانویست لەو ڕاكردنەی ناو هەلومەرجی نالەبارو سەرمای ژێر سفر ڕزگار ببن، سەدام دەیویست لەو گوشارە سیاسییو عەسكەرییەی ناوەوەو دەرەوە ڕووبەڕووی دەبووەوەو بەزەحمەت بەرگری دەكرد، دەرچێ.[97]

یەكەم خولی گفتوگۆكانی نێوان عێراقو كورد لەكۆتایی نیسانی ١٩٩١ دا لەبەغدا دەستی پێ كرد لەنێوان دەسەڵاتدارانی بەعسو وەفدێك لەگفتوگۆكەرانی كورد كە نوێنەرایەتی بەرەی كوردستانی عێراقیان دەكردو ئەو وەفدەش بەسەرۆكایەتی " جەلال تاڵەبانی" بوو، ئەندامانی

---

(97) دیڤید ماكداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧٤ -- ٧٧٥

تری وەفدەکە بریتی بوون لە " رەسوڵ مامەند"ی سکرتێری گشتی (پارتی سۆشیالیستی کورد)و " سامی ئەورەحمان" ی سکرتێری گشتی (پارتی گەلی کوردستان)و نێچیرڤان بارزانی برازای مەسعود بارزانی کە نوێنەرایەتی (پارتی دیموکراتی) دەکرد. بەشداری هەموو گروپە جیاوازەکانی کورد لەرێگەی نوێنەرەکانیانەوە لەگفتوگۆدا بەو مەبەستە بوو کە دەری بخات کوردەکان بەرەیەکی یەکگرتوون.[98]

حکومەتی عێراقی بەوەفدی " بەرەی کوردستانی" راگەیاند کە ئێمە ئامادەین بۆ هەمووجۆرە گفتوگۆیەك لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کوردو رێکخستنی پەیوەندی کوردو حکومەتی عێراق، جگە لەجیابوونەوە. لەبەرئەوەی وەفدەکە باسیان لەوە کردبوو کە دەستەواژەی (ئۆتونۆمی) دەستەواژەیەکی سەرکەوتوو نییە، پێویستە دەستەواژەیەکی تازە بدۆزینەوە کە دەستەواژەی " فیدراڵی " یە. ئەو مەسەلانەی کە باسکران بریتی بوون لەئاسایی کردنەوەی هەڵو مەرجی کوردستانو گەڕانەوەی دێهاتەکان، نەمانی زەبروزەنگی فەرمانگەکانی ئاسایش، نەهێشتنی ئاسەواری تەعریبو تەبعیسو تەهجیرو تەرحیل، هێنانەوەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ ناو هەرێمی کوردستان.[99]

وەفدی کورد بۆ گفتوگۆکردن بەسەرۆکایەتی تاڵەبانی رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی عێراقی دا ئیمزا نەکرد، بەڵام خولێکی تری گفتوگۆی

---

[98] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

[99] نەوشیروان مستەفا ئەمین "یەکێك لەئەندامانی وەفدی گفتوگۆی ساڵی ١٩٩١"، چاوپێکەوتنی رۆژی ٢٥/١٢/٢٠٠٤.





عێراقو کورد لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٩١ دا دەستی پێ کردەوە، ئەمجارەیان گفتوگۆکان لەلایەن " مەسعود بارزانی " سەرۆکی "پارتی دیموکراتی کوردستان "ەوە سەرکردایەتی کرا.[100]

لەگفتوگۆکەدا سەبارەت بەدیاریکردنی سنووری کوردستان، حکومەتی عێراقی باسی ئەوەی کردبوو کە ناوچەکان پۆلێن بکرێن بۆ سێ بەش:

١/ ئەو ناوچانەی کە کوردین.

٢/ئەو ناوچانەی کە عەرەبینو کوردی نین.

٣/ئەو ناوچانەی کە ململانێ یان لەسەرە.[101]

لایەنی بەعس بەردەوام بوو لەپەیڕەوکردنی هەمان سیاسەتی کۆن، سەبارەت بەهەڵوێستی بەرامبەر بەشاری کەرکوك لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە لەووتووێژەکانی پێشوودا لەو ناوچانە بووە، کە ناکۆکی لەسەر بووە بە بەردەوامی سەبارەت بەدەست نیشانکردنی ناسنامە نەتەوەییەکەی لەکاتی وتووێژکردندا ئەم جارە وەفدی حکومەت جەختی لەسەر ئەوەکردووە، کە ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی عەرەبییە، نابێت بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتونۆمی، هەرچەندە حکومەت بەئاگابوو لەوەی کە چەندەها ساڵە سیاسەتی رەگەز پەرستانەی خۆی بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەك ئەنجام داوە بۆیە پێداگرتن لەسەر ئەم هەڵوێستە چەندین جار بووەتە هۆی شەڕو ئاژاوە، کە ئەنجامەکەی شکاوەتەوە سەر گەلانی عێراق،

---

[100] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨.

[101] نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاوپێکەوتنی رۆژی ٢٥/١٢/٢٠٠٤.

هەروەها بووتە مایەی دروستبوونی کینە، نەوە لەدوای نەوە.[102]

دواتر ڕۆشنبوو کە بەغدا ئیدی وەڵامی داخوازی" بەرەی کوردستانی" بەوەرگرتنی کەرکوک‌و خانەقین‌و مەندەلی نەدایەوە، (بەرە) لەم بوارەدا ئامادە بوو مامەڵەیەك قبوڵ بکات: ڕایگەیاند کە ئامادەیە کۆنترۆڵی نەوت بەرامبەر بەبەڕێوەبردنی شاری کەرکوك لەلایەن کوردەکانەوە، بداتە حکومەت.

تاڵەبانی کە لەساڵی ١٩٨٤ دا زۆر بەباشی ئاشنای ئەو شێوە بیانوو دۆزینەوانە بوو کە سەدام لەدانوستاندا پەیڕەوی دەکردن، ڕایگەیاند کە مامەڵەکردن لەگەڵ سەدام بەبێ دەستنیشانکردنی سنوورەکانی ناوچەی ئۆتونۆمی‌و زامنی نێودەوڵەتی، قابیلی قبوڵ کردن نییە.[103]

لەووتووێژەکەدا سەبارەت بەو ناوچانەی کە ململانێ‌و کێشەیان لەسەرە دیسان هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە بەم جۆرە کێشەکە بەبێ چارەسەرکراوی مایەوە.[104]

مەسەلەی کەرکوك زۆر گفتوگۆی پێشتری لەبار بردبوو، وەکومەسەلەیەکی چارەسەر نەکراو مابووەوەو بووە بە هۆی نەگەیشتنە ئەنجام لەگەڵ سەدام حوسێن دا.[105]

کورد هەر لەشۆڕش‌و ڕاپەڕین دا بووە دژ بەحکومەتە یەك لەدوای

[102] حبیب محمد کریم، المصدر السابق. ص ٢٦٢.

[103] دیڤید ماکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧٦ – ٧٧٧ ز

[104] فرید اسسرد ، المصدر السابق ص ٥٢.

[105] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨.





یەکەکانی دەوڵەتی عێراقی، لەهەموو ئەو دانوستانانەی کە لەنێوان سەرکردایەتی سیاسی کوردی‌و دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق بەستراوە بەدرێژایی مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هۆی ڕێکنەکەوتنی کورد تەنها لەسەر ناوچە سنوورییە ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستان بووە، وەك کەرکوك‌و خانەقین‌و مەخمورو سنجارو ... هتد. کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەدرێژایی مێژوو نەك هەر بەکوردیان نەداوە، بەڵکو، هەوڵی گۆڕینی مۆرکی نەتەوایەتییە کوردیەکەی‌و هاوردنی عەرەبەکان‌و نیشتەجێکردنیان‌و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتیان.[106]

یاساکانی بەڕێوەبردنی وڵاتی عێراق، تا ئێستا ئەو ناوچانەیان دیاری نەکردووە کە مایەی ململانێ و کێشەن لەنێوان کوردو حکومەتی ناوەندی، هەرچەندە دان بەوەدا دەنێن کە کێشەیەك هەیە تا ئێستا بەیەکجاری چارەسەر نەکراوە. بەڵام لەڕاستیدا ئەم سەرزەمینانە هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە کەوتوونەتە نێوان بەشی خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلەو ئەو ناوچانەی کە بەغدا دەستنیشانی کردووە لەساڵی ١٩٧٤ کە ببێتە ناوچەی ئۆتونۆمی.[107]

سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان بەردەوام جەختی کردووەتە سەر ئەو ناوچە کوردییانەی، کە عێراق لەخاکی کوردستانی دابڕیبوون‌و بەعەرەبی کردوون‌و ئامادە نەبووە بیانخاتەوە سەر سنووری جوگرافیای کوردستان،

[106] سیروان عدنان میرزا، خوێندنەوەیەك بۆ گرنگترین بڕگەو بابەتەکانی دەستووری کاتی دەوڵەتی عێراقی ، گۆڤاری گوڵا ن، ژمارە ٤٨٤ ١٣/٥/٢٠٠٤ ل ١٥.

[107] فرید اسسرد ، المصدر السابق ص ٥٣.

وەك شاری كەركوك‌و شەنگارو خانەقین‌و مەندەلی‌و ....هتد، كە ئەو شارانەش هەر هەموویان موڵكی كوردن‌و بەشێكن لەخاكی كوردستان. سەركردایەتی شۆڕشی كورد زۆر راشكاوانە بەحكومەتی راگەیاندووە" بەهیچ شێوەیەك دەست لەكەركوك‌و شەنگارو خانەقین هەڵناگرین‌و مومكینیش نییە ئەمە قبوڵ بكرێت ".

وە زۆر راشكاوانەتر بەدەسەڵات دارانی عێراقیان راگەیاندووە كە دەبێ ئەوە رابگەیەنرێت كە ئەو ناوچانە بەشێكن لەكوردستان.[108]

حكومەتی عێراق‌و كوردەكانیش هەمیشە دانیان بەوەدا ناوە كە كورد زۆرینەی دانیشتوانە لەهەولێرو سلێمانیدا، بەڵام ئەوەی مایەی رێكنەكەوتن‌و گیروگرفتە مەسەلەی كەركوك‌و ناوچەكانی ترە، لەوانەیە جێگای خۆی بێت ئەگەر پێ لەسەر ئەوە دابگیرێت ئەگەر دانیشتوان رانەگوازرانایە ئەوا كورد لەموسڵ‌و كەركوكدا زۆرینەیەكی لاوازیان" واتە لەنیوە زیاتر " پێك دەهێناو لەناوچەكانی خوارتریش واتە لەخانەقین‌و مەندەلی ئامادەبوونێكی بەهێزیان دەبوو.[109]

یەكێك لەكێشە هەرە گرنگەكانی حكومەتی عێراق‌و شۆڕشە كوردییەكان، سنووری جوگرافیای هەرێمی كوردستان بوو. كە هەمیشە حكومەتەكانی عێراق هەوڵیان داوە سنووری جوگرافیای هەرێمەكە بچوك بكەنەوەو ناوچە نەوتییە گرنگەكانی وەك كەركوك‌و خانەقین‌و شەنگارو

[108] غەفور مەخموری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

[109] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣ – ١٠٤.





.... لێی دابڕن[110].


مەكتەبی بیروهۆشیاری

[110] دلێر حسن عارف، كوردستانی باشوور لەپەراوێزی رێكەوتنە نێودەوڵەتییەكانەوە بۆ فیدراڵی، گۆڤاری كەركوك ، ژمارە ٧، ساڵی دووەم ، ٢٠٠١ ، لا ١٢٣.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**نەخشەی ژمارە -٦-**

**نەخشەی ناوچە رزگارکراوەکانی دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١**




سەرچاوە: خسرەو گۆران، کورد لەپارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٣١.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەشی دووەم

# جوگرافیای ناوچەکانی ململانێ

**بەندی یەکەم:**

**ناوچەکانی ململانێ لەپارێزگای کەرکوکدا**

**تەوەرەی یەکەم: شوێن و رووبەری یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەکانی ململانێ لە پارێزگای کەرکوکدا.**

پارێزگای کەرکوک بریتییە لەخاکێکی پان و بەرین و بەبرشتی نێوان دیالەو زێی بچوک، دەکەوێتە بەشی باکووری رۆژهەڵاتی عێراقەوە، لەنێوان لیواکانی هەولێرو سلێمانی، بەغداو دیالەو موسڵ، لەباکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ لیوای هەولێرو بەشێك لەسلێمانی، لەرۆژهەڵاتەوە سلێمانیو بەشێك لەدیالە، لەباشوورییەوە دیالە رۆژئاوای بەغداو بەشێك لەموسڵ، زێی بچوك لەباکوورو باکووری رۆژئاواوە دەکەوێتە نێوان کەرکوك لەگەڵ هەولێرو موسڵ داو لەیەکیان جیا دەکاتەوەو لەنێوان کەرکوكو دیالە دا لەباشووری رۆژهەڵاتییەوە زێی دیالە نێوانیان دەکات، چیای حەمرینیش لەباشووری رۆژئاوایەوە دەکەوێتە نێوان کەرکوكو دیالەو بەغدادەوە،

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

لەباکووری رۆژهەڵاتیشدا لەنێوان سلێمانیو کەرکوکدا، چیاکانی (قەرەداغ، سەگرمە، هەنجیرە، بازیان) هەیە.[1]

سەبارەت بەشوێنی فەلەکی پارێزگای کەرکوک، دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ((٣٥,٨))ی باکوور، (٣٤,٦)ی باشووری هێڵی کەمەرەوە، وە لەنێوان هێڵی درێژی (٤٣,٥)ی رۆژئاواو (٤٤,٨) رۆژهەڵاتی هێڵی (گرینج) دایە. ئەم شوێنە فەلەکییە پێش گۆڕانکارییە ئیداری یەکان بوو، بەڵام لەدوای گۆڕانکارییە ئیدارییەکان، پارێزگای کەرکوک دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٥,٧)ی باکوور، (٣٤,٢ی باشوور لەسەرووی هێڵی کەمەرە، هێڵی درێژی (٤٦) رۆژهەڵاتو (٤٣,٢)ی رۆژئاوا، لەرۆژهەڵاتی هێڵی (گرینج)ەوە.[2]

لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە، پاش لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەوە، کەرکوک کرایە لیوایەك، رووبەری ئەم لیوایە بەبەردەوامی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەهۆی گۆڕینی سنووری کارگێڕی لیواکەوە.

رووبەری پارێزگاکە لەساڵی (١٩٢٧)دا (٢٠٠٠٠)کم٢ بووە، وە لەساڵی ١٩٤٧ دا بووەتە (٢٠٣٥٥)کم٢، لەساڵی ١٩٥٥دا رووبەرەکەی بووەتە (٢٠٣٦٧) کم٢، لەساڵی ١٩٥٧ رووبەرەکەی (١٩٨٧٣)کم٢ بووە، لەساڵی ١٩٥٨دا (٢٠٣٥٥) کم٢ بووە، دواتر لەساڵی ١٩٧٧ دا بووەتە (١٠٢٨٢)کم٢، هەروەها لەساڵی ١٩٨٧دا

(1) عبدالمجيد حسن، كتاب مشاهر الالوية العراقية، الجزء الاول، بغداد، ١٩٤٦، ص١.

(2) د.احمد سوسة، الدليل الجغرافي العراق، مطبعة تمدن، بغداد، ١٩٦٠، ص٢٣





رووبەرەکەی (١٠٣٩١)کم٢ بووە .[3]

پارێزگای کەرکوک چەندان جار بچوك کراوەتەوە لەئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەدا تەنیا (٨٨٥٢) کم٢ی بۆ مابۆوە، واتە (١١١٦١) کم٢ی لێ کەم کراوەتەوە، چونکە پتر لەنیوەی خاکەکەی بەسەر پارێزگای سەلاحەدینو دیالەو سلێمانیدا دابەش کرا، بەزیادکردنی هەردوو ناحیەی القدس (سەرگەڕان) و شەك (الزاب) لەپێکهاتەی نەخشەی کارگێڕی پارێزگای کەرکوکدا، رووبەری پارێزگای کەرکوك گەیشتە نیوەی جارانیو بووە (١٠٣٩١) کم٢ [4]((بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧)) لەناونووسی ساڵی ١٩٥٧ دا پارێزگای کەرکوك لە (٤) قەزا پێکهاتبوو: چەمچەماڵو قەزای مەرکەزو دووزخورماتوو کفری.[5]

## ( ١ ) قەزای کەرکوك :

### ١- سەنتەری قەزا

سنووری ئەم قەزایە لەباکوورەوە زێی بچوكو دێی کتیکە دەست پێ دەکات هاوتەریبە لەگەڵ هێڵی سنووری لەگەڵ ئاوەڕێژگەی زێی بچوك لەڕووباری دیجلەوە، لەخۆرئاوای رووباری دیجلەوە هێڵی سنووری ئەمە لەو

(3) سمکۆ بەهرۆز محمد ((ئەژی))، ئەرابخای وڵاتی کوردەواری لەمێژوودا، بەرگی یەکەم، بەبێ شوێن و ساڵی چاپ , لا ٩٥.

(4) محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاو کردنی رەگەزیدا، سلێمانی، ٢٠٠٣، لا٤٩.

(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٣.

ئاوە ڕێژگەیە، زێی بچوك، كە لەدیجلەوە بۆ فەتحە هاوتەریب دەبێت.

لەگەڵ زنجیرە چیاكانی حەمرین تا خاڵی ناسراو بە (عین خالد) و (عین نخلە) كە دەكەونە ناوەڕاستی چیاكانی حەمرین لەسەر ڕێگای (كەركوك ـ تكریت)، لەباشوورەوە هێڵی سنووری (عین خالد) و (عین نخلە) تا گردۆڵكەی مفار دەگەڕێتەوە كە كەوتۆتە دەستە ڕاستییەوە لەدۆڵی (كوردە) زەوییەكانی حەویجە دەبڕێتو بەهێڵێكی ڕاست دادەبەزێتو لەشوێنی ناسراو بە (**صقال طوتان**) درێژ دەبێتەوە تا سنووری جیاكەرەوە لەنێوان هەردوو ناحیەی (داقوق - قەرەحەسەن) تێدەپەڕێت.[6] ڕووبەری قەزای ناوەندی كەركوك، (٥٧٣٨) كم٢ بووە.[7]

## ب- ناحیەی قەرەحەسەن ((لەیلان)):

سنوری ئەم ناحیەیە لەباكوورەوە ناحیەی (شوان)، بەشێك لەزەوییەكانی قەزای چەمچەماڵ لەرۆژهەڵاتەوە بەشێك لەسنووری قەزای چەمچەماڵو ناحیەی قادركەرەمو ناحیەی داقوقە، لەرۆژئاوای قەزای سەنتەری كەركوك.[8] ڕووبەری ناحیەكە بەپێی یەكە كارگێڕییەكانی ساڵی ١٩٥٧ی پارێزگای كەركوك (١٠٩٢)كم٢یە[9].

---

[6] محمد هادی الدفتر، العراق الشمالي، الجزءْ الاول، مطبعة شفيق، ١٩٥٨، ص ٢٤١.

[7] محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٣.

[8] محمد هادی الدفتر وعبدالله حسين، العراق الشمالي، الجزءْ الاول، مطبعة شفيق، ١٩٥٨، ص ٢٥٠.

[9] جەزا تۆفیق تالبو ئەوانی تر، بایەخی جیۆپۆلەتیكی پارێزگای كەركوك، توێژینەوەیەكە پێشكەشی بەشی جوگرافیای كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان لەزانكۆی سلێمانی كراوە،





ناحیەی (قەرەحەسەن) دەكەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی خودی شاری كەركوك[10].

## ج- ناحیەی ئاڵتون كۆپری ((پردێ)):

شارۆچكەی پردێ نزیكەی (٤٤)كم لەشاری كەركوك دوورە، كەوتۆتە سەر ڕێگای گشتی نێوان كەركوكو هەولێر لەسەر زێی بچوك. سنووری لەرۆژهەڵات، ناحیەی شوان، رۆژئاوای ناحیەی كەندیناوە، لەباكوور ناحیەی مەركەزی هەولێر (قوشتەپە) باشوور ناحیەی مەلحە ((حەویجە))یە[11]. ڕووبەری ئەم ناحیەیە بەگوێرەی یەكە كارگێڕییەكانی ساڵی ١٩٥٧، (٨٠٣)كم٢ یە.[12]

## د- ناحیەی حەویجە (مەلحە):

سنووری ئەم ناحیە لەباكوورەوە ئاڵتون كۆپری یە، لەرۆژهەڵاتەوە ناحیەو سەنتەری قەزای كەركوك، لەرۆژئاواوە قەزای مەخمورە كە سەر بەپارێزگای هەولێرە وە ناحیەی (شەرگات)ە كە سەر بەپارێزگای موسڵە،

---

سلێمانی، ٢٠٠٣، لا١٣.

[10] زاهیر رۆژبەیانی، لەیلان (قەرەحەسەن)، هاواری كەركوك، گۆڤاری، ژمارە ٤ ساڵی ١٩٩٩، لا ٦ – ٨.

[11] محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٨.

[12] جەزا تۆفیق تالبو ئەوانی تر... ، بایەخی جیۆپۆلەتیكی پارێزگای كەركوك، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣.

لەباشوورەوە ناحیەی شەرگات)ە[13].

د. عبدالله غفور دەڵێت:

سنووری کارگێڕی ئەم ناحیەیە لەباکوورەوە قەزای کەرکوك‌و دوبز، لەباشوورەوە عێراقە، لەرۆژهەڵاتەوە قەزای کەرکوکە، لەخۆرئاواوە بەپارێزگای هەولێر دەورە دراوە[14].

رووبەری ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٥٧دا (١٣٥١) کم٢ یە[15].

### هـ- ناحیەی شوان

دەکەوێتە سەر رێگای گشتی نێوان کەرکوك‌و کۆیەوە (٣٤) کم لەشاری کەرکوکەوە دوورە، کەوتۆتە باکووری رۆژئاوای کەرکوك، سنووری لەرۆژهەڵات، قەزای چەمچەماڵ، رۆژئاوا، ناحیەی پردێ باکوور بەشێ زێی بچوك، باشووری شاری کەرکوك[16] .

رووبەری ئەم ناحیەیە بەگوێرەی ساڵی ١٩٥٧ (١٠٠٢) کم٢یە[17].

---

(13) محمد هادي الدفتر وعبدالله حسين، المصدر السابق، ص ٢٥٦.

(14) عبدالله غفور، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، دەزگای پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، لا٧٣.

(15) جەزا تۆفیق تالب‌و ئەوانی تر، بایەخی جیۆپۆلەتیکی پارێزگای کەرکوك، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣.

(16) محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٥.

(17) جەزا تۆفیق تالب‌و ئەوانی تر، بایەخی جیۆپۆلەتیکی پارێزگای کەرکوك، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣.





### ( ٢ ) قەزای کفری

ئەم قەزایە دەکەوێتە باشووری رۆژئاواوە لەپارێزگای کەرکوك[18].

شوێنی ئەم قەزایە لەخۆرهەڵاتەوە کەرکوکە، لەبەشی باکووری خۆرهەڵاتەوە دەگاتە لیوای سلێمانی، لەخۆرهەڵاتەوە لیوای دیالەیە لەباشووری خۆرئاواوە لیوای بەغدادە، سنووری ئەم قەزایە لەخۆرهەڵاتەوە رووباری دیالەیەو لەخۆرئاواوە ناحیەی قادرکەرەمە وەقەزای دووزە، وەباکووری قەزای هەڵەبجەیەو ناحیەی سەنگاوەو باشووری بەشێك لەرووباری دیالەیە هەتا چیای حەمرین سنووریێتی[19].

رووبەری ئەم قەزایە لەساڵی ١٩٤٧دا (٥٢٢١) کم٢ بووە، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا بووەتە (٤٨١٢) کم٢ [20] .

### أ- سەنتەری قەزای کفری

سنووری ئەم قەزایە ناحیەی نەوجول‌و سلێمان بەگە لەقەزای دوزخورماتو لەباکوورەوە، لەباشوورەوە ناحیەی قەرەتەپە لەرۆژهەڵاتەوە ناحیەی سەرقەڵاو لەرۆژئاواوە ناحیەی ئامرلی لەقەزای دوزخورماتوو، لەباشووری رۆژهەڵاتەوە ناحیەی جەبارەیە * .

---

(18) د. نوری تاڵەبانی، ناوچەی کەرکوك هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، وەرگێڕانی محەمەدی مەلا کەریم، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، لا١٠٠.

(19) محمد هادي الدفتر وعبدالله حسين، المصدر السابق، ص ٢٨٥ – ٢٨٦.

(20) محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١٩.

* هەردوو توێژەر.

رووبـەری سـەنتەری قەزاكـە بـەگوێرەی یەكـە ئیدارییـەكانی سـاڵی ١٩٥٧ (١٢٦٦) كم٢یە[21].

## ب- ناحیەی قەرەتەپە

دەكەوێتە باشووری قەزای كفری یەوە[22] . بەدووری (٣٣) كم، سنووری ئــەم ناحیەیــە دەكەوێتــە بــاكووری‌و رۆژهــەڵاتی ناحیــەی شــێروانەوە (ســەرقەڵا)، بـاكووری رۆژئـاوای بەشـێك لـەخاكی قـەزای دووز (ناوەنـد) خوارووی رۆژهەڵات‌و باشووری رۆژئاوای پارێزگای دیالە[23]. رووبەری ئەم ناحیەیە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ بریتی بووە لە (١٦١٢) كم٢[24].

## ج- ناحیەی شێروانە (سەرقەڵا):

ئەم ناحیەیە دەكەوێتە باكووری رۆژهەڵاتی شاری (كفری)یـەوە، لەسـەر رێگای گشتی نێوان كفری‌و كەلار[25].

سـنووری ئـەم ناحیەیـە لـەباكوورەوە سـەنتەری كفرییـە، لـەباكووری رۆژهەڵاتــەوە ناحیـــەی پێبـــازە، رووبـــاری ئاوەســـپی (ئـــاق ســـوم) وە

---

[21] جەزا تۆفیق تالب‌و ئەوانی تر، بایەخی جیۆپۆلـەتیكی پارێزگـای كـەركوك، سەرچـاوەی پێشوو، لا ١٣.

[22] د.نوری تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٢.

[23] محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٢.

[24] جەزا تۆفیق تالب‌و ئەوانی تر، بایەخی جیۆپۆلـەتیكی پارێزگـای كـەركوك، سەرچـاوەی پێشوو، لا ١٣.

[25] د.نوری تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٠.





لەخۆرهەڵاتییـەوە رووبـاری دیالەیـەو لـەخۆرئاواوەو بـاكووری خۆرئـاواوە بەشـێك لەناحیـەی قەرەتەپەیـەو قـەزای دوزخورمـاتو رووبـاری (قـوڕی - چای)و لەباشـووری بـۆ باشـووری خۆرئـاواوە رووبـاری دیالەیـە وە ناحیـەی قەرەحەسەن[26]

رووبەری ئەم ناحیە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (١٠١٨) كم٢یە[27].

## د- ناحیەی پێباز

شــوێنی ئــەم ناحیەیــە لــەكۆتایی بەشــی باشــوورو خۆرهەڵاتــەوە زەوییــەكانی لیـوای كەركوكـەو لـەكۆتایی بەشـی بـاكووری خۆرهەڵاتـەوە زەوییـەكانی قـەزای كفـری یـە، سـنووری لـەباكوورەوە ناحیـەی سـەنگاوەو لەباكووری خۆرهەڵاتەوە ناحیـەی وارمـاوا كە سـەر بەقـەزای هەڵەبجەیـەو لەباشـوورییەوە زەوییــەكانی ناحیــەی قەرەداغــە كــە ســەر بــەپارێزگای سلێمانییەو لەخۆرهەڵاتییەوە رووبـاری دیالەیـەو بەشـێكی كـەمی ناحیـەی وارمــاوا، لــەخۆرئاواوە ســەنتەری قــەزای كفــری‌و لەباشــوورو باشــووری خۆرئاواوە رووباری دیالەیەو ناحیەی شێروان[28].

رووبەری ئەم ناحیەیە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا (١٣١٨) كم٢ یە[29].

---

[26] )محمد هادی الدفتر وعبدالله حسین، المصدر السابق، ص ٣٠٢.

[27] جەزا تۆفیق تالب‌و ئەوانی تر، بایەخی جیۆپۆلـەتیكی پارێزگـای كـەركوك، سەرچـاوەی پێشوو، لا ١٣.

[28] محمد هادی الدفتر وعبدالله حسین، المصدر السابق، ص ٣٠٧.

[29] جەزا تۆفیق تالب‌و ئەوانی تر، بایەخی جیۆپۆلـەتیكی پارێزگـای كـەركوك، سەرچـاوەی

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**( ٣ ) قەزای دوزخورماتوو:**

دەكەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی شاری كەركوك بەدووری ٨٨ كم لەسەر ڕێگای گشتی بەغداد – سلێمانی[30].

ڕووبەری ئەم قەزایە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (٦٩٩١)كم٢ یە[31]. دوزخورماتو گەورەترین قەزای پارێزگای كەركوكە لەدوای قەزای كەركوك بەپێی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوانی بەرلەوەی بخرێتە سەر پارێزگای سەلاحەدین [32].

یەكە كارگێڕییەكانی ئەم قەزایە لەم ناحیانە پێكدێت:

**١- ناحیەی دوزخورماتوو (دووز)**

شوێنی ئەم ناحیەیە دەكەوێتە ناوەڕاستی پارێزگای كەركوكەوە، بەلای خۆرئاوای‌و شوێنی بەگوێرەی سەنتەری لیوا، باشووری رۆژئاوایە. دوز دەكەوێتە ڕێگای بەغداد – كەركوك – سلێمانی ماوەی ٨٨ كم بۆ باشووری خۆرهەڵاتی شاری كەركوك[33].

ڕووبەری ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٥٧ (٢١١٥) كم٢ یە[34].

پێشوو، لا ١٣.

(30) محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٩.

(31) جەزا تۆفیق تالب‌و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣.

(32) محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٩.

(33) محمدهادی الدفتر وعبدالله حسین، المصدر السابق، ص ٢٧١ – ٢٧٤.

(34) جەزا تۆفیق تالب‌و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣.



ناوچەكانی ململانێ

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**ب- ناحیەی داقوق**

ئەم ناحیەیە دەكەوێتە باشووری كەركوكەوە لەسەر ڕێگای گشتی نێوان كەركوك‌و دووزو بەغداد[35]. ماوەی (٤٠)كم لەكەركوك‌و (٤٨)كم لەدووزخورماتووەوە دوورە، سنورەكەی باكووری رۆژهەڵات، ناحیەی قەرەحەسەن‌و قەزای مەركەزی كەركوك، رۆژئاوا ناحیەی تازە لەپارێزگای سەلاحەدین‌و باكووری رۆژئاوا ناحیەی تازە، باشووری رۆژهەڵات دووزخورماتو مەركەزی قەزا [36].

د.عبدالله غفور سەبارەت بەم ناحیەیە دەڵێت:

((لەباكووردا ناحیەی قەرەحەسەن، لەباشووردا بەعێراقەوە، لەرۆژهەڵاتدا بەقەزای دوزخورماتوو لەرۆژئاوادا بەناحیەی دوزخورماتوو بە قەزای حەویجە دەورەی دراوە [37].

ڕووبەری ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٥٧دا (٣٣٤٩) كم٢ یە[38].

**ج- ناحیەی قادركەرەم:**

دەكەوێتە ناوەڕاستی خاكی كەركوك، بەلای باشووری رۆژهەڵاتیدا، شارۆچكەی قادركەرەم (٦٠)كم لەشاری كەركوكەوە دوورە[39].

(35) د.نوری تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٦.

(36) محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧٩.

(37) د. عبداللە غفور سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٩.

(38) جەزا تۆفیق تالب‌و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣.

(39) محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٨.

ئەم ناحیەیە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی قەزای دووزەوە[40] سنووری ناحیەکە لەڕۆژهەڵاتەوە، ناحیەی سەنگاو، لەباکووری ڕۆژهەڵاتەوە، بەشێك لەخاکی ناوەندی قەزای چەمچەماڵە، لەباکووروباکووری ڕۆژئاواوە ناحیەی قەرەحەسەنە، لەڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاواوە ناوەندی قەزای دووزخورماتووە، لەباشوورەوە ناوەندی قەزای کفری یە[41].

رووبەری ئەم ناحیەیە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ بریتییە لە ١٥٢٧)کم٢ [42].

## (٤) قەزای چەمچەماڵ

یەکێکە لەو قەزا کۆنانەی لەسەردەمی عوسمانییەوە سەر بەپارێزگای کەرکوکن، دەکەوێتە نێوان کەرکوكو سلێمانی لەڕووی بەڕێوەبەرییەوە ناحیەی (سەنگاو) و (ئاغجەلەر) سەر بەم قەزایەن[43].

دەکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتو باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوکەوە، سنووری قەزاکە لەباکوورەوە ناحیەی ئاغجەلەرە، لەباشووری ڕۆژهەڵاتەوە ناحیەی پێبازە، لەخوارووی ڕۆژئاواوە ناحیەی قادرکەرەمە، لەڕۆژئاواوەو

---

[40] د.نوری تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٩.

[41] محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٨.

[42] جەزا تۆفیق تالبو ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣.

[43] د.نوری تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٤.





باشووری ڕۆژئاواوە ناحیەی قەرەحەسەنە، لەباکووری ڕۆژئاواوە ناحیەی شوان، لەڕۆژهەڵاتەوە پارێزگای سلێمانیو ناحیەی بازیان[44].

رووبەری ئەم قەزایە بەپێ ی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (٢٤٥٤) کم٢ یە[45].

### ا- سەنتەری قەزا

سنووری ئەم ناحیەیە لەباکوورەوە ناحیەی ئاغجەلەرەو لەباشوورەوە ناحیەی سەنگاوو ناحیەی قادرکەرەمە، لەڕۆژهەڵاتو باکووری ڕۆژهەڵاتەوە ناحیەی بازیانو قەزای سلێمانییە، لەڕۆژئاواوە ناحیەی لەیلانە لەقەزای کەرکوك*.

رووبەرەکەی بەگوێرەی یەکە کارگێڕییەکانی ساڵی ١٩٥٧ (٨٩٦) کم٢ یە[46].

### ب- ناحیەی ئاغجەلەر

ناحیەیەکی کۆنە دەکەوێتە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوك[47].

سنووری لەباکوورەوە زێی بچوکە کە جیای دەکاتەوە لەلیوای هەولێرو لەباشوورەوە سەنتەری قەزای چەمچەماڵەو لەخۆرهەڵاتەوە ناحیەی

---

[44] محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٦٤.

[45] جەزا تۆفیق تالبو ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣.

* هەردوو توێژەر.

[46] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣.

[47] محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧٩.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بازیانە (لیوای سلێمانی)، لەخۆرئاواوە ناحیەی شوانو (سەنتەری قەزای کەرکوك[48].

رووبەری ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٥٧دا (٧٢٥) کم٢یە[49].

### ج- ناحیەی سەنگاو

دەکەوێتە رۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوك، هاوسنووری پارێزگای سلێمانی یە[50]. سنووری ئەم ناحیەیە لەرۆژهەڵاتەوە ناحیەی قەرەداغە کە سەر بەلیوای سلێمانییە، لەخۆرئاواوە ناحیەی قادرکەرەمە لەقەزای (دووز)، لەباکوورو باکووری خۆرئاواوە، زەوییەکانی لیوای سلێمانیو ناوچەی سەنتەری قەزای چەمچەماڵە، لەباشووری خۆرهەڵاتو باشووری ناحیەی پێبازە لەقەزای کفری. رووبەری ئەم ناحیەیە (٨٣٣) کم٢ یە[51].

---

(48) محمد هادی الدفتر وعبدالله حسین، المصدر السابق، ص ٢٤٥ – ٢٤٦.

(49) جەزا تۆفیق تالبو ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣.

(50) محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧٠.

(51) محمد هادی الدفتر وعبدالله حسین، المصدر السابق، ص ٢٦٩.






مەکتەبی بیروهۆشیاری

### نەخشەی ژمارە (٧)

### سنوری کارگێری لیوای کەرکوك لەساڵی ١٩٥٢




المصدر: احمد سوسه، اطلس الاداري، مطبعة مديرية المساحة العامة، بغداد، سنة ١٩٥٢، ص٥٤، بەدەستکارییەوە لەلایەن توێژەرەوە.

## تەوەری دووەم:

## ژمارەی دانیشتوانی یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای کەرکوك لەساڵی ١٩٥٧ دا

دانیشتوانی ئەم پارێزگایە دابەش دەبێت بەسەر سێ کۆمەڵەی نەتەوەییدا کە ئەوانیش: نەتەوەی کورد، نەتەوەی عەرەب، نەتەوەی تورکمان. کۆمەڵەی کوردی زۆرینەی دانیشتوانی پێکدەهێنن لەناوچە شاخاویو ناوچە بەرزەکان لەپارێزگاکەدا، بەڵام کۆمەڵەی عەرەبی ژمارەیان لەناوچە دەشتەکانی پارێزگاکەدا زۆرە، واتە لەدەشتەکانی کە کەوتووەتە بەشەکانی باشووری رۆژئاوای پارێزگاکەوە، کۆمەڵەی تورکمانی، رێژەیان مام ناوەندییە لەدانیشتوانی پارێزگاکەدا، پارێزگای کەرکوك دادەنرێت بەگرنگترین ئەو ناوچانەی کە نەتەوەی تورکمانی تێدا نیشتەجێن[52].

پرۆسەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ زادەی نەخشە دانانێکی وردو رێكو پێك بوو، لەبەرئەوە ئەم پرۆسەیە بەرەچاوکردنی هەلو مەرجو بارودۆخی ئەو زەمانە بەپرۆسەیەکی سەرکەوتوو دەژمێردرێ، بارودۆخی لەباری سەرژمێریو تەنسیقی نێوان لێپرسراوانی عێراق لەلایەكو دامودەزگا دەولییەکان لەلایەکی ترەوە، کارێکی وای کرد زانیارییە کۆکراوەکان زانیاری وردو گشت لایی بن، ئەمەش وای کرد زانیارییەکانی

(52) د. شاکرخصباك، العراق الشمالي (دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية)، مطبعة شفيق ١٩٧٣، ص ١٥٢.





ئەم سەرژمێرییە ببنە سەرچاوەیەکی جێی بڕوا[53].

لەو سەرژمێرییەی کە لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە کراوە، لەوانە سەرژمێری ساڵی ١٩٢٧ و ١٩٣٤ و ١٩٤٧ و١٩٥٧ لەسەردەمی حوکمی پاشایەتیدا، ئەوەی ساڵی ١٩٥٧ زۆر لایەن لەسەری کۆکن بەوەی کە تاڕادەیەك سەرکەوتوو بووە.

هەتا سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردیش لەدانوستانەکانیدا لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا داوای ئەوەی کردووە، کە بەپێی ئەنجامەکانی سەرژمێری ١٩٥٧ ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردە بخرێتە ناو چوارچێوەی سنووری کوردستان، چونکە ئەنجامی ئامارەکانی دیکەی سەردەمی رژێمی کۆماری بەکەڵکی ئەوە نایەن بکرێنە بناغەی بۆ دیاریکردنی سنووری کوردستان، لەبەرئەوەی لەدوای سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ەوە، کورد چ وەك گەلو کوردستانیش چ وەك خاك، تووشی سیاسەتێکی بەربڵاوی پاکتاوکردنی رەگەزی جینۆساید بووە[54].

ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧، بریتیی بووە لە(٣٨٨٨٣٩) کەس، کە ژمارەی کورد لەناوشاری کەرکوکدا(٤٠٠٤٧) کەس بووە، لەقەزاو ناحیەکانی پارێزگاکەدا ژمارەی کورد (١٤٧٥٤٦) کەس بووە، کۆی گشتی دانیشتوانی کورد لەسەر ئاستی پارێزگاکە (١٨٧٥٩٣) کەس بووە. هەر بەپێی هەمان سەرژمێری ژمارەی دانیشتوانی تورکمان لەناو شاری

(53) د.خليل اسماعيل محمد، سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە ٥٣ ساڵی دووەم تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣، لاپەڕە ٦٨ – ٦٩.

(54) محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤٢.

کەرکوکدا(٤٥٣٠٦) کەسە، لەقەزاو ناحیەکانی سەر بەپارێزگاکە ژمارەیان (٣٨٠٦٥) کەسە، کە دواتر لەسەر پارێزگاکە کۆی گشتی ژمارەی تورکمان (٨٣٣٧١) کەس بووە. ژمارەی نەتەوەی عەرەب بەپێی ئەم سەرژمێرییە لەناو شارەکەدا لەدوای ژمارەی تورکمان‌و کورد دێت کە (٢٧١٢٧) کەسە.

## خشتەی ژمارە ( ٣ )

(( پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك بە پێی سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧ ))

| نەتەوە | ناوشاری کەرکوك | | لەقەزاوناحیەکان دا | | سەرجەمی گشتی لەسەر ئاستی پارێزگا | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| کورد | ٤٠٠٤٧ | ٣٣,٢٦ | ١٤٧٥٤٦ | ٥٤,٩٦ | ١٨٧٥٩٣ | ٤٨,٢٤ |
| عەرەب | ٢٧١٢٧ | ٢٢,٥٣ | ٨١٤٩٣ | ٣٠,٧٣ | ١٠٩٦٢٠ | ٢٨,١٩ |
| تورکمان | ٤٥٣٠٦ | ٣٧,٦٢ | ٣٨٠٦٥ | ١٤,١٨ | ٨٣٣٧١ | ٢١,١٤ |
| ئاشوری | ١٥٠٩ | ١,٢٥ | ٩٦ | ٠,٠٣ | ١٦٠٥ | ٠,٤١ |
| سەرجەم | ١٢٠٤٠٢ | – | ٢٦٨٤٣٧ | — | ٣٨٨٨٣٩ | — |

المصدر: فريد اسسرد، المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية السليمانية ٢٠٠٤، ص ٢١٢ — ٢١٣

عەرەب لەقەزاو ناحیەکانی سەر بەپارێزگاکەدا لەدوای ژمارەی کورد دێت کە (٨١٤٩٣) کەس بووە، لەکۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە، نەتەوەی عەرەب ژمارەیان (١٠٩٦٢٠) کەس بووە. ئاشورییەکان ژمارەیان لەناو شاری کەرکوکدا (١٥٠٩) کەس بووە، لەقەزاو ناحیەکاندا (٩٦) کەس‌و لەکۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە، ژمارەیان (١٦٠٥) کەس





بووە[55].

ئەوەی لەسەیرکردنی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ دوە دەردەکەوێت، ڕێژەی هەریەکە لەنەتەوەکان لەسەر ئاستی پارێزگای کەرکوك، دەردەکەوێت کە نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی پارێزگاکە بەپلەی یەکەم دێت کە ڕێژەکەی دەگاتە (٤٨,٥٪)ی سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکە، نەتەوەی عەرەب بەرێژەی (٢٨,٢٪) لەسەرئاستی پارێزگاکە بەپلەی دووەم دێت، نەتەوەی تورکمان بەپلەی سێیەم دێت بەرێژەی (٢١,٢٪)و سریانی ڕێژەکەی (٠,٥٪)و نەتەوەکانی تر ڕێژەکەیان (١,٦٪)ی سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك پێکدێنن[56].

٭ لەناونووسی ساڵی ١٩٥٧ دا قەزای ناوەندی کەرکوك (١٥٥) دێی لەسەر تۆمار کراوە، کۆی دانیشتوانی ئەم ئاواییانە (٢٨٢٣٧)کەسە[57].

ناحیەی قەرە حەسەن (لەیلان) کە تێکەڵە لەچەند کۆمەڵە نەتەوەیەکی جیاواز، کۆمەڵەی کوردی زۆرینەی ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە پێکدەهێنێت کە عەشیرەتەکانی تاڵەبانی‌و بەرزنجی‌و شوانن[58].

---

[55] فريد اسسرد ، المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ٢١٢.

[56] جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلۆتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، لا ١٨١.

[57] محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٣.

[58] د. شاكر خصباك، المصدر السابق ص ١٥٦

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**خشتەی ژمارە (٤)**

**دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك بە پێی نەتەوەکان**

**لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ـ ١٩٧٧دا**

| نەتەوە | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| کورد | ١٨٧٥٩٣ | ٪٤٨,٢٤ | ١٨٥٢٦٣ | ٪٣٧,٦ |
| عەرەب | ١٠٩٦٢٠ | ٪٢٨,١٩ | ٢١٨٧٥٥ | ٪٤٤,٤ |
| تورکمان | ٨٣٣٧١ | ٪٢١,١٤ | ٨٠٣٤٧ | ٪١٦,٣ |
| ئاشوری | ١٦٠٥ | ٪٠,٤١ | ـ | ـ |
| سریانی | ـ | ـ | ٤٦٣١ | ٪١,٧ |
| هی تر | ـ | ـ | ٣٦١٩ | |
| سەرجەم | ٣٨٨٨٣٩ | ـ | ٤٩٢٦١٥ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە:

١) جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣

٢) د.خلیل اسماعیل محمد، مؤشرات سیاسة التعریب والتهجیر فی اقلیم کردستان العراق، الطبعة الثالثة، اربیل، ٢٠٠٢ ص ١٦

٣) المصدر: فرید اسسرد، المسألة الکردیة بعد قانون ادارة الدولة العراقیة، السلیمانیة ، ٢٠٠٤، ص٢١٢ ـ ٢١٣.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ گەیشتوەتە (١٣٠١) کەس، نیوەیان کوردو ئەو نیوەیەی تریان تورکمانی شیعەن. ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی ناحیەکەش، بەگوێرەی هەمان سەرژمێری (١٢٥٠٩) کەس بووە، هەمووی کوردن.

ناحیەی پردێ (ئاڵتوکۆپری) ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (٣٨٥٥) کەس بووە، زۆربەیان کوردن‌و هەندێکیشیان تورکمانن، بەڵام تێکڕای دانیشتوانی گوندەکانی سەر بەم ناحیەیە بەپێی هەمان سەرژمێری (١٤٨٦٣٩) کەسن، هەموو کوردن[59].چونکە (دوبز) ئەوێ ڕۆژێ گوندێك بوو سەر بەم ناحیە بوو هێشتا نەکرابوو بەناحیە[60].

⋆ ناحیەی شوان بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی (١٣٣٠٢) کەسە[61].

کە کۆمەڵەی کوردی زۆرینەی ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە پێك دێنن وە دابەش بوون بەسەر عەشیرەتەکانی شوان‌و شێخ بزێنی[62].

قەزای دووزخورماتو بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ کۆی دانیشتوانی (٦٨٥٥٤) کەسە، هەر بەپێی هەمان سەرژمێری کۆی دانیشتوانی قەزای

---

(59) د.نوری تاڵەبانی، ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٦.

(60) محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٨.

(61) هەمان سەرچاوەی پێشوو لا١٤١.

(62) د.شاکر خصباك، المصدر السابق ص ١٥٥.

دووزخورماتو (ناوەند)و دەوروبەری (٣٨٢٨٠) کەسە[63].

★ناحیەی داقوق چەند کۆمەڵە نەتەوەیەکی تێدا دەژی، کە کوردو عەرەبو تورکمانن، کە کۆمەڵەی کوردی ڕێژەیەکی زۆر گەورە پێکدێنێت لەناحیەکەدا کە لەعەشیرەتەکانی تاڵەبانیو کاکەییو داودە پێکدێن[64].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ کۆی دانیشتوانی بەناوەندی ناحیەکەشەوە (١٦٨٤٨) کەس بووە[65]. کە ژمارەی کورد بەپێی سەرژمێری ناوبراو دەگاتە (١٠٥٦٧) کەس و ژمارەی عەرەبیش دەگاتە دەوروبەری (١٣٧٠) کەس[66].

★ناحیەی قادر کەرەم بەگوێرەی هەمان سەرژمێری دانیشتوانی ژمارەیان (١٣٤٢٦) کەسەو هەمووشی کورد بوون[67]. نەتەوەی کورد لەم ناحیەدا زۆرینەیەو دابەشبوون بەسەر چوار عەشیرەتدا کە ئەوانیش: زەنگەنەو تاڵەبانیو شێخانیو جەبارین[68].

★قەزای دوزخورماتوو دووەم گەورەترین قەزای پارێزگای کەرکوکە لەرووی رووبەرو ژمارەی دانیشتوانەوە لەدوای قەزای ناوەندی کەرکوک، پێش ئەوەی بلکێنرێت بەپارێزگای سەلاحەدینەوە، لەساڵی ١٩٥٧ دا ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە ٤/١ ی سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکە بوو، کورد

(63) محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٩.

(64) د. شاکرخصباك، المصدر السابق ص ١٥٦.

(65) محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٠.

(66) د.نوری تاڵەبانی، ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٦.

(67) هەمان سەرچاوەی پێشوو لا٩٩.

(68) د. شاکر خصباك، المصدر السابق ص ١٥٤.





٥٥٪ ی دانیشتوای قەزاکە پێکدەهێنێت، دوای کوردیش نەتەوەی تورکمان دێت، پاشان نەتەوەی عەرەب دێت[69].

★ قەزای کفری هەر لەسەردەمی عوسمانییەوە سەر بەپارێزگای کەرکوک بووە، بەناوی قەزای (صلاحیە)، کە نزیکەی ٤/١ی سەرجەمی رووبەری پارێزگای کەرکوك پێکدەهێنا، هەروەها ١٥٪ی کۆی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بووە[70]. ژمارەی دانیشتوانی قەزای کفری بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، (٦٤١٣٥) کەسە، زۆرترینیان کوردنو پاش ئەوان عەرەبو ئینجا تورکمان دێن (بەهەرسێ ناحیەکەوە پێباز ــ شێروانە ـ قەرەتەپە).

★ ناحیەی شێروانە (سەرقەڵا) بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧و سنوری ئیداری ئەو سەردەمەی ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە (٢٣٣٧١) کەس بوونو هەمووی کورد بوون.

ژمارەی دانیشتوانی قەرەتەپە بەپێی هەمان سەرژمێری (٢٧٩٤٢) کەس بوون، ئەمانە هەموو بەکوردو عەرەبو تورکمانیانەوە، وە ناحیەی پێباز بەپێی سەرژمێری ناوبراو ژمارەی دانیشتوانی (٦٨٨٦) کەسەو هەموو کوردن[71].

لەناحیەی مەرکەزی قەزای کفری دا چەند نەتەوەیەکی جیاواز دەژین،

(69) د.خلیل اسماعیل محمد، دراسات في التكوین القومی للسکان، الطبعة الاول، ٢٠٠٢، ص٣٧.

(70) المصدر نفسه، ص ٣٦.

(71) د. نوری تاڵەبانی، ، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٠.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کە نەتەوەی کورد زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن، هەروەها کۆمەڵەی کوردی لەناحیەکانی پێبازو قەرەتەپەو شێروانەش زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، کە لەدوای کورد، عەرەب بەپلەی دووەم دێت، پاش ئەوانیش تورکمان[72].

قەزای چەمچەماڵ تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی١٩٥٧، (٣٤٢٩٩) کەس بووە کە هەمووی کوردن[73].

ژمارەی دانیشتوانی مەرکەزی ناحیەی ئاغجەلەرو دێیەکانی بەپێی سەرژمێری ساڵی١٩٥٧ (١٣٣٥٥) کەسە، وە ناحیەی سەنگاو لەسەرژمێری ناوبراودا کۆی دانیشتوانی ناحیەو دێیەکانی (٩٥٤٠) کەسە[74].

(72) د. شاكر خصباك، المصدر السابق ص ١٥٥.

(73) د. نوری تاڵەبانی، ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٤.

(74) محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧١ – ٢٨٦.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## خشتەی ژمارە ( ٥ )

### دانیشتوانی کورد لە پارێزگای کەرکوك بە پێی قەزا

| قەزا | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|
| کەرکوك | ٪٤٠,٩ | ٪٤٠,٥ |
| دووبز | – | ٪٥٢,٢ |
| حەویجە | ٪٥ | ٪٤ |
| کفری | ٪٥٣,٧ | ٪٥١,٥ |
| چەمچەماڵ | ٪١٠٠ | ٪٩٧,٧ |
| کەلار | – | ٪٥٨,٣ |
| دووزخورماتوو | ٪٥٤,٧ | ٪٤٥,٢ |
| پارێزگا | ٪٤٨,٢ | ٪٣٧,٥ |

سەرچاوە: د.خلیل اسماعیل محمد، گۆڕینی سنووری ئیداری پارێزگای کەرکوك، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ١، ساڵی ١٩٩٨ لا ٥٢.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## خشتەی ژمارە ( ٦ )

**دانیشتوانی کارگێڕییەکانی پارێزگای کەرکوك بەگوێرەی نەتەوەیی ساڵی ١٩٧٥**

| یەکەی کارگێڕی | عەرەب | کورد |
|---|---|---|
| ناحیەی قەرە حەسەن | ٪١٤,٦ | ٪٧٥,٧ |
| ناحیەی ئاڵتون کۆپری | ٪٥,٥ | ٪٧٥,٦ |
| ناحیەی شوان | ٪٠,٢ | ٪٩٨,٢ |
| ناحیەی قادر کەرەم | ٪٠,٨ | ٪٩٨,٧ |

سەرچاوە: د. خلیل اسماعیل محمد، ڕەهەندی نەتەوەیی نیشتەجێبوونی عەرەب لەپارێزگای کەرکوك، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢٠، هاوینی ٢٠٠١، لا ٢١٢.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

### تەوەرەی سێیەم:

### ئـەو گۆڕانکارییـە کارگێڕییانـەی کـە بەسـەر سـنووری کـارگێڕی پارێزگای کەرکوکدا هاتوون لەنێوان ساڵانی ( ١٩٥٧ – ١٩٨٧ )

پارێزگـای کـەرکوك بەدرێـژایی حـوکمی ڕژێمـی پاشـایەتی لـەم یەکـە کارگێڕییانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

(١) قـەزای کـەرکوك: بەناحیـەکانی ناوەنـد، قـەرە حەسـەن، ئـاڵتون کۆپری، حەویجەو شوان.

(٢) قەزای کفری: بەناحیەکانی ناوەند، قەرەتەپە، شێروانەو پێباز.

(٣) قەزای دوزخورماتوو: بەناحیەکانی ناوەند، قادر کەرەمو داقوق.

(٤) قەزای چەمچەماڵ: بەناحیەکانی ناوەند، ئاغجەلەرو سەنگاو.[75]

لـەماوەی نێـوان سـاڵی (١٩٥٧ – ١٩٨٧) کـە پێکهاتـە کارگێڕییەکـەی پارێزگاکە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە کە کاریگەری کردۆتـەوە سـەر ڕووبەرو قەوارەو پێکهاتەی دانیشتوان.[76]

لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧ – ١٩٦٥) چـەندین گۆڕانکـاری لەپێکهاتـەی کـارگێڕی پارێزگاکـەدا ڕوویـدا، لەوانـە پێکهێنـانی قـەزای حەویجـە لەسـاڵی ١٩٦٢ دا کـە ڕووپێوەکـەی (٨٪)ی ڕووبـەری پارێزگاکـە بـوو، پێکهێنـانی

---

[75] د.خلیل ئیسماعیل محمد، گۆڕینی سنووری ئیداری پارێزگای کەرکوك، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە (١)، ساڵی شەشەم شوباتی ١٩٩٨ لا ٣٥.

[76] د.خلیـل ئیسـماعیل محمـد، کرکـوك (دراسـات في التكـوین القـومي للسكان)، الطبعـة الاولى، ٢٠٠٢، ص٢٦

ناحیەكانی تازەو دوبزو لكاندنیان بەقەزای ناوەندەوە، لەماوەی نێوان (١٩٦٥ — ١٩٧٠) دا،

ناحیەكانی ئامرلیو سلێمان بەگ پێكهاتنو لكێنران بەقەزای دوزخورماتووەوە، وە قرتاندنی ناحیەكانی پێبازو شێروانە لەقەزای كفریو لكاندنی بەقەزای تازە دامەزراوی كەلارەوە كە رووبەرەكەی ٢٤٪ ی رووبەری پارێزگاكە بوو. رێژەی دانیشتوانی قەزای حەویجە كە لەساڵی ١٩٦٢دا ١٧٪ی سەرجەمی پارێزگای كەركوكی پێكدەهێنا، لەم ماوەیەدا گەشەكردنی خێرای قەوارەی دانیشتوانی بەخۆوە بینی كە رێژەكەی ساڵانە گەیشتۆتە نزیكەی ٦٪، ئەم رێژەیەش بەرابەری رێژەكانی گەشەی دانیشتوانی پارێزگاكەیە، كە زۆربەی دانیشتوانی ئەم قەزایە لەخێڵە عەرەبە تازە نیشتەجێبووەكان بوون، لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ — ١٩٧٧) دا گۆڕانكارییە كارگێڕییەكان بریتی بوون لە:[77]

(١) قەزای كفری، بەهەرچوار ناحیەكەیەوە ـ جەبارە ـ سەرقەڵا ـ كۆكز ـ قەرەتەپە بە (١٤٥) گوندەوە خراونەتە سەر پارێزگای دیالە... ژمارەی دانیشتوانی (٥٥٠٥٩) كەسە.

(٢) قەزای دوزخورماتوو، بەهەر چوار ناحیەكەوە: قادر كەرەم، ئامرلی، سولەێمان بەگ، نەوجول، بە (١٨٦) دێیەوە خراوەتە سەر پارێزگای سەڵاحەدینو ژمارەی دانیشتوانی (٧٧٣٣٦) كەسە.

(٣) قەزای چەمچەماڵ بەهەردووناحیەكەیەوە، ئاغجەلەر ـ سەنگاو بە

[77] خلیل ئیسماعیل محمد، گۆڕینی سنووری ئیداری پارێزگای كەركوك، سەرچاوەی پێشوو لا ٣٥ — ٣٦.





(٢٢٥) ئاواییەوە، خراونەتە سەر پارێزگای سلێمانیو ژمارەی دانیشتوانی (٥١٠٠٤) كەسە.

(٤) قەزای كەلار بەهەردوو ناحیەكەیەوە پێباز ـ تیلەكۆ بە (١٧٧) گوندەوە خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانیو ژمارەی دانیشتوانی (٣٧٥٩٥) كەسە[78].

ئەم قەزایە (كەلار) لەدوای رێككەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دروستكرا، بەمەبەستی دابڕینو پچڕانی ئەو ناوچەو بەشانەی زۆرینەی كوردن لەپارێزگای كەركوكو دابەشكردنیان بەسەر پارێزگاكانی دەوروبەردا، قەزای كفری كرایە دوو بەشەوە، بەشێكی خرایە سەر پارێزگای دیالە، بەشی دووەمیشی كە قەزای كەلار لێیپێكهات، بەپێی فەرمانی كۆماری ژمارە (٦٠٨) لە١٩٧٥/١١/٦ دا. قەزای كەلاری نەخشەی كارگێڕی لەپارێزگای كەركوك هەڵوەشێنرایەوەو خرایە سەر پارێزگای سلێمانی[79].

وە لەئەنجامی ئەم گۆڕانكارییانەدا رووبەری پارێزگاكە بۆ كەمتر لەنیوەی رووبەری جارانی كەم بووە، لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧ — ١٩٨٧) گۆڕانێكی زۆر بەسەرسنووری كارگێڕی پارێزگاكەدا هات، لەوانە ناحیەكانی قەرە هەنجیر، یایچی، قەرە حەسەنو ناحیەی شوانی قەزای كەركوك هەڵوەشێنرانەوە، قەزاكە بێ لەناحیەی ناوەند تەنها ناحیەكانی داقوقو تازەی بۆ مایەوە، ناحیەی قودسی (سەرگەڕان)ی سەر بەقەزای دوبز

[78] محمد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو لا ٣٨.

[79] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٤٤ — ٢٤٥.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەڵوەشـێنرایەوە، ژمـارەی دانیـشتوانی قـەزای حەویجـە بەشـێوەیەکی نائاسـایی پـەرەی سـەند بەتایبـەتی پـاش لکانـدنی ناحیـەی زابـی سـەر بەپارێزگای نەینەوا بەقەزای حەویجەوە[80].

(80) د.خلیل ئیسماعیل محمد، گـۆڕینی سـنووری ئیـداری پارێزگـای کـەرکوک، سەرچـاوەی پێشوو، ل ٣٧ – ٣٨






مەکتەبی بیروهۆشیاری

## نەخشەی ژمارە ( ٨ )

## ( گۆڕانکاری لەسنووری کارگێڕی پارێزگای کەرکوکدا )




المصدر: احمد سوسه، اطلس الاداري، مطبعة مديرية المساحة العامة، بغداد، سنة ١٩٥٢، ص٥٤، بەدەستکاریی یەوە لەلایەن توێژەرەوە.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

### تەوەرەی چوارەم:
## سنوری كارگێڕی ئێستای پارێزگای كەركوك

لەكۆی (٧) ناحیەدا تەنیا قەزای ناوەندی كەركوك بە (١٤) گوندو بەناحیەكانی شوان و پردێ (ئاڵتون كۆپری) و دوبزو یایچی و تازەخورماتوو لەیلان (قەرە حسن) و داقوق و (٤٣٣) گوندو لەگەڵ قەزای حەویجە بەهەردوو ناحیەی ریازو عەباسیەوە بە (١٨٢) ئاوایی پاكتاوكراوی رەگەزییەوە مایەوە.

ئەم پارێزگایە تەنیا (٦٢٥) گوندی بۆ مایەوە، واتە (٤) قەزاو (١٤) ناحیەو (٧٤٣) گوندی لەكیس چوێنرا، هەر بەمەبەستی نەهێشتنی زۆرینەی كورد لەپارێزگای كەركوك دا لەساڵی ١٩٨٧ ناحیەكانی (شوان ـ لەیلان – قەرەهەنجیر – یایچی) لەقەزای ناوەندی كەركوك هەڵوەشێنرایەوە، ناحیەی عەباسیە لەقەزای حەویجەو ناحیەی سەرگەڕان (القدس) لەقەزای دوبز بەهەمان شێوە هەڵوەشێنرایەوە لەئەنجامدا پارێزگای كەركوك تەنیا (٧) یەكەی كارگێڕی بۆ مایەوە[81].

سنووری كارگێڕی ئێستای پارێزگای كەركوك لەم یەكە ئیدارییانە پێكدێت:

(١) قەزای كەركوك، بەناحیەكانی سەنتەری قەزا، داقوق و تازەخورماتوو.

(81) محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٩ – ٥٠





مەكتەبی بیروهۆشیاری

(٢) قەزای حەویجە، بەناحیەكانی ریازو عەباسیە.

(٣) قەزای دوبز، بەناحیەكانی پردێو سەرگەڕان (قودس).

رووبەری پارێزگای كەركوك بەهەرسێ قەزای (كەركوك، حەویجە، دوبز) بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ بریتی بووە لە (٩٦٥٩) كم٢.

### خشتەی ژمارە (٧)

**((یەكە بەڕێوەبەرایەتیەكانی پارێزگا (لیوا)ی كەركوك لەساڵی ١٩٥٧ تا سەرەتای ساڵی ١٩٩٠))**

| ساڵی ١٩٥٧ | سەرەتایی ساڵی ١٩٩٠ |
|---|---|
| قەزای كەركوك | قەزای كەركوك |
| سەنتەری قەزای كەركوك | سەنتەری قەزای كەركوك |
| ناحیەی قەرە حەسەن (لەیلان) | ناحیەی تازە خورماتوو |
| ناحیەی ئاڵتون كۆپری (پردێ) | ناحیەی دوبز |
| ناحیەی حەویجە | |
| ناحیەی شوان | |
| قەزای كفری | قەزای حەویجە |
| سەنتەری قەزای كفری | سەنتەری قەزای حەویجە |
| ناحیەی قەرەتەپە | ناحیەی ریاز |
| ناحیەی شێروانە | |
| قەزای دوزخورماتوو | قەزای داقوق |
| سەنتەری قەزای دوزخورماتوو | سەنتەری قەزای داقوق |
| ناحیەی قادركەرەم | ناحیەی رەشاد |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | |
|---|---|
| ناحیەی داقوق | |
| قەزای چەمچەماڵ<br>ناحیەی ئاغجەلەر<br>ناحیەی سەنگاو | |
| رووپێوی لیوای کەرکوک: ٢٠٣٥٥ کم٢ | رووپێوی پارێزگای کەرکوک: ٩٦٧٩ کم٢ |

سەرچاوە: مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، نەوتی کوردستانی عێراق (نەوت و چارەنووسی سیاسی کورد و کوردستان، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشی دووەم، چاپی یەکەم ١٩٩٨، لا ٥٨.

★ قەزای کەرکوک کە لەهەر سێ ناحیەی (سەنتەرو تازەخورماتوو و داقوق) پێکدێت، بەپێ ی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ رووبەرەکەی (٥٤٢٩)کم٢ بووە، کۆی دانیشتوانی ئەم قەزایە (٤٦٥٩٥٦) کەسە.

ناوەندی قەزای کەرکوک بەپێ ی هەمان سەرژمێری رووبەرەکەی (٤٠٦) کم٢ یە وەژمارەی دانیشتوانەکەی (١١٨٦٩٩) کەسە.

ناحیەی تازەخورماتوو رووبەرەکەی (١١٥٠)کم٢یەو ژمارەی دانیشتوانی (١٧٨٣٧) کەسە.

ناحیەی داقوق رووبەرەکەی (١١٥٧)کم٢یەو ژمارەی دانیشتوانەکەی (٩٤٢٥) کەسە[82].

[82] جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو لا ٢٢٢ .





مەکتەبی بیروهۆشیاری

★ حەویجە دەکەوێتە لای باکووری رۆژئاوای پارێزگای کەرکوکەوە، لەنێوان ساڵانی (١٩٤٣ – ١٩٦٢) سەنتەری ناحیەی حەویجە بووە، پێش ئەوەی بکرێتە سەنتەری قەزاکە بەناحیەکانی: ریازو عەباسیەو دواتر ناحیەی (زاب) هەوەها ناحیەی مەرکەز، لەساڵی ١٩٤٣ بڕیارێك دەرچوو بەپێکهێنانی ناحیەی حەویجە لەجیاتی ناحیەی (مەلحە) کە سوودی لێ دەبینرا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی حەویجەی ئاودێری لەپێناوی نیشتەجێکردنی هەزاران کەس لەدانیشتوانی عەشایەری عەرەبی کۆچەری.

قەزای حەویجە لەساڵی ١٩٦٢ دروست کرا، هەردوو ناحیەی ریازو ناوەندی گرتبووە خۆ دواتر لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا ناحیەیەکی تازەی دیکەی بۆ زیاد کراوە بەناوی (**العباسية**). لەساڵی ١٩٨٤ ناحیەی زاب (شەك)ی سەر بەپارێزگای موسڵی خرایەسەر، زۆربەی دانیشتوانەکانی لەهۆزە عەرەبەکانی جبورو عبیدو **طائی**و حەدیدی یەکانن[83].

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ (٢٥٤١) کم٢یە، ژمارەی دانیشتوانی (٨٦١٤٩) کەسە.

ناوەندی قەزای حەویجە رووبەرەکەی (٥٩٦)کم٢یەو ژمارەی دانیشتوانی (٣٩٠٩٩) کەسە. ناحیەی عەباسیە رووبەرەکەی (٦٣٤)کم٢ یەو ژمارەی دانیشتوانەکەی (١٨١٦٩) کەسە.

ناحیەی ریاز رووبەرەکەی (١٣١١)کم٢ یەو ژمارەی دانیشتوانی (٢٨٨٨١) کەسە[84] .

[83] ٢٢٢محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٦

[84] جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو لا ٢٢٢ .

★ قەزای دبس (دوبز) دەكەوێتە باكووری رۆژئاوای پارێزگای كەركوك، لەباشوورییەوە قەزای ناوەندی كەركوك‌و لەباشووری رۆژئاوایەوە قەزای حەویجەیە، لەباكوورو باكووری خۆرئاواوە سنووری پارێزگای هەولێرو لەرۆژهەڵاتەوە قەزای چەمچەماڵە* شارۆچكەی (دوبز) لەساڵی ١٩٧٤ پێكهێنراوە، دانیشتوانەكەی لەم ساڵەدا (٨٪) كۆی دانیشتوانی پارێزگای كەركوك بووە، بەڵام ئەم رێژەیە دابەزیوە بەشێوەیەك لە (٥٪) تێنەپەڕیوە، لەساڵی ١٩٧٧ [85] .

قەزای دوبز بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ رووبەرەكەی (١٦٨٩)كم٢ یە، كۆی ژمارەی دانیشتوانی قەزاكە (٢٩٨٢٨) كەسە.

ناوەندی قەزای دوبز رووبەرەكەی (٥٤٧)كم٢ یە، ژمارەی دانیشتوانەكەی (٢٢٣١٦) كەسە.

ناحیەی ئاڵتون كۆپری (پردێ) رووبەرەكەی (٣٣٥)كم٢ یەو ژمارەی دانیشتوانی (٧٥١٢) كەسە.

ناحیەی القدس (سەرگەڕان) رووبەرەكەی (٨٠٧)كم٢ یە[86].

لەئەنجامی ئەو گۆڕانكارییە كارگێڕییانەی كە بەسەر پارێزگای كەركوكدا هاتووە بووەتە هۆی كەم بوونەوەی رووبەرو سنووری پارێزگای كەركوك

---

* هەردوو توێژەر

[85] جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو لا ٢٢٢

[86] د.خلیل اسماعیل محمد ، كركوك دراسات فی التكوین القومی للسكان ،المصدر السابق، ص ٤٣





بەشێوەیەك، كە زیاتر لەنیوەی رووبەری پارێزگاكەی لێدابڕاوەو ئەمەش كاریگەری كردۆتە سەر پێكهاتەو قەوارەی دانیشتوان لەپارێزگاكەدا بەجۆرێك، كە ژمارەو رێژەی دانیشتوانی كورد لەپارێزگاكەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو كەم بووەتەوە، كە لەساڵی ١٩٥٧ دا رێژەی كورد (٤٨,٥٪)ی سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاكە بووە، بەڵام لەساڵی ١٩٧٧دا ئەم رێژەیە دابەزیوە بۆ (٣٧,٦٪)، لەبەرامبەر ئەمەدا رێژەی دانیشتوانی عەرەب لەپارێزگاكەدا بەرەو بەرز بوونەوە رۆیشتووە كە لەساڵی ١٩٥٧ دا رێژەی عەرەب (٢٨,٢٪)ی سەرجەمی دانیشتوان بووە لەپارێزگاكەدا، ئەم رێژەیە لەساڵی ١٩٧٧دا بووەتە (٤٤,٤٪)، كە ئەم گۆڕانەش خۆی لەجێبەجێكردن‌و گرتنەبەری سیاسەتی تەعریب‌و پاكتاوی رەگەزیدا خۆی دەبینێتەوە.

بۆ ئاساییكردنەوەی سنووری پارێزگای كەركوك بەو شێوەی كە پێش گۆڕینی سنوورەكەی‌و تێكدانی سنووره كارگێڕییەكەی پێویستە ئەو قەزاو ناحیانەی كەلێی دابڕاون بخرێتە سەر سنووری كارگێڕی پارێزگاكەو لەگەڵ ئەو یەكە ئیدارییانەی كە هەڵوەشێنراوەتەوە. ئەو قەزاو ناحیانەی كە پێویستە بخرێنەوە سەر سنووری پارێزگای كەركوك:

قەزای كفری بەهەرچوار ناحیەكەیەوە، ناحیەی قەرەتەپەو ناحیەی جەبارەو ناحیەی كۆكزو سەرقەڵا.

قەزای كەلار بەناحیەكانیەوە، ناحیەی پێبازو تیلەكۆوە.


قەزای چەمچەماڵ بەهەردوو ناحیەی سەنگاوو ئاغجەلەر.

قەزای دوزخورماتوو بەناحیەكانیەوە، قادركەرەم‌و ئامرلی‌و سولەیمان بەگ‌و نەوجەل.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## نەخشەی ژمارە (٩)

## سنووری کارگێڕی ئێستای پارێزگای کەرکوك




المصدر : احمد سوسة ، اطلس الاداری ، مطبعة مديرية المساحة العامة، بغداد، سنة ١٩٥٢ ، ص٥٤ ، بەدەستکارییەوە لەلایەن توێژەرەوە





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەرەی پێنجەم:

## بایەخ و گرنگی پارێزگای کەرکوك

ئەوەی گرنکە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە شاری کەرکوك نزیكو هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگاکانی سلێمانیو دیالەو موسڵو هەولێرو پەیوەندیەکی بازرگانی بەهێز لەنێوانیان دا هەیەو ئەم شارە شوێنێکی ناوەندی هەیە لەنێوان پارێزگاکانی کوردستاندا(87) .

ئەم شارە وەکو پردێك بووە بۆ بەیەك گەیاندنی ناوچەکانی باکوورو باشووری کوردستان لەبەرئەوە گۆڕینی رووی ڕاستی نەتەوایەتی لەم شارە هۆیەکی ئاسانە بۆ قوتدانی ناوچە کوردییەکانی تر، هەروەها زنجیرەی پێکەوە بەستنە لەنێوان ناوچە کوردییە فەیلییەکانو ناوچەکانی بادینان: دەبینین ئینگلیزەکان کاتێك پرۆژەکانی هێڵی شەمەندەفەریان راکێشا لەنێوان (بەغدا – هەولێر) ئەو هێڵە دەڕۆی بەناوچەکانی کفریو دوزخورماتوو کەرکوكو پردێو هەولێر، چونکە رێگەی نێوان (سلێمانیو هەولێر) خەڵکی کەم پێدا دەڕواتو ئارەزوو دەکات بەکەرکوکدا بێتو بچێت بۆ سلێمانی چونکە کورت ترە. ئەوەی گرنگی ئەم شارە زیاد دەکات ئەوەیە کە دەڕوانێت بەسەر (زێی بچوكو رووباری سیروان) کە دەتوانێت

(87) محمد عبدالله عمر، الامن القومى الكردى لاراضي محافظة كركوك الزراعية، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارە (١) أيلولی ١٩٩٨، لا ١٣٢.

ئەم شارە دابڕێت لەناوچە كوردییەكان، ناتوانرێت ئـەم ڕووبارانـە ببڕێـت بەدروستكردنی پردێك لەسەریان[88].

شوێنی ستراتیجی پارێزگای كـەركوك كـە بریتییـە لەشـوێنی یـەكگرتنی ڕێگاكـانی هاتوچـۆی باكووروناوەڕاسـتی عێـراق كـە ئەمـەش گرنگـی ئـەم پارێزگایە زیاد دەكات لەرووی ستراتیجی یەوە[89].

گرنگی پارێزگای كەركوك تەنها لەڕووی شوێنە جوگرافییەكەیەوە نییە، بـەڵكو گرنگـی زۆری هەیـە لـەڕووی هـەبوونی نەوتـەوە كـە لەسـاڵی ١٩٢٧دا یەكەم بـیرە نـەوتی تیـادا دۆزرایـەوە، لەرێگـەی بـۆری گواسـتنەوەو لەسـاڵی ١٩٣٤دا بـۆ دەرەوە دەنێـررا، لەگـەڵ ئەوەشـدا گرنگـی زۆری هەیـە لـەڕووی پێكهاتـەی نەتـەوەیی دانیـشتوانەوە، كـە چـەندین نەتـەوەو تـیرەو دینـی جیاوازی تێدا دەژی، كە لەگەڵ نەتـەوەی كورددا (كـە زۆرینـەی دانیـشتوان پێكـدێنن) نەتـەوەی توركمـانو عـەرەبو ئاشـوری تێـدا دەژی، لەبـەر ئـەم گرنگییانــە ئــەم پارێزگایــە بــەردەوام جێــی بایــەخو گرنگــی پێــدانی دەسەڵاتدارانی حكومەتی عێراقی بووە[90].

---

(88) ئاران، (ئارابخای وڵاتی كوردەواری لەمێژوودا)، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە ١٦ تایبـەت بەپارێزگای كەركوك، حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠١، لاپەڕە ١٧٤.

(89) عونی الداودی، كركوك المدینة الضاحكة بالنـار والنـور، مـن منـشورات مكتـب الفكـر والتوعیة، سلیمانیة، ٢٠٠٢، ص ٣٥.

(90) د.خلیل اسماعیل محمد، مؤشرات سیاسة التعریـب والـتهجیر في اقلـیم كردسـتان العـراق، الطبعة الثالثة، اربیل، ٢٠٠٢، ص ١٢





لەوردبوونــەوە لەسیاســەتی تــەعریبو راگواســتنو كــۆچ پێكردنــی دانیـشتوانی ناوچـە نەوتییـەكان لەهـەرێمی كوردسـتاندا، لـەپێناوی خـاڵی كــردنو كەمكردنـــەوەی دانیـــشتوانی كـــورد لەچوارچـــێوەی ناوچـــە نەوتییەكاندا، دەبینین لەپارێزگای كەركوكدا كە سیاسەتی شۆڤێنی پەیڕەو كـراوە كـە بەڵگەیەكـە لەسـەر دەوڵەمـەنی پارێزگاكـە بەنـەوت، هەڵوێـستی دەسـەڵاتدارانی عێراقـی لەمافـەكانی گـەلی كـورد، نەگەیـشتنە ئـەنجامی شۆڕشی كورد لەگەڵ حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی پێشووی عێـراق بـۆ گەیـشتن بەرێككـەوتنێكی ئاشـتییانە لـەبارەی پەیوەسـتكردنو گەڕانـەوەی پارێزگـای كـەركوك بـۆ سـەر هـەرێمی كوردسـتان، بەدرێـژایی مـاوەی گفتوگۆكانی نێوانیـان، هـەروەها نـەوتی كـەركوك دادەنرێـت بەسەرچاوەی سەرەكی پاڵاوتنی نەوتی عێراق، لەگەڵ ئەمەدا ئامارەكان ساڵی ١٩٩٧ ئاماژە بـەوە دەكـەن كـە بـیرە نەوتـەكانی كـەركوك ٧٣,٧٪ی پێداویـستی پـاڵاوتنی نەوتی عێراق رۆژانە دابین دەكات.

جێگای ئاماژە پێ كردنە، كە بیرە نەوتەكانی پارێزگای كەركوك لەنێوان سـاڵانی (١٩٢٧ – ١٩٧٤) زیـاتر لـە (٧٠,٢٪) بەرهـەمی نـەوتی عێـراق بـووە، لەماوەی ساڵانی جەنگی نێوان عێراق – ئێـران دا (١٩٨٠ – ١٩٨٨) بەرهـەمی نەوتی پارێزگای كەركوك زیادی كردووە كە گەیشتوەتە نزیكەی (٤٠ ملیۆن تـەن لەسـاڵی ١٩٨١) و (١٢٦ ملیـۆن تـەن لەسـاڵی ١٩٨٧)، لـەماوەی ئابلۆقـەی نێودەوڵــەتی ســەپێنراو بەســەر عێــراق داو بەتایبــەتی لەســاڵی ١٩٩٧ دا

بەرهەمی نەوتی پارێزگاکە نزیکەی (٦٧٪)ی کۆی بەرهەمی نـەوتی عێـراق بووە[91].

[91] د. جزا توفيق طالب، اقليم كوردستان العراق دراسة في الجغرافية السياسية، رسالة دكتوراه، غير منشورة، قدمت الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية، سليمانية، ٢٠٠٤، ص ٢٥٩



مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەندی دووەم:
## ناوچەکانی ململانێ لەپارێزگای موسڵدا

### تەوەری یەکەم:
### شــوێن و رووبــەری یەکــە کارگێڕییــەکانی ناوچــەکانی ململانــێ لە پارێزگای موسڵدا

پارێزگـای موسـڵ ((نەینـەوا)) دەکەوێتـە بەشـی بـاکووری خۆرئـاوای عێراقـەوە لـەنێوان هـەردوو هێڵـی پـانی (٣٤,١) – (٣٧,٣)ی بـاکوور لـەنێوان هەردوو هێڵی درێژی (٤١,٢) – (٤٤,١)ی رۆژهـەڵات، لەباکووریـەوە پارێزگـای دهـۆك و کۆمـاری عـەرەبی سـوریایە، لـەرۆژ هەڵاتـەوە هـەردوو پارێزگـای هەولێر و کەرکوکە، لەباشووریەوە هەردوو پارێزگای سـەلاحەدین و ئـەنبار، هەروەها لەرۆژئاواوە دراوسێی سوریایە[92].

رووبەری پارێزگـای موسـڵ بـەپێی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٧٧، (٣٧٦٩٨)کـم٢ بووە، لـەکۆی ئـەم رووبـەرە ناوچـە کوردییـەکان لەپارێزگاکـەدا رووبـەریان (١٥١٩٢)کم٢ بووە، نزیکەی (٤٠,٣٪)ی کۆی رووبـەری پارێزگاکـە دەگرێتـەوە، بەمەش نزیکەی (١٧,٦٧٪)ی رووبەری هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت[93].

[92] د. خليل اسماعيل محمد (دهوك – نينوى) دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية، سليمانية، ٢٠٠٥، ض ٨.

[93] )محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣١٨.

رووبەری پارێزگاکە نزیکەی (٣٥٨٩٩)کم٢، کە ٨,٣٪ی کۆی رووبەری عێراق پێکدەهێنێت، ئەم رووبەرە دابەش دەبێت بەسەر یەکە ئیدارییەکانی قەزاکانی: موسڵ – حەمدانیە – تەلکێف – شەنگار – تەلەعفەر – شێخان – الحضر – بەعاج، قەزای ئاکرێ کە لەپارێزگای دهۆك دابڕاو پاشان دوای راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ گەڕایەوە سەر پارێزگای دهۆك[94].

## ( ١ ) قەزای موسڵ

سنووری ئەم قەزایە لەباکوورەوە قەزای شێخانو تەلکێفە، لەباشوورەوە قەزای (الحضر)و لەباشووری رۆژهەڵاتەوە قەزای حەمدانیە یە، لەرۆژهەڵاتەوە قەزای ئاکرێیەو، لەرۆژئاواوە بەقەزای تەلەعفەر دەورە دراوە.*

رووبەری ئەم قەزایە لەساڵی ١٩٧٧دا (٢٢٢٩)کم٢ بووە[95]. لەساڵی ١٩٨٧ دا رووبەرەکەی بووەتە (١٤٤٢) کم٢ بووە[96].

(94) د. خليل اسماعيل محمد (دهوك – نينوى) دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان المصدر السابق ص ٨.

* هەردوو توێژەر.

(95) د. عبداللە غفور، دابەش بوونی جوگرافیی دانیشتوان لەهەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢)، ساڵی هەشتەم، مایسی ٢٠٠٠، لا ١٣.

(96) د. عبداللە غفور، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، لا ١٠٧.





### أ- سەنتەری قەزا

سنوورەکەی لەباکوورەوە ناحیەی (وان)ە لەقەزای تەلکێفو لەرۆژئاواوە ناحیەی (حمیدات)ە لەقەزای تەلەعفەرو لەباشوورییەوە ناحیەی (حمام عەلیل)ەو لەرۆژهەڵاتو باکووری رۆژهەڵاتەوە ناحیەی (بەعشیقە)یە*.

رووبەری سەنتەری قەزا بەپێی سەرژمێری ساڵی١٩٧٧ (٩١٥) کم٢ بووە[97].

رووبەری بەشی کوردی مەڵبەندی موسڵ نزیکەی (٢٠٨) کم٢یە[98].

### ب- ناحیەی بەعشیقە

دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی تازەی موسڵ – بەردە رەش – ئاکرێ، وە١٣ کم لەمەڵبەندی پارێزگای موسڵەوە دوورە، لەباکوور چیای مەقلوب کە ناحیەکە لەقەزای شێخان جیادەکاتەوەو دەوری دەدات، لەباشوور قەزای حەمدانیەیەو لەرۆژهەڵات رووباری ((خازر))ە ، کە ناحیەی عەشائر سەبعە (بەردەڕەش))ی سەر بەقەزای ئاکرێی لێ جیادەکاتەوە، لەرۆژئاوا مەڵبەندی موسڵ دەوری دەدا[99].

* هەردوو توێژەر.

(97) د. عبداللە غفور، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢)، مایسی٢٠٠٠، لا ١٣.

(98) خسرو گۆران، کورد لەپارێزگای موسڵ دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، لا١٠٦.

(99) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٩.

رووبەری ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٧٧دا (٥٢٧) کم٢ بووە[100].

ناحیەی زاب (شەك) کە پێش ساڵی ١٩٨٤ سەر بەقەزای موسڵ بوو لەپارێزگای نەینەوا، لەساڵی ١٩٨٤دا ئەم ناحیەیە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی لەهۆزە عەرەبەکانی جبور – عوبید – طائی – حەدیدیەکانن، خرایە سەر قەزای حەویجە سەر بەپارێزگای کەرکوك[101].

کە ئەمەش لەرووبەری قەزاکەی کەم کردەوە لە (٢٢٢٩) کم٢ و بوو بە (١٤٤٢)کم٢ لەساڵی ١٩٨٧، کە رووبەری ناحیەی زاب (شەك) لەساڵی ١٩٧٧دا (٧٨٧)کم٢ بووە[102].

### ( ٢ ) قەزای حەمدانیە ( قەرەقوش )

دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی بەشی کوردی لەپارێزگای موسڵو لەباکووردا قەزای ئاکرێو قەزای موسڵ دەوری دەدات، لەرۆژهەڵاتو باشووریشدا رووباری زێی گەورەو لەرۆژئاواش رووباری دیجلە. رووبەری قەزاکە بەپێی دواین دابەشکردنی ئیداری دەوڵەتی عێراقی دەگاتە (١١٨٨) کم ٢ [103].

---

(100) د. عبداللە غفور، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢)، لا ١٣.

(101) محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٩.

(102) د. عبداللە غفور، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢)، ٢٠٠٠، لا ١٣.

(103) خسروگۆران، بوونی کوردلەپارێزگای موسڵ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی/ژمارە ١١





### أ- مەڵبەندی قەزا

شارۆچکەی قەرەقوش (حەمدانیە) دەکەوێتە باشووری رێگای سەرەکی نێوان موسڵو هەولێر، لەباکووردا ناحیەی بەرتیلەو لەباشوور ناحیەی نەمرودو لەرۆژهەڵات رووباری (خازر) کە لەناحیەی کەڵەکی جیادەکاتەوە، لەرۆژئاواوە روباری دیجلەو قەزای موسڵ دەورەی دەدەن، نزیکەی (٣٧)کم لەمەڵبەندی پارێزگای موسڵەوە دوورە. رووبەری ئەم ناحیەیە (١٧٥)کم٢ یە بەپێی ساڵی ١٩٨٧ [104].

### ب- ناحیەی بەرتیلە

ناحیەی بەرتیلە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری قەزاکە، لەسەر رێی سەرەکی نێوان موسڵو هەولێرو ٢٢ کم لەشاری موسڵەوە دوورە، بەرتیلەش ناحیەیەکی گەورەیەو مەسیحی یەکان بەهەموو تایفەکانیانەوە زۆربەی دانیشتوانی پێکدێنن، رووبەری ناحیەکەش بەپێی دابەشبوونی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ (٢١٥)کم٢ بووە[105].

---

کۆتایی ئایاری ١٩٩٩، لا ٤.

(104) خسرو گۆران، کورد لەپارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو لا ٨٢ – ٨٣.

(105) خسرو گۆران، بوونی کورد لەپارێزگای موسڵ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١١، لا ٦.

### ج- ناحیەی نەمرود (خدر ئەلیاس)

دەكەوێتە ئەو پەڕی باشووری ناوچە كوردییەكانی پارێزگای موسڵ، لەو سێ گۆشەی رووباری زێی لەرۆژهەڵات پێكیدێنێت، كە دەڕژێتە رووباری دیجلە لەباشووری ناحیەكەدا، رووبەری ناحیەكە (٤٣٧)كم٢ یە[106].

### د- ناحیەی كەڵەك (ئاسكی كەڵەك)

سنووری كارگێڕی لەباكووردا بەقەزای ئاكرێ، لەباشووردا بەپارێزگای هەولێرو ناحیەی نەمرود، لەرۆژهەڵاتدا بەپارێزگای هەولێر، لەرۆژئاوادا بەناحیەكانی حەمدانیەو نەمرود دەورە دراوە.

رووبەرەكەی (٣٤٥)كم٢ یە لەساڵی ١٩٧٦دا[107].

بەپێی دابەشكردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ (٣٢٥)كم٢ یە[108].

### (٣) قەزای تەلكێف

تەلكێف تا پێش ساڵی ١٩٧٠ ناحیەیەك بووە سەر بەقەزای ناوەندی موسڵ، لەساڵی ١٩٧٠ ناحیەی تەلكێف دەبێتە قەزاو پاشان ناحیەی ئەلقوش (ئەلكێش) لەقەزای شێخان لێ ئەكرێتەوەو دەخرێتە سەر قەزای تازە

(106) خسرو گۆران، كورد لەپارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو لا ٩٨.

(107) د. عبداللە غفور، فەرهەنگی جوگرافیای كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٠

(108) خسرو گۆران، كورد لەپارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو لا ١٠٢.





دروست كراوی تەلكێف[109]، ناحیەی (وان) لەپاش دامەزراندنی قەزای تەلكێف لەمەڵبەندی گوندی (وانكێ) دامەزراوە، ناحیەیەكە سەر بەقەزای تەلكیف .[110] قەزای تەلكێف دەكەوێتە رۆخی رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە لەباكووری پارێزگای موسڵ، لەباكووری قەزای سمێل سەر بەپارێزگای دهۆك و لەرۆژ هەڵات قەزای شێخان و موسڵ و لەباشوور مەڵبەندی شاری موسڵ و لەرۆژئاواوە رووباری دیجلەو بەنداوی موسڵ دەوری دەدەن. رووبەری قەزاكە بەپێی دابەشكردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ نزیكەی (١٢٧٥)كم٢ بووە، واتە دووەمین گەورە قەزایە پاش ئاكرێ لەرۆژهەڵاتی دیجلە لەپارێزگاكەدا.

### ١- مەڵبەندی قەزای تەلكێف:

سنووری ناحیەی تەلكێف لەباكووری ناحیەی (ئەلقوش) لەرۆژهەڵات قەزای شێخان و ناحیەی بەعشیقەو لەباشوور شاری موسڵ و رووباری دیجلە، لەرۆژ ئاواش ناحیەی (وانە)یە، بەكەمتر لە (١٠) كم لەمەڵبەندی پارێزگای موسڵەوە دوورە[111].

رووبەری ئەم ناحیەیە بەپێی دابەشكردنی یەكە ئیدارییەكانی ساڵی ١٩٨٧ (٤٠١)كم٢ بووە[112].

(109) عەبدوڵڵا غەفور، كوردستان (دابەشی كارگێڕی و تریتۆری ((١٩٢٧ — ١٩٩٧)، چاپی دووەم، سلێمانی، لا٨١.

(110) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٥.

(111) خسرو گۆران، كورد لەپارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٤و ١١٧.

(112) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٥

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**ب- ناحیەی ئەڵقوش (ئەلكێش)**

سنووری كارگێڕی: لەباكووردا بەپارێزگای دهۆك و لەباشووردا بەناحیەی تەلكێف، لەرۆژهەڵاتدا بەقەزاكانی شێخان و حەمدانیە، لەرۆژئاوادا بەپارێزگای دهۆك و قەزای تەلەعفەر دەورە دراوە[113]. ئەم ناحیەیە دەكەوێتە ئەوپەڕی باكووری قەزاكە لەتەك چیای (دەهكان)دایە، كە پارێزگای دهوك لەموسڵ جیادەكاتەوە[114].

رووبەری ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٨٧دا (٥٠٨)كم٢ بووە[115].

**ج- ناحیەی (وان):**

ئەم ناحیەیە پاش دامەزراندنی قەزای تەلكێف لەمەڵبەندی گوندی (وانكێ) دامەزراوە كە دەكەوێتە ئەوپەڕی رۆژئاوای ئەم ناحیەیە، لەسەر رۆخی رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە. سنووری ئەم ناحیەیە لەباكووری دەریاچەی موسڵە، لەباشوورو رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە دەوری دەدات، لەلای رۆژ هەڵاتیش ناحیەی مەڵبەندی تەلكێف دەوری داوە[116].

رووبەری ناحیەكە لەساڵی ١٩٨٧دا (٣٦٦)كم٢ بووە[117].

---

(113) د. عبدالله غفور، فەرهەنگی جوگرافیای كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا١٦٦.

(114) خسرو گۆران، كورد لەپارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو لا ١٢٠.

(115) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٥.

(116) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٥.

(117) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٥





مەكتەبی بیروهۆشیاری

**(٤) قەزای شەنگار ((سنجار))**

قەزای شەنگار یەكێكە لەگرنگترین ئەو قەزایانەی كە پارێزگای (لیوای) موسڵی لێ پێكهێنرا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و لكاندنی ویلایەتی موسڵ بەدەوڵەتەكەوە لەساڵی ١٩٢٥. ئەم قەزایە دەكەوێتە گۆشەی باكووری خۆرئاوای هەرێمی كوردستانی عێراق وەدراوسێی سنووری نێوان عێراق و سوریا لەخۆرئاواوە[118]. ئەم قەزایە نزیكەی (١٠٢) كم لەمەڵبەندی پارێزگای موسڵەوە دوورە بەئاڕاستەی باكووری رۆژئاوا لەسنووری نێوان عێراق و سوریا. شوێنی ئەم قەزایە بەگوێرەی هێڵەكانی پانی و درێژی، دەكەوێتە نزیك هێڵی درێژی٤٢ پلەی رۆژهەڵات، لەسەر هێڵی پانی ٣٦,٢٢ی باكوور[119].

ئەم قەزایە كەوتووەتە ئەوپەڕی رۆژئاوای پارێزگای موسڵ، دەوڵەتی سوریاو قەزای تەلەعفەر سنووری باكووریان پێكهێناوەو لەباشووریش قەزای (ئەلبەعاج)و بەشێكی قەزای (ئەلحەزەر)، قەزای تەلەعفەریش كەوتووەتە رۆژهەڵاتی و لای رۆژئاوایشەوە هەر سنووری سوریاو قەزای ئەلبەعاجە. رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دوا دابەشكردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ رووبەرەكەی (٣١٨٨) كم٢ بووە[120].

---

(118) د. خليل اسماعيل محمد (دهوك – نينوى) المصدر السابق، ص ١٣١.

(119) خ. شنگالی، شنگال... اسم وتأريخ، مجلة لالش، عدد ١٥، نيسان ٢٠٠٠، ص ١١٥ – ١١٦.

(120) خسرو گۆران، كورد لەپارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو لا ١٠٥.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

### ا- ناوەندی قەزا

لەباكوورەوە بەناحیەی ئەلشیمالو لەباشوورەوە بەناحیەی قەیرەوانو لەرۆژهەلاتەوە بەقەزای تەلەعفەرو لەرۆژئاواشەوە بەناحیەی (قەحتانیە)ی سەر بەقەزای (ئەلبەعاج) دەورە دراوە، رووبەری ئەم ناحیەیە (٧٠٤) كم٢ یە، بەپێی دابەشكردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ [121].

### ب- ناحیەی ئەلشیمال

ئەم ناحیەیە دەكەوێتە باكووری قەزای شەنگارو، باكوورو رۆژئاوای ناحیەكە سنووری سوریایە، لەلای رۆژهەلاتیشی قەزای تەلەعفەرەوە زنجیرە چیای شەنگاریش بووەتە سنووری باشووری، كە ناحیەكە لەناوەندی قەزای شەنگالو قەزای ئەلبەعاج جودا دەكاتەوە. رووبەری ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٨٧دا (١٧١٤) كم٢ یە. ئەم ناحیەیە (١٤٠) كم لەموسڵەوە دوورەو تەنها (٧٦) كم ی لەگەڵ سوریا بەینە.

### ج- ناحیەی ئەلقەیرەوان

ئەم ناحیەیە لەباكوورەوە قەزای شەنگارو قەزای (ئەلبەعاج وئەلحەزەر)یش لای باشوورین و سنووری رۆژهەلاتی قەزای تەلەعفەرەو، ناحیەی (ئەلقەحتانیە) سنووری باشووری پێكهێناوە. رووبەرەكەشی (٧٧٠) كم٢یە، وەنزیكەی (٢٣) كم لەشەنگارەوە دوورە[122].

---

(121) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٤.

(122) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٦ – ١٦٨.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

### ( ٥ ) قەزای تەلەعفەر

قەزای تەلەعفەر دەكەوێتە باكووری رۆژئاوای پارێزگای موسڵ، لەباكووری رۆژئاوای ئەم قەزایە سنووری دەوڵەتی سوریایەو، رۆژئاواشی قەزای شەنگارە، رۆژهەلاتو باكووری رۆژهەلاتی رووباری دیجلەیە كە لەپارێزگای دهۆك جیای دەكاتەوە، لەرۆژهەلات قەزای تەلكێفو قەزای موسڵەو باشووریشی قەزای (حەزەر)ە. رووبەرەكەی بەپێی دابەشكردنەكانی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ (٤٢٩٧) كم٢ بووە، لەم رووبەرە (٣٤٧٣) كم٢ ی واتە (٨٠٪)ی قەزاكە خاكی كوردستانی عێراقە[123].

### ا- سەنتەری قەزا

دەكەوێتە ناوەڕاستی ئەو ڕێگە سەرەكییەی لەموسڵو شەنگار بەیەك دەگەیەنێت و٦٥ كم لەموسڵو ٥٥ كم لەشەنگارەوە دوورە.

لەباكووری تەلەعفەر ناحیەی (ئەلعیازییە) ((ئاڤگەنێ))یە، باشووریشی ناحیەی ئەلتەلی سەر بەقەزای ئەلحەزەرە، ناحیەی (ئەلحمێدات)و ناحیەی ئەلمحەلەبیە دەكەونە رۆژهەلاتیو رۆژئاواشی مەڵبەندی شەنگاروناحیەی قەیرەوانە. رووبەری ئەم ناحیەیە بەپێی دابەشكردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ (٨٢٤) كم٢ بووە[124].

---

(123) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٨.

(124) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٣.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### ب- ناحیەی زەممار

یەکێکە لەکۆنترین یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای ئێستای نەینەواو لیوای کۆنی موسڵ. ئەم ناحیەیە کەوتۆتە گۆشەی باکووری رۆژئاوای هەرێمی کوردستانی عێراق[125].دەورە دراوە بەرووباری دیجلەو دەریاچەی موسڵ لەرۆژهەڵات، ناحیەی رەبیعە لەرۆژئاوا، سنووری نێوان عێراقو سوریا لەباکوور، ناحیەی وانو ئەلحمێدات لەباشوور[126].رووبەری ناحیەی زەممار بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ (١٢٦٨)کم٢ یە[127].

### ج- ناحیەی ئەلعەیازیە ((ئاڤگەنێ))

لەباکوورەوە ناحیەی رەبیعە سنوورییەتیو لەباشوور تەلەعفەرو لای رۆژهەڵاتیشیەوە بەناحیەی زوممار دەورە دراوەو شەنگاریش دەکەوێتە رۆژئاوای ناحیەکە. (١٣) کم لەقەزای تەلەعفەرەوە دوورە، رووبەرەکەی (٧٨٤) کم٢ یە، بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧.

### د- ناحیەی رەبیعە

دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای قەزاکەو سنووری رەبیعە لەباکوورو

---

(125) د.خلیل اسماعیل محمد، دوراییە نەتەوەییەکانی نیشتەجێکردنی ئیلاتی عەرەب لەناوچەی زەماردا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٤)، ساڵی هەشتەم، تشرینی دووەم، ٢٠٠٠، لا ٦.

(126) د.خلیل اسماعیل محمد، (دهوك – نینوی)، المصدر السابق، ص ١٤٥.

(127) خسرو گۆران، سەرچاوەی پێشوو لا١٣٩





مەکتەبی بیروهۆشیاری

باکووری رۆژئاوا سنووری دەوڵەتی سوریایەو لەباشووری ناحیەی ئەلعەیازییە یە (ئاڤگەنێ)،

لەرۆژهەڵاتو باکووری رۆژهەڵاتی ناحیەی زوممارەو لەباشووری رۆژئاواش قەزای شەنگارە، بەپێی دابەشکردنی کارگێڕییەکانی ساڵی ١٩٨٧ رووبەری رەبیعە (١٤٢١)کم٢ یە[128].

### ( ٦ ) قەزای شێخان ( ئیسفنێ )

قەزایەکە لەپارێزگای نەینەوا، شارۆچکەی (ئیسفنێ) ٤٥کم لەباکووری شاری موسڵ سەنتەری کارگێڕییەتی، سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەپارێزگای دهۆك، لەباشووردا بەقەزای موسڵ، لەرۆژ هەڵاتدا بەقەزای ئاکرێ، لەرۆژئاوادا بەقەزای تەلکێف دەورە دراوە. رووبەرەکەی (١٣٣٣)کم٢ یە. بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ [129].

### ا- سەنتەری قەزا

لەباکوورەوە ناحیەی مزوریو لەرۆژهەڵاتەوە رووباری گوملو ناحیەی (مرێبا)و لەرۆژئاواوە قەزای تەلکێفو لەباشوورەوە چیای مەقلوبو قەزای موسڵە، سەنتەری قەزاکە لەسەنتەری پارێزگای موسڵەوە (٤٥) کم دوورە، بەپێی دابەشکردنە کارگێڕییە رەسمییەکانی ساڵی ١٩٨٤ ی عێراق،

---

(128) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٦ – ١٤٧.

(129) د. عبدالله غفور، ، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٤

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

سەنتەری قەزاكە رووبەرەكەی (٥٢٤) كم٢ بووە[130].

## ب- ناحیەی مرێبا

ناحیەی مرێبا لەساڵی ١٩٧٠ دروست بووەو خراوەتە سەر قەزای شێخان[131] ، سنووری ئەم ناحیەیە دەكەوێتە رۆژهەڵاتو باكووری رۆژهەڵاتی قەزاكە، هەروەها دەكەوێتە نێوان رووباری (خازر) لەرۆژهەڵاتو رووباری (گومل) لەرۆژئاواوە. لەباشوورەوەش سنووری ناحیە بەیەكگەیشتنی لقی (گومل) بەرووباری (خازر) كۆتایی دێت، بەڵام لەباكوورەوە زنجیرە چیای (خێرێ) دەبێتە سنووری، واتە لەرۆژهەڵاتەوە قەزای ئاكرێو لەرۆژئاواوە ناحیەی مزوری و سەنتەری شێخانو لەباكوورەوە قەزای ئامێدی سنووری ئەم ناحیەیە پێكدێنن، بەپێی دابەشكردنەكانی ساڵی ١٩٨٤ رووبەری ناحیەكە (٤٤٤)كم٢ بووە[132].

## ج- ناحیەی مزوری:

لەرووی ئیدارییەوە ئەم ناحیەیە بەكۆنترین ناحیە لەقەزاكەدا دادەنرێت ، هەتا كۆتایی حوكمڕانی پاشایەتی عێراق، ناحیەكە سەر بەقەزای دهۆك بوو، بەڵام لەسەرەتای سەردەمی كۆماریدا ئەم ناحیە بەقەزای شێخانەوە لكێنرا. سنووری ئەم ناحیەیە لەباكوورەوە قەزای

---

[130] خسرو گۆران، سەرچاوەی پێشوو لا٧٤

[131] د. عبدالله غفور، كوردستان دابەش كارگێڕیو تریتۆری (١٩٢٧. ١٩٩٧)، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨١.

[132] خسرو گۆران، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٦ – ٧٧.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئامێدی، لەباشوورەوە ناحیە مەركەزی شێخانو لەرۆژهەڵاتەوە ناحیەی مرێباو لەرۆژئاواوە قەزای دهۆكە. رووپێوی ناحیەكە (٢٩١) كم٢ (بەپێی دابەش كردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٤)[133].

## ( ٧ ) قەزای ئەلبەعاج:

### * ناحیەی ئەلقەحتانیە ((تەل عوزێر))

ناوەندی ناحیەی ئەلقەحتانیە كە بەكوردی پێی دەوترێ (تەل عوزێر) تاكە ناحیەی سەر بەقەزاكەیەو كەوتووەتە ئەوپەڕی باكووری رۆژئاوای قەزای ئەلبەعاجو بۆ سڕینەوەی مۆركی كوردایەتیو بەعەرەبكردنی ناوچەكە لەقەزای شەنگار جودا كراوەتەوەو دراوەتە پاڵ ئەلبەعاج، شەنگار سنووری لای باكوورو رۆژهەڵاتی ناحیەكەی پێكهێناوە، لای باشووری قەزای ئەلبەعاجە، لەرۆژئاوادا سنووری دەوڵەتی سوریایە، لەساڵی ١٩٧٩ وە ناحیەیەو رووبەرەكەی (١٣١٢) كم٢ یە (بەپێی دابەشكردنە كارگێڕییەكەی ساڵی ١٩٨٤)[134].

بەگشتی رووبەری بەشە كوردنشینەكانی پارێزگای موسڵ (١٦٠٠٠) كم٢ یە، واتە لە(٤١٪)ی سەرجەمی رووبەری پارێزگاكەیە، كە (٣٨٤٣٠) كم٢ یە، هەروەها بەشی كوردی پارێزگای موسڵ (١٨٪)ی سەرجەمی رووبەری كوردستانی عێراقە، تەنها (٤٠٠٠) كم٢ ی ئەم بەشە كوردستانییە، لەژێر سایەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دایە، كە دەكاتە تەنها ٢٥٪ی بەشە

---

[133] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٧٩.

[134] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٧١.

كورد نشینەكانی پارێزگای موسڵ، ئەویش سەرجەم قەزای ئاكرێ و ٣/٢ی قەزای شێخان و بەشێكی قەزای حەمدانیەیە، بەپێی دابەشكردنی كارگێڕییەكانی ١٩٨٧ لەرووی رووبەرەوە پارێزگای موسڵ لەپلەی دووی پارێزگا كوردنشینەكانی كوردستانە، پاش پارێزگای سلێمانی، كەدەكاتە دوو هێندەی رووبەری پارێزگای دهۆك[135].


[135] خسرو گۆران، بوونی كورد لەپارێزگای موسڵ (نەینەوا)، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٣ ، ئەیلولی ١٩٩٩، لا٥٤.





## نەخشەی ژمارە (١٠)

### ئەو یەكە ئیداریانەی (قەزا) كە نەتەوەی كوردی تێدایە لە پارێزگای موصل




االمصدر: د . عدنان اسماعيل الياسين ، التغير الزراعى فى محافظة نينوى (دراسات تحليلية فى الجغرافية الزراعية)، مطبعة جامعة بغداد ، ١٩٨٤ ، ص٨١ ، بەدەستكارییەوە لەلایەن توێژەرەوە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەرەی دووەم:

## ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەکانی ململانێ لە پارێزگای موسڵدا

دەتوانین بڵێین کە پارێزگای موسڵ لەرووی پێکهاتەی دانیشتوان و جیاوازییانەوە لەڕووی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبییەوە، لەپارێزگاکانی تر زیاتر ئاڵۆزترە، لەڕاستیدا لەمۆزەخانەیەکی ئەثنۆلۆجی ـ ئەثنۆگرافی دەچێت، لەم پارێزگایەدا هەموو ئەو کۆمەڵە نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی یانە شان بەشانی یەك دەژین، کە لەوڵاتی عێراقدا هەن، کە ئەوانیش کۆمەڵەی (نەتەوە)ی عەرەب و کۆمەڵەی کوردی و کۆمەڵەی سریانی و کۆمەڵەی تورکمانی. بەشێوەیەك ئەم کۆمەڵانە تێکەڵ بەیەك بوون کە جیاکردنەوەی ناوچەکانی تایبەت بەم کۆمەڵانە کارێکی زەحمەتە و ئاسان نییە. هەروەها لەم پارێزگایەدا دین و مەزهەبەجیاوازەکان دەژین، کە دینی ئیسلام، دینی زۆرینەی دانیشتوانە لەپارێزگاکەدا، دینی مەسیحی بەمەزهەبە جیاوازەکانیەوە بەرێژەیەکی زۆر هەیە، هەروەها دینی یەزیدی کە بەکۆنترین دینی ناوچەکە دەژمێردرێت[136].

ژمارەی دانیشتوانی تێکڕای ناوچەکانی پارێزگای موسڵ بەهەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانەوە لەساڵی ١٩٥٧دا بریتی بووە لە (٧٥٥٤٤٧) کەس. کە بەپێی ئەم سەرژمێرییە نەتەوەی کورد ژمارەیان (٢٣٢٢٠٦) کەس بووە

(136) د. شاکر خصباك، المصدر السابق، ص ١٤١ — ١٤٣.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەپارێزگاکەدا، کە ڕێژەکەی لەسەر ئاستی پارێزگاکە (٣٠,٧٪)ە. ژمارەی عەرەب بەپێی هەمان سەرژمێری (٤٢٣٥١٨) کەس بووە، کە ڕێژەی (٥٦٪)ە لەسەر ئاستی پارێزگاکە، ژمارەی ئاشورییەکان لەپارێزگاکەدا (٤٦١٧١) کەس بووە کە ڕێژەیان (٦,١٪)ی سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکەیە، ژمارەی نەتەوەی تورکمان (٣٦٠٧٩) کەس بووە، کە دەکاتە (٤,٧٪)ی سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە[137].

### خشتەی ژمارە (٨)

### پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە پارێزگای موسڵ بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧

| نەتەوە | قەزای موسڵ | | دەرەوەی قەزاکە | | سەرجەمی گشتی لەسەر ئاستی پارێزگا | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| کورد | ٦٠٣٦ | ٣,٣ | ٢٢٦١٧٠ | ٣٩,١ | ٢٣٢٢٠٦ | ٣٠,٧ |
| عەرەب | ١٦٨٧١٩ | ٩٤,٦ | ٢٥٤٧٩٩ | ٤٤,١ | ٤٢٣٥١٨ | ٥٦,٠ |
| ئاشوری | ٦٢٩ | ٠,٣٥ | ٤٥٥٤٦ | ٧,٨ | ٤٦١٧١ | ٦,١ |
| تورکمان | ٤٢٤ | ٠,٢ | ٣٥٦٥٥ | ٦,١ | ٣٦٠٧٩ | ٤,٧ |
| ئەوانی تر | — | ١,٥٥ | -- | ٣,٩ | — | ٢,٥ |
| سەرجەم | ١٧٨٢٢٢ | ٪١٠٠ | ٥٧٧٢٣٥ | ٪ ١٠٠ | ٧٥٥٤٤٧ | ٪١٠٠ |

المصدر: فريد اسسرد، المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ٢١٩ — ٢٢٠.

(137) المصدر نفسه، ص ٢١٩ — ٢٢٠.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا ژمارەی دانیشتوانی نەتەوە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا هات بەو جۆرەی کە بە نائاسایی ژمارەیان ڕووی لەکەمی و زۆری کرد لەچاو ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکەدا .

ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی پارێزگای موسڵ لەسەرژمێری ساڵی١٩٧٧دا (١٣,٠٣٪) بوو، ڕێژەی دانیشتوانی نەتەوەی عەرەب لەپارێزگاکەدا (٨٥,٤٪) بوو، ڕێژەی دانیشتوانی تورکمان (٠,٩٪) بووە[138].

ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) دەربارەی (لیوای موسڵ) دان بەوەدا دەنێ کە زانیارییەکانی سەبارەت بەکۆی دانیشتوانی بۆ بەرژەوەندی عەرەب کۆکراوەتەوەو لەبایەخی ڕەگەزی کوردی کەمکردۆتەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئینجا تێکڕای عەرەب لە (لیوای موسڵ)دا گەیشتە لە (٣٩٪)ی کۆی دانیشتوان...

لەئەنجامی سەرژمێرییەکانی دانیشتوانی عێراق لەسەدەی ڕابردوودا دەردەکەوێ، کە ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لەماوەی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق‌و تا ساڵی ١٩٧٧ بەردەوام بەرز بۆتەوە لە (٣٩,١٪) بۆتە (٨٥,٤٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ... ڕێژەی کوردیش لە (٣٧,٣٪) دابەزیوە بۆ (١٣,٣٪)و هەروەها ڕێژەی تورکمانیش لە (٣,٢٪) بۆ کەمتر لە (١٪) لەکۆی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ دابەزیوە[139].

---

(138) د. خليل اسماعيل محمد، دهوك – نينوى... المصدر السابق ص١٩

(139) محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٩٥.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

### خشتەی ژمارە (٩)

### دانیشتوانی پارێزگای موسڵ بە پێی نەتەوەکان لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا

| نەتەوە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| کورد | ١٤٥٧٨٩ | ٢٥,٠ |
| عەرەب | ٩٣٩٦٦٦ | ٧٣,٦ |
| تورکمان | ٩٤٨٧ | ٠,٧ |
| سریانی | ١٢٨٩ | ٠,٧ |
| هیتر | ٣٥٧٨ | |
| سەرجەم | ١٠٩٩٨٠٩ | ١٠٠ |

سەرچاوە: (١) جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣٣.

(٢) د.خليل اسماعيل محمد اقليم كوردستان العراق (دراسات التكوين القومى للسكان) الطبعة الثالثة، اربيل ١٩٩٩ ص ٧٥.

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە کوردی تێدا دەژی لەپارێزگای موسڵ دا (١٢٩٨٠٣٧) کەسە[140].

---

(140) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء السكانى، نتائج للتعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، ص٢.

## * قەزای موسڵ

کۆی ژمارەی دانیشتوانی قەزای موسڵ بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (١٧٨٢٢٢) کەس بووە، نەتەوەی کورد بەپێی ئەم سەرژمێرییە ژمارەیان لەقەزاکەدا (٦٠٣٦) کەسە، نەتەوەی عەرەب ژمارەیان لەقەزاکەدا (١٦٨٧١٩) کەس بووە ، وە ئاشورییەکان ژمارەیان (٦٢٩ کەسە وە نەتەوەی تورکمان ژمارەیان (٤٢٤) کەسە[141].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ڕێژەی کورد لە ناحیەی بەعشیقە (٩٢٪)، ڕێژەی عەرەبی بەپێی هەمان سەرژمێری (٨٪)[142] .

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزای موسڵ (٤٧٧٨٥٩) کەسە، سەنتەری قەزای موسڵ ژمارەی دانیشتوانی (٤٢٩٨٨٣) کەسە، ناحیەی باشیقە (باشیکە) بەعشیقە بەپێی هەمان سەرژمێری ژمارەی دانیشتوانی (٢٩٥٩٩) کەسە وە ناحیەی زاب (١٨٣٧٧) کەسە[143].

بەپێ ی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزای موسڵ بەهەردوو ناحیەی بەعشیقەو ئەلحمێدات لەگەڵ سەنتەری قەزا (٧٤٢١٩٧) کەسە[144].

---

[141] فريد اسسرد، المصدر السابق ص٢١٩ — ٢٢٠.

[142] خسرو گۆران، کورد لەپارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٧.

[143] د. عبالله غفور، ئەنتۆ ـ دیموگرافیای باشووری کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، لا ٢٨.

[144] وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء السكاني لسنة ١٩٨٧، المصدر السابق ص٢





## *قەزای حەمدانیە

ژمارەی دانیشتوانی کورد بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ زیاتر بووە لە (١٥٣٣٤) و (٤٥٪) کۆی گشتی دانیشتوان پێکدەهێنێت لەقەزاکەو خەڵکەکەی تریشی بەپلەی یەکەم مەسیحی (دیان) بەتایبەتی کلدانییەکان ئینجا عەرەبو تورکمان دێن[145].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزای حەمدانیە (٥٢٦٩١) کەسە، ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (قەرەقوش) (١٢٨١٤) کەسە، ناحیەی کەڵەك (ئاسکی کەڵەك) ژمارەی دانیشتوانی بەپێی هەمان سەرژمێری (٨٩٧٣) کەسە، وە ناحیەی نەمرود (خدر) ژمارەی دانیشتوانی (١٥٢٨٥) کەسە، ناحیەی بەرتەلله ژمارەی دانیشتوانی (١٥٦١٩) کەسە.[146]

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ سەنتەری قەزاکە ژمارەی دانیشتوانی (٣٥٩٢٥) کەسەو و ناحیەی نەمرود (٢١٤٥٢) کەسەو ناحیەی بەرتیلە (٢١٤٣٣) کەسە، کۆی گشتی قەزاکە (٧٨٨١٠) کەسە[147].

## * قەزای تەلکێف

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (٢٥١٩٩) کەس بووە و ناحیەی ئەڵقوش (٢٢٧٦٧) کەسو ناحیەی وانە

---

[145] خسرو گوران، کورد لەپارێزگای موسڵ، ، سەرچاوەی پێشوو لا ٨١ — ٨٢.

[146] د. عبدالله غفور، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨.

[147] وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٨٧، المصدر السابق ص٢

مەکتەبی بیروهۆشیاری

(٩٧٩٧) كەس بووە، كۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی قەزاكە (٥٧٧٦٣) كەس بووە[148].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاكە (٦٩٨٧٥) كەسو ناحیەی ئەڵقوش (٢٧٢٣٣) كەس بووەو كۆی گشتی دانیشتوانی قەزاكە (٩٧١٠٨) كەس بوو[149].

## *قەزای شەنگار

ژمارەی دانیشتوانی قەزاكە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (١٩٢٤٩٢) كەس بووە[150].

رێژەی كورد لەقەزاكەدا (٧٨,٣٪)و لەسەنتەری قەزاكەدا (٧٠٪)و لەناحیەی ئەلشیمال دا رێژەی كورد (٩٠٪ی كۆی دانیشتوان بووە[151].

(148) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء السكاني، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ ص ٢٠٣٨ ,

(149) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء لسنة ١٩٨٧، المصدر السابق ص١.

(150) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة لتسجيل التعداد العام لسنة ١٩٥٧، ص ٤١.

(151) د. خليل اسماعيل محمد، گۆڤاری لالش، ژماره ١٥، لا ٢٩.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

### خشتەی ژمارە (١٠)

### (دانیشتوانی قەزای شەنگار بە پێی نەتەوەو یەكەكارگێڕیی یەكان٪)

| یەكەی كارگێڕی | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | | ١٩٧٧ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | كورد | كورد | عەرەب | كورد | عەرەب |
| ناوەندی ناحیەی شەنگار | ٧٠ | ٥٣,٥٧ | ٤١,٦ | ٩,٦ | ٨٩,٥ |
| ناحیەی شەنگار | ٧٠ | ٥٧,٧ | ٣١,٦ | ٩,٦ | ٨٩,٥ |
| ناحیەی ئەلشیمال | ٩٠ | ٨٥,١ | ١٤,٠ | ٠,٩ | ٩٨,٨ |
| قەزای شەنگار | ٧٨,٣ | ٦٧,٢ | ٢٦,٤ | ٦,١ | ٩٣,٥ |

المصدر: د.خليل اسماعيل محمد، البعد القومى للاستيطان الريفي في قضاء شنگال، مجلة لالش، العدد١٥ دهوك، نيسان ٢٠٠٢، ص ٢٩.

بەپێی ئەم سەرژمێرییە ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاكە (٣٧١٥٥) كەس بووەو ناحیەی ئەلشیمال (٢٧٥٩١) كەس بووە[152].

بەپێی سەرژمێری ساڵی١٩٧٧ كۆی ژمارەی دانیشتوانی قەزاكە (٩٥٢١٠) كەسە، ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاكە (٥٨٣٠٨) كەس بووە، ناحیەی

(152) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل العام ١٩٥٧، ص ٤١.

ئەلشیمال (٣٦٩٠٢) کەس بووە[153]، .

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (١٠٤٧٩٢) کەس بووە، کە تیایدا ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (٢٠٧٧١) کەس بووە، ناحیەی ئەلشیمال (٢٩٢٥٧) کەس بووە، هەروەها ناحیەی قەیرەوان (٣٤٧٦٤) کەس بووە[154].

## * قەزای تەلەعفەر

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە (٧٥٤٠٣) کەسە، کە ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (٢٥٤٥٣) کەسە، ناحیەی ئاڤگەنێ (ئەلعەیازیە) (٢١٢٨٧) کەسە ، ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی زەممار (٢٨٦٦٣) کەس بووە[155].

هەرچەندە لەساڵی ١٩٥٧ەوە سەرژمێرییەکی راستو دروستو بێ دەسکاری لەناوچەکەدا نەکراوە، بەڵام نکوڵی لەوەدا ناکرێت کە زوربەی دانیشتوانی زەممار کوردن. پێش بەعەرەبکردنی ناوچەکە لەساڵی ١٩٧٥ەوە ٦٠٪ی دانیشتوانی (ناحیەی زەممار) کورد بوونو ٣٥٪ پیش عەرەب بوونو تێکڕای تورکمانو مەسیحییەکانیش ٥٪ ی سەرجەمی دانیشتوانیان پێکهێناوە*، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە

(153) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٧٧، المصدر السابق ص٢٠٣٨.

(154) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٨٧، المصدر السابق ص١.

(155) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة لتسجيل العام ١٩٥٧، المصدر السابق ص٥٣.

* خسرو گوران، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩.





(١٣٦٢١٣) کەسە، ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (٦٥٩٣٦) کەسە، ناحیەی زەممار (٣٢١١٠) کەسو ناحیەی ئەلعەیازیە (ئاڤگەنێ) (١٥٤٤٦) کەسو ناحیەی رەبیعە (٢٢٧٣١) کەس بووە[156].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (١٨٥٨٢٥) کەس بووە، ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (١٠٢٨٦٨) کەس و ناحیەی زەممار (٣٤٨٨٥) کەسو ناحیەی ئەلعەیازیە (ئاڤگەنێ) (٢٠٧٨١) کەسو ناحیەی رەبیعە (٢٧٩٩١) کەس بووە[157].

## * قەزای شێخان

ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (٤٣١٥٨) کەس بووە، ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (١٦٥٢٠) کەسو ناحیەی ئەلقوش (١٤٣٤٤) کەسو ناحیەی مزوری (١٢٢٩٤) کەس بووە[158]. رێژەی کورد لەقەزاکەدا (٤٣,٥٪) بووە[159].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ رێژەی کورد لەسەنتەری قەزای شێخان (٨٣٪)، رێژەی عەرەب (٥,٦٪) ، رێژەی مەسیحی (١١,٥٪)، رێژەی کورد

(156) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٧٧، المصدر السابق ص٢٠٣٨.

(157) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٨٧، المصدر السابق ص٢.

(158) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة لتسجيل العام ١٩٥٧، المصدر السابق ص٤٩ — ٥١.

(159) د. خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق (دراسات التكوين القومي للسكان)، الطبعة الثالثة، اربيل، ١٩٩٩، ص٩٠.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەناحیەی ئەلقوش بەپێی هەمان سەرژمێری (٧٥,٦٪)، ڕێژەی عەرەب (٦,٥٪)، ڕێژەی مەسیحی (١٧,٨٪)، لەناحیەی مزوری بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ڕێژەی کورد (١٠٠٪) بووە.[160]

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٣٧٠٣٣) کەسو ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (٢٠١٦٤) کەسو ناحیەی ئەلقوش (١٤٤٤٥) کەسو ناحیەی مزوری (٢٤٢٤) کەس بووە[161].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە (٥٤٥٥٥) کەس بووە.

### * ناحیەی قەحتانیە لەقەزای ئەلبەعاج

ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ (٣٤٨٤٦) کەس بووە[162].

---

[160] خسرو گۆران، کورد لەپارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٧.

[161] وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٧٧، المصدر السابق ص٢٠٣٨.

[162] وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٨٧، المصدر السابق ص٢.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## خشتەی ژمارە ( ١١ )

## ڕێژەی کوردو نەتەوەکانی دیکە لەهەندێك لەناحیەکانی لیوای موسڵ لەساڵی ١٩٥٧

| ناوچە | کورد | عەرەب | تورکمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|---|
| ئەلحەمدانیە | ٤٠٪ | ١٧٪ | ١٢٪ | ٣١٪ |
| بەعشیقە | ٩٢٪ | ٨٪ | - | - |
| مزوری (ئەتروش) | ١٠٠٪ | - | - | - |
| سەنتەری شێخان | ٨٣٪ | ٥,٥٪ | - | ١١,٥٪ |
| ئەلقوش | ٧٥,٦٪ | ٦,٥٪ | - | ١٧,٨٪ |
| زوممار | ٤٥٪ | ٥٥٪ | - | - |
| ئەلشیمال (سنونێ) | ٩٣,٥٪ | ٦,٥٪ | - | - |

سەرچاوە: خسرو گوران، کورد لەپارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٧

ئەوەی کە پێویستە باسی لێوە بکرێت، کەمی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی کوردە لەقەزاو ناحیەکانی سەر بەپارێزگای موسڵ بەو ڕادەیەی، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەو ڕێژەیەی کە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧و ١٩٦٥دا هەبووە. بێگومان ئەم کەمییە لەڕێژەی کورد لەو ناوچانەدا بەبێ هۆ نییە.

هۆی کەمی کورد لەقەزاکانی شێخانو شنگارو موسڵ دەگەڕێتەوە بۆ بەعەرەب ناونووسکردنی گشت کوردە ئێزیدییەکانی شنگارو شێخانو

هەروەها گەرگەریو شەبەكو هەروەها توركمانەكانی تەلەعفەرو... هتد ئەمە سەرباری نیشتەجێكردنی عەشایەری عەرەب لەو ناوچانەدا[163].

سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچون لەنێوان نووسەرو لێكۆڵیاران سەبارەت بەرەچەڵەكو ئەسڵی دیانەی ئێزدیو دوراییە مێژووییەكەیان، بەڵام لەسەر ئەوە كۆكن كە وەلائیان بۆ نەتەوەی كورد هەیە. (السیر سایكس) لەراپۆرتی لیژنەی كۆمەڵەی نەتەوەكان (عصبة الامم)دا جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە گومان لەوەدا نییە ئێزدییەكان كوردن، لە (دائرة المعارف البریطانیة)دا هاتووە كە (ئەوانە مەزهەبێكی كوردینو شێوەزارێكی كوردی تایبەت بەخۆیان هەیە)وە الحسنی دەڵێت:

(ئێزدییەكان لەگەلی كوردن).لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ناوچەكانی ئێزدی یەكێك بووە لەدیارترین ناوچەكانی راكێشانی عەرەب، لەگەڵ ئەوەشدا لەدوای هەڵمەتی راگواستنو بەعەرەبكردن، ئەم هەڵمەتانە سەرەتا لەناوچە ستراتیژیو تێكەڵی لەپێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان داو دواتر هەڵكشانی بۆ پارێزگاكانی تری كوردستان، لەنێوان ئەو مەیدانە سەرەكییانەی ئەم هەڵمەتانەدا قەزاكانی شەنگارو شێخان[164].

شەبەك هۆزێكی رەسەنی كوردنو ماوەی سەدان ساڵە لەرۆژهەڵاتی كوردستانەوە هاتوونو لەدەوروبەری شاری موسڵدا نیشتەجێن، ئەم هۆزە كوردە بەزۆری بەسەر دوو قەزا، (قەزای موسڵو قەزای حەمدانیە)

---

[163] فەیصل دەباغ، كوردو كەمە نەتەوایەتییەكان لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧، بەرگی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، لا ١٣.

[164] د. خلیل اسماعیل محمد، اقلیم كوردستان العراق (دراسات... ، المصدر السابق ص٦٨.





دابەشبوونەو لەنزیكەی (٥٠) گوندا دەژین. هەروەها چەند گوندێكیان دەكەوێتە سنووری قەزای تەلكێف[165].

لەبارەی ئاینیشەوە شەبەك دوو مەزهەبیان هەیە، مەزهەبی شیعەو مەزهەبی سوننە، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، رژێمی بەعس زۆربەی هەرە زۆری شەبەكەكانی بەعەرەب نووسی، بەڵام ئەوانەی كە رشتبوون لەسەر كوردایەتی خۆیان بێ سێو دوو گوێزرانەوە كۆمەڵگای باسرمەی نزیك (حریر)ی سەر بەپارێزگای هەولێرو كۆمەڵگای باینجان لەتاسلوجەو شۆرش لەچەمچەماڵو تەكیە لەئاغجەلەری سەر بەپارێزگای سلێمانی[166] ئەگینا ئەم ناوچانە بەتایبەتی شێخانو شنگار رێژەی كورد تیایاندا هەمیشە لەرێژەی عەرەب زیاتر بووە، بۆ نموونە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٦٥دا ژمارەی كورد لەقەزای شنگار (٥٣٩٥٩) كەس بووە لەكۆی (٨٠٢٨٨) واتە (٦٧٪) ژمارەی عەرەب (٢١٢٠٧) كەس بووە، واتە ٢٦٪ ژمارەی توركمان (٤٧٠٤) كەس بووە واتە ٦٪. لەقەزای شێخانیش دا ژمارەی كورد (٢٧٠١٩) كەس بووە لەكۆی (٣٩١٩٨) كەس، واتە ٦٩٪. ژمارەی عەرەب (٦٧٦٨) كەس بووە ، واتە ١٧٪ ژمارەی توركمان (٤٨٠) كەس بووە، واتە ١,٢٪.

---

[165] خسرو گوران، كورد لەپارێزگای موسڵ، ، سەرچاوەی پێشوو لا ٩١.

[166] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٩٨

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## خشتەی ژمارە ( ١٢ )

### دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی کورد لەهەندێ ناوچەی ململانێدا بە پێی یەکە کارگێڕییەکانی ١٩٨٧

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوانی کورد | ٪ لەکۆی دانیشتوان |
|---|---|---|
| پارێزگای موسڵ | ٢٦٨٧١١ | ٢٦,١ |
| قەزای موسڵ | ٦٨٩١٧ | ١٠,٢ |
| قەزای شێخان | ٣٨٤٧٠ | ٤٣,٥ |
| قەزای شەنگار | ١٢٩٠٦٧ | ٧٨,٥ |
| پارێزگای کەرکوك | ٤٨٥١٦٣ | ٤٨,١ |
| قەزای کەرکوك | ٢٠٩٥٢٥ | ٣٦,٤ |
| قەزای دوز | ٩٧٦٠٨ | ٥٤,٨ |
| پارێزگای دیالە | ١٥٥٧٥٠ | ١٨,٢ |
| قەزای خانەقین | ١١٢١٣٢ | ٥٨,٤ |

المصدر:

د.خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق، المصدر السابق، ص ٥٩

لەقەزای (تەلەعفەر)یش ژمارەی کورد (١٧٩٨٦) کەس بووە لە(١٠٤٢٤٩) کەس، ژمارەی عەرەب (٥٥٤٩٤) کەس بووە، ژمارەی تورکمان (٢٨٧١٠) کەس





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بووە، لەقەزای موسڵدا ژمارەی کورد (٥٠٦٥٠) کەس بووە.[167].

هەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە بوون، کە وای کردووە رێژەی ژمارەی کورد لەسەرژمێرییەکانی ساڵی ١٩٧٧ و ساڵی ١٩٨٧دا زۆر بەکەمی بەرچاو بکەوێت لەسەرجەمی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای موسڵدا.

هەر ئەم هۆی کەمییە لەرێژەی دانیشتوانی کورددا لەو ناوچانەدا وای کردووە کە حکومەتی عێراقی بیکاتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو ناوچانە ناکەونە نێو سنووری هەرێمی کوردستانەوە، ئەمە سەرەڕای بایەخە ستراتیژیو ئابوری یەکانی ئەو ناوچانە.

.

[167] فەیصل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## تەوەرەی سێیەم:

## بایەخ و گرنگی ناوچەکانی ململانێ لە پارێزگای موسڵدا

پارێزگای موسڵ شوێنێکی جوگرافی گرنگی هەیە، کە بووەتە پردێك بۆ بەستنەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق، لەلایەكو تورکیاو سوریا لەلایەکی ترەوە.

پارێزگای موسڵ گرنگییەکی بازرگانی گەورەی هەیە، کە بووەتە ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی ناوچە شاخاویو نیمچە شاخاوییەکان، لەگەڵ ناوچەی دەشتی نیشتەجێ، لەگەڵ هەبوونی تواناو سەرچاوەی کشتوکاڵیو نەوتی[168].

ئەم پارێزگایە بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافییەوە بووەتە هۆی بەستنەوەی عێراقو دراوسێکانی (سوریاو تورکیا)و دەریای ناوەڕاست بەهۆی شەمەندەفەرەوە، هێڵی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل[169]. هەریەکێك لەقەزاو ناحیە کوردنشینەکانی سەر بەپارێزگای موسڵ گرنگیو بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لەڕووی شوێنی جوگرافیو ستراتیجیو ئابوریو بازرگانییەوە بەتایبەتی لەڕووی کشتوکاڵیو کانزاییەوە. یەکێك لەگرنگترین یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای موسڵ، قەزای شەنگارە.

---

(168) د. خليل اسماعيل، دهوك – نينوى... المصدر السابق ص٢٣.

(169) المصدر نفسه، ص ٨.





ئەوەی گرنگی ئەم قەزایە دەردەخات پێدا ڕۆیشتنی (ڕێگای دەولی ئۆتۆمبیل)ە، کە شاری موسڵ بەکۆماری عەرەبی سوریاوە دەبەستێتەوە هەروەکو هێڵی ئاسنی نێوان موسڵ ـ سوریای بەئاراستەی باکوور پێیدا تێدەپەڕێت، کە ئەمەش گرنگیو بایەخی ستراتیجی گەورەی پێ بەخشیوە. لەلایەکی ترەوە سەرەڕای گرنگی شوێنی جوگرافی قەزاکە، گرنگی کشتوکاڵی بازرگانی قەزاکە ئەم گرنگییەی زیاتر کردووە، کە ڕێژەی باران بارینی ساڵانەی دەگاتە (٤٠٠ – ٤٥٠)ملم ساڵانە، کە بووەتە هۆی کۆبونەوەی بڕێکی زۆر لەئاوی ژێرزەوی کە دەکاتە زیاتر لە (٣٤) هەزار م٣ لەئاو، لەمەش زیاتر بەهەمهێنانی بەروبومە خۆراکییەکانە، بەتایبەتی بەرهەمی گەنمو جۆ[170].

گرنگی ئابوری قەزای شەنگار لەوەدایە، زەویو زارێکی بەپیتی هەیە بۆ چاندنی گەنمو نیسكونۆك. متمانەیان لەسەر بارانەو دارستانە هەمیشە سەوزەکانی زەیتونو ڕەزە پانو بەرینەکانی ترێ و هەناریش دیارترین بەرهەمەکانی هاوینەی ئەم ناوچەیەن، هەروەها چاکترین جۆری هەنجیر لەشەنگار بەبەرهەم دێت. ناوچەی (کەرسێ) یش کە نزیکەی (٧٠) کم لەقەزاکەوە دوورە بەچاندنی توتن بەناوبانگەو پوختەترین جۆری توتنی کوردستانی عێراق لەم ناوچەیە دەهێنرێتە بەرهەمو هەروەها پەروەردەکردنی مەڕومالاتیش لەهەموو لایەکی ناوچەکە

---

(170) المصدر نفسه، ص ١٣١.

باوە.[171]

قەزای تەلەعفەر یەکێکی ترە لەقەزا کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵ کە بایەخ‌و گرنگی تایبەتی هەیە.

تەلەعفەر بەگەورەترین ناوچە دێمییەکانی چاندنی گەنم‌و جۆی موسڵ دەژمێردرێت، رێژەی باران بارین رادەی بەروبومەکان دیاری دەکات‌و کێڵگەکانی گەنمیش لەلێوارەکانی رۆژئاوای رووباری دیجلەوە تاوەکو دەوروبەری شەنگار درێژ دەبێتەوە. سەبارەت بەپیشەسازییە نەوتییەکانیش، نەوت لەبیرە نەوتەکانی عەین زالەو بەتمەو عوێنە دەردەهێنرێت، لەم دواییەشدا نەوتیان لەچەمی باصیف‌و گەڵی شوێنی جیاوازدا دۆزیوەتەوە. هەرچەندە ئەو بیرە نەوتانەی لەسەرەوە ناوبران دەکەونە دێیە کوردنشینەکانەوە، بەڵام ئایدۆلۆژیای شۆڤێنی هەرگیز قایل نەبووە ئەم بەشە دەوڵەمەندو بەفەڕو بەرەکەتە لەچوار چێوەی جوگرافیای کوردستان دا بمێنێتەوە[172].

ناحیەی زەممار ( یەکێکە لەناحیەکانی سەربەقەزای تەلەعفەر)، بەوەی بەتەنیشت سێ گۆشەی نێوان عێراق‌و سوریاو تورکیایە، هەڵکەوتێکی ستراتیجی هەیەو لەرووی کشتوکاڵ‌و ئاژەڵدارییەوە بایەخێکی ئابوری هەیە. سەرباری ئەوەی کە ناحیەکە بەتەنیشت پرۆژەی بەنداوی

(171) خسرو گوران، سەرچاوەی پێشوو لا ١٥٠ – ١٥١.

(172) هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ١٣٢.





سەددامەوەیە[173].

ناحیەی رەبیعەی سەر بەم قەزایە گرنگی‌و بایەخی لەوەدایە، کە دەشتە پان‌و بەرینەکەی شیاوی چاندنە بەتایبەتی بۆ سەوزەو دانەوێڵە. ئەمەش پاش گەیاندنی پرۆژە ئاودێرییەکان، لەئاستی بەرهەمهێنان‌و ناردنە بازاڕیش بەروبومی هاوینەو زستانەی ناحیەکە لەریزی پێشەوەی ناحیەو قەزاکانی پارێزگای موسڵە[174].

بەگشتی دەتوانین بڵێین چەند دەشتاییەکی کشتوکاڵی گرنگ دەکەونە ئەم بەشەی کوردستانەوە وەکو دەشتی ناو کوڕو دەشتی شەنگارو موسڵ‌و جەزیرە... هتد، رێژەیەکی گەنم‌و جۆو نیسک‌و نۆک‌و سەوزەی عێراق لەم ناوچەیە دێتە بەرهەم. دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین کە برێکی زۆری سامانی نەوتی کوردستان لەچاڵە نەوتییەکانی عەین زالەو بەتمەو چاڵەکانی تری ناحیەی زوممار سەرچاوەی گرتووە کە دەکەونە نێو سنووری پارێزگاکەوە[175].

لەمەوە روون دەبێتەوە کە گرنگی‌و بایەخی ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە بەشێکی گەورەی پارێزگای موسڵ پێکدەهێنن، لەوەدا دەردەکەوێت کە

(173) د. خلیل اسماعیل محمد، دورای یە نەتەوەی یەکانی نیشتەجی کردنی ئێلاتی عەرەب لەناوچەی زەمماردا، سەرچاوەی پێشوو لا ١٥.

(174) خسرو گوران، سەرچاوەی پێشوو لا ١٤٧.

(175) هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ١٧٤.

سامانێکی سروشتی زۆری تێدایە بەتایبەتی نەوت، لەرووی ئابورییەوە بەتایبەتی کشتوکاڵ بەهۆی بوونی زەوییەکی بەپیتو بەرفراوان، هەروەها بەهۆی شوێنە جوگرافییەکەیەوە گرنگییەکەی لەبواری بازرگانیدا زیاتر دەردەخات. چ لەناو خۆی وڵات، یان بازرگانی لەگەڵ دەرەوەدا.

ئەم تایبەتمەندییانەی کە پارێزگای موسڵی پێ جیادەکرێتەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ببێتە مەیدانێك بۆ هەڵمەتەکانی بەعەرەبکردن. کە لەسەدەی رابردوودا پیادە کراوە، کە دورایيەکی سیاسیو نەتەوەیی وەرگرتووە. بۆتە یەکێك لەگرنگترین کۆسپەکان، لەبەردەم رێگای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەعێراقدا[176].

---

[176] خليل اسماعيل محمد، (دهوك – نينوى)... المصدر السابق ص ٩.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەندی سێیەم:
## ناوچەکانی ململانێ لەپارێزگای دیالەدا

### تەوەری یەکەم:
### شوێنو رووبەری یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی ململانێ لە پارێزگای دیالەدا

پارێزگای دیالە یەکێکە لەپارێزگاکانی عێراق کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەرووی کشتوکاڵو پیشەسازیو شوێنی جوگرافییەوە، کە ئەم پارێزگایە نزیکترین پارێزگایە لەپارێزگای بەغدادەوە لەرووی دوورییەوە. ئەم پارێزگایە لەباکوورییەوە بەپارێزگای سلێمانیو کەرکوك دەورەدراوە، لەرۆژهەڵاتەوە وڵاتی ئێرانو لەرۆژئاوایەوە پارێزگای بەغداد، لەباشوورەوە پارێزگای کوت دەورەی دەدەن[177].

رووبەری ئەم پارێزگایە لەساڵی ١٩٧٦دا (١٣٠٣٤)کم٢ بووە، لەساڵی ١٩٨٧دا رووبەرەکەی بووەتە (١٤٥٦٥)کم٢[178]. ئەم زیادبوونە لەرووبەری پارێزگاکە دوای ئەوە دێت کە بەپێی فەرمانێکی کارگێڕی حکومەتی عێراق قەزای کفری لەپارێزگای کەرکوك دابڕێنراو خرایە سەر پارێزگای دیالە.

ئەو یەکە ئیدارییانەی، کە دەکەونە سنووری پارێزگای دیالەو رێژەیەکی

---

[177] خضير العزاوي، لواء ديالى، بغداد، ١٩٧٠، ص ٨ – ٩.

[178] د.عبدالله غفور، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٥٣

مەكتەبی بیروهۆشیاری

بەرچاو لەدانیشتوانی كوردیان تێدایەو دەكەونە ناوسنووری ئەو ناوچانەی كە ململانێ‌و كێشەیان لەسەرە بریتین لەمانە:

**قەزای خانەقین:** كە ئەم ناحیانە لەخۆ دەگرێت:

ا- ناحیەی سەعدیە كە لەكۆندا بە ((قزلربات)) ناودەبرا.

ب- ناحیەی جەلەولا كە لەكۆندا بە ((قرغان)) ناو دەبرا.

ج- ناحیەی مەیدان كە بە ((هورێن شێخان)) ناودەبرا.

د-ناحیەی قورەتوو.

**قەزای مەندەلی** (( **بەندنیجین** )) كە ئەم ناحیانە لەخۆ دەگرێت:

ا- **ناحیەی بەلەدروز**.

ب- **ناحیەی قەزانیە**[179]

لێرەدا باسی رووبەرو شوێنی هەریەك لەم قەزاو ناحیانە دەكەین:

(١) **قەزای خانەقین:**

ئەم قەزایە بەشێكە لەخاكی هەرێمی كوردستان، كە دەكەوێتە باكووری رۆژهەڵاتی پارێزگای دیالەوە، سنوورەكەی بەچیای (بەمۆ) لەو پەڕی باكوورەوە جیا دەكرێتەوە لەقەزای هەڵەبجە لەپارێزگای سلێمانی‌و لەباشوورەوە بەچیای حەمرین دەورە دراوە كە جیای دەكاتەوە لەهەردوو قەزای مەندەلی‌و شارەبان لەپارێزگای دیالە، سنووری رۆژئاوای بەرووباری سیروان (دیالە) جیادەكرێتەوە لەهەردوو قەزای شێروانە (كەلار) وكفری لەپارێزگای كەركوك‌و، درێژبوونەوەی چیای زاگرۆس لەبەشی رۆژهەڵاتییەوە، كە بەسنووری نێودەوڵەتی نێوان عێراق‌و ئێران دادەنرێت.

(179) خضیر العزاوی، المصدر السابق ص ٣٩.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەهەمان كاتیشدا ئەم چیایە دەبێتە سنووری رۆژهەڵاتی قەزای خانەقین، شوێنی فەلەكی ئەم قەزایە دەكەوێتە نێوان هێڵەكانی پانی (٣٣,٥٦)و (٣٥,٦)ی باكوور. رووبەری ئەم قەزایە (٣٧٨٩)كم٢ یە[180].

بەپێی سەرژمێری ساڵی١٩٨٧ رووبەرەكەی (٣٩١٥)كم٢ بووە[181].

**ا- سەنتەری قەزای خانەقین:**

سنوورەكەی لەباكوورەوە ناحیەی قورەتوو، لەرۆژهەڵاتەوە سنووری وڵاتی ئێرانە، لەباشوورەوە قەزای مەندەلی‌و لەرۆژئاواوە بەناحیەی جەلەولاو لەباشووری رۆژئاواوە بەناحیەی سەعدیە ((قزلربات)) دەورە دراوە *.

رووبەری سەنتەری قەزاكە بەپێ ی سەرژمێری ساڵی١٩٨٧ (١٢٨٨)كم٢ یە[182].

**ب- ناحیەی جەلەولا:**

ناحیەیەكە لەقەزای خانەقین، لەپارێزگای دیالە. شارۆچكەی قەرەخان (جەلەولا) سەنتەری كارگێڕییەتی، سنووری كارگێڕی لەباكووردا

(180) د. خلیل اسماعیل محمد، قضاء خانقین، دراسة في جغرافیة السكان، السلیمانیة، ٢٠٠٢، ص٨—١٠.

(181) جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلۆتیكی دانیشتوانی هەرێمی كوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٣.

* هەردوو توێژەر.

(182) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣٣.

بەناحیەی قەرەتەپە لەباشووردا قەزای مەندەلی، لەرۆژهەڵاتدا بەناوەندی قەزای خانەقینو لەرۆژئاوادا بەناحیەی قزلربات دەورە دراوە[183].

رووبەرەکەی لەساڵی ١٩٨٧دا (٤٦٧)کم٢یە[184].

### ج- ناحیەی سەعدیە ((قزلربات)):

ناحیەیەکە لەقەزای خانەقین لەپارێزگای دیالە. شارۆچکەی ((قزلربات)) سەنتەری کارگێڕییەتی، سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەقەزای کفریو لەباشووردا بەبەلەدروزو لەرۆژهەڵاتدا بەناوەندی قەزای خانەقینو لەرۆژئاوادا بەقەزای شارەبان دەورە دراوە[185].

رووبەری ئەم ناحیەیە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ (٦٥٤)کم٢ بووە[186].

### د- ناحیەیەی مەیدان:

ناحیەیەکە لەقەزای خانەقین لەپارێزگای دیالە، شارۆچکەی (مەیدان) سەنتەری کارگێڕییەتی، سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەقەزاکانی هەڵەبجەو دەربەندیخان، لەباشووردا بەناحیەی قۆرەتوو لەرۆژهەڵات دا بەپارێزگای کرماشان لە (ئێران)، لەرۆژئاوادا بەپارێزگای سلێمانی دەورە

---

(183) د.عبداللە غفور، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٢.

(184) جەزا تۆفیق تالب، ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٣.

(185) د.عبداللە غفور، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٤.

(186) جەزا تۆفیق تالب، ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٣.





دراوە[187].

رووبەری ئەم ناحیەیە بەپێی یەکە ئیداری یەکانی ساڵی ١٩٧٠ (٦٤٣)کم٢ بووە[188].

### هـ- ناحیەی قورەتوو:

ئەم ناحیەیە لەقەزای خانەقین لەپارێزگای دیالەیە، شارۆچکەی قورەتوو سەنتەری کارگێڕییەتی، سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەناحیەی مەیدان لەباشووردا بەناحیەی خانەقینو لەرۆژهەڵات دا بەپارێزگای کرماشان لە ((ئێران))و لەرۆژئاوادا بەقەزای کەلار دەورە دراوە[189].

رووبەری ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٧٠دا (٨٧٣)کم٢ یە[190].

### ( ٢ ) قەزای مەندەلی :

ئەم قەزایە، گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە لەڕووی مێژوویی و شوێنە جوگرافییەکەیەوە کە شاری مەندەلی دەکەوێتە ناو دەشتاییەکی فراوان، کە درێژاییەکەی زیاتر لە ٩٥ کم دەبێت لەزنجیرە چیای حەمرینەوە دەست پێدەکات لەباکوورەوە بەقەزای بەدرە کۆتایی دێت لەباشوورەوە بەپارێزگای کوت ، ئەم قەزایە لەشاری بەعقوبەوە بەئاراستەی باشووری

---

(187) د.عبداللە غفور، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٥.

(188) د. خلیل اسماعیل محمد، قضاء خانقین، المصدر السابق ص ٤٩.

(189) د.عبداللە غفور، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٥.

(190) د. خلیل اسماعیل محمد، المصدر السابق ص ٤٩.

رۆژهەڵات ٩٠ کم دووره[191]. و (٦ ) کم لەسنووری ئێرانـەوە دووره[192].
سنووری ئەم قەزایە لەباکوورەوە بەقەزای خانەقین، لەباشوورەوە بەقەزای بـەدره لـەپارێزگای کـوت، لەرۆژهەڵاتـەوە ئێـرانو لـەخۆرئاواوە ناحیـەی کەنعانو قەزای مقدادیە (شارەبان) دەوره دراوه[193].رووبەری ئـەم قەزایـە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ (٦٥٨٦) کم٢ یە[194].

**ا- سەنتەری قەزا:**

ئـەم ناحیـە لـەباکووردا بەقـەزای خانـەقینو لەباشـووردا بەناحیـەی قەزانیەو لەرۆژهەڵاتدا بەسنووری ئێرانو لەرۆژئاوادا بەناحیەی بەلەدروز دەوره دراوه، دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی پارێزگای دیالەوە*.
رووبەری ئەم ناحیەیە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ (١١٩٢) کم٢یە[195].

**ب- ناحیەی قەزانیە:**

سـنووری کـارگێڕی ئـەم ناحیەیـە لـەباکووردا بەناحیـەی مەنـدەلیو لەباشووردا بەقەزای بەدرەو لەرۆژهەڵاتدا بەپارێزگای ئیلام لـە((ئێـران))و

---

[191] خضير العزاوی، المصدر السابق ص ١٤٦.

[192] عباس سليمان سمايـل، تـأريخ منطقـة گەرمەسـێر، القسم الاول، مجلـة گـولان العربـی، السنة الرابعة، العدد (٤٠)، ٢٥ايلول ١٩٩٩ ص١٠١.

[193] خضير العزاوی، المصدر السابق ص ١٤٦.

[194] مەکتەبی ناوەندی دیراساتو توێژینەوە، مێژووو جوگرافیایو ئابوری کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان – دیراسەی ژمارە ٣٣، مایس ١٩٩٨، لا ٥٦

* هەردوو توێژەر.

[195] د.عبدالله غفور، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٥.





لـەرۆژئاوادا بەناحیـەی بەلـەدروز دەوره دراوه. رووبەرەکـەی بـەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ (٢٢١٨)کم٢یە[196].

**ج- ناحیەی بەلەدروز:**

سـنووری کـارگێڕی ئـەم ناحیەیـە لـەباکووردا بەقـەزای خانـەقینو لەرۆژهەڵاتدا ناحیەکانی مەندەلیو قەزانیەو لەرۆژئاواو باشووردا بەعێراق دەوره دراوه[197].

---


[196] هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٨٣.

[197] هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٢٤.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**نەخشەی ژمارە ( ١١ )**

**شوێنی ناوچەكانی ململانێ لە پارێزگای دیالە ( قەزای خانەقین و قەزای مەندەلی و ناحیەكانی سەربەقەزای كفری )**




االمصدر : د. خلیل اسماعیل محمد ، كركوك دراسات فی التكوین القومی للسكان ، ٢٠٠٢ ص ٢٥ .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەرەی دووەم :

## ژمارەی دانیشتوانی ئەو یەكە كارگێڕییانەی كە ململانێیان لەسەرە لە پارێزگای دیالە

**پارێزگای دیالە یەكێكی ترە لەو پارێزگایانەی كە چەند نەتەوەی جیاواز تیایدا دەژین. كۆمەڵەی (نەتەوە) عەرەب نەتەوەی زۆرینەو باڵادەستە لەپارێزگاكەدا، ئەگەرچی لەم پارێزگایەدا كۆمەڵەی كوردی رێژەیەكی گەورە پێكدێنێت لەسەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاكە، كە زۆرینەیە لەقەزای خانەقین بەناحیەكانی (قۆرەتوو مەیدانو سەنتەری قەزای خانەقین)، هەروەها زۆرینەیە لەسەنتەری قەزای مەندەلی، لەگەڵ بوونی نەتەوەی عەرەبو كورد نەتەوەی توركمانیش لەم پارێزگایەدا دەژین[198].**

**د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد دەڵێت:**

**(زانراوە كە پارێزگای دیالە رەگەزەكانی كوردو عەرەبو توركمانو ژمارەیەك فارسی گرتۆتە خۆو توێژینەوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە خەڵكی ئەو پارێزگایە بەهەردوو زمانی عەرەبیو كوردی قسە دەكەن، كە دوو زمانی زاڵن، ئینجا بەفارسیو توركی)[199].**

---

[198] د. شاكرخصباك، المصدر السابق، ص١٥٣.

[199] د. خلیل اسماعیل محمد، نیشتەجێ بونی عەرەب لەناوچەی كوردەفەیلی یەكان، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢)، ساڵی دەیەم مایس ٢٠٠٢، لا ١٢.

لێرەدا ژمارەو ڕێژەی هەریەکە لەنەتەوەکان لەیەکە ئیدارییەکانی ناوچەی ململانێ لەپارێزگاکەدا دەخەینە ڕوو:

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**ڕێژەی هەریەکە لەنەتەوەکان لە پارێزگای دیالەدا**

| نەتەوە | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|
| کورد | ١٦,٥ | ١٥,٠ | ١٠,٧ |
| عەرەب | ٧٩ | ٨٢,٤ | ٨٧,٥ |
| تورکمان * | ٢,٢ | ١,١ | ١,٤ |
| ئەوانی تر | ٢,٣ | ١,٥ | ٠,٤ |
| سەرجەم | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

المصدر: د.خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، المصدر السابق، ص ٢٢٢.

★ تێبینی: نووسەر وشەی (تورك)ی بەکارهێناوە لەجیاتی تورکمان، خۆی لەبنچینەدا وشەکە تورکمانە. (هەردوو توێژەر)

## قەزای خانەقین:

قەزای خانەقین نمونەیەکی بەرچاوە بۆ ئەو ناوچانەی کە لەپێکهاتەی دانیشتوانیدا، چەند نەتەوەی جیاواز دەژین، ئەمەش لەشوێنە جوگرافییەکەیدا بەدەر دەکەوێت، کە دراوسێی وڵاتی ئێرانە لەلایەکەوەو، دەکەوێتە سەر هێڵی تەماسی نێوان هەردوو کۆمەڵەی سەرەکی





لەدانیشتوان لەعێراقدا. نەتەوەی کورد لەباکوور، نەتەوە (کۆمەڵە)ی عەرەبی لەرۆژئاواو باشووری رۆژئاوا لەلایەکی ترەوە[200].

ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (٧٤٤٤٩) کەس بووە[201]. ڕێژەی نەتەوەی کورد لەقەزاکەدا بەپێی سەرژمێری ناوبراو (٥٨,٤٪) سەرجەمی دانیشتوانی بووە[202].بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٩٢٤٥١) کەس بووە[203].ڕێژەی کورد (٢٧,٣٪)ی سەرجەمی دانیشتوان بووە.[204]

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (١٠٢٢٩٨) کەس بووە[205].

ئەگەر بەوردی سەرنج لەژمارەی دانیشتوانی کورد بدەین لەقەزاکەدا بەپێی سەرژمێرییە ڕەسمییەکان دەبینین، کە ڕێژەی کورد بەردەوام لەدابەزیندا بووە بەو ئەندازەی، کە ڕێژەی کورد لەساڵی ١٩٥٧ (٥٨,٤٪) بووە، لەساڵی ١٩٦٥دا بووەتە (٥٤,٣٪)و دواتر لەساڵی ١٩٧٧دا کەمتر بووەتەوە بۆ (٢٧,٣٪) . لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥ - ١٩٧٧) ڕێژەی کورد لەقەزاکەدا ساڵانە بەڕێژەی (- ٢,٣) کەمی کردووە. ئەمەش بەهۆی گرتنەبەری

(200) د. خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، المصدر السابق، ص٢١٨.

(201) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة لتسجيل عام (١٩٥٧) المصدر السابق، ص٢٥.

(202) د. خليل اسماعيل محمد، المصدر السابق، ص٢٢٣.

(203) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء لسنة ١٩٧٧، المصدر السابق ص٢٠٤٦

(204) د. خليل اسماعيل محمد، المصدر السابق، ص٢٢٣.

(205) جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی..، سەرچاوەی پێشوو لا ٢٢٣.

سیاسەتی شۆڤێنی حکومەتی بەعسەوە بەهێنانی ژمارەیەکی زۆر لەکرێکارو فەرمانبەری عەرەب بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوەو کردنەوەی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆیان‌و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون[206].

بەهەل زانینی هەل‌و مەرجی شۆڕشی ١٩٦١ — ١٩٩١ بۆ دەرکردنی هەزاران خێزانی کوردی فەیلی بۆ دەرەوەی هەرێم، بەبیانووی هاوسۆزی‌و بەشداریان لەشۆڕشدا. بەم پێودانگە لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٧١ - ١٩٧٢ زیاد لە٧٠ هەزاریان دەرکران. هەروەها هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران ساڵی ١٩٨٠ - ١٩٨٨ بووە هۆی بەردەوام بوونی دەرکردنی کوردە فەیلییەکان، لەساڵی ١٩٨٠دا ١٢٠هەزار کوردی فەیلی دەرکران‌و گیران‌و بێ سەروشوێن کران. بەردەوام بوونی حکومەتی عێراق لەسەر هاندانی بنەماڵەو خێڵە عەرەبەکان بۆ نیشتەجێبوون لەناوچەکانی کوردە فەیلییەکان ئەویش بەدابەشکردنی زەوی بەسەریاندا[207].

## ١- سەنتەری قەزا:

ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزای خانەقین بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (١٩٧٩٧) کەس بووە، لەساڵی ١٩٧٧دا ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (٤١٩٢٨) کەس بووە، کە ڕێژەی کورد (٤٥٪) ڕێژەی نەتەوەی عەرەب (٤٨٪)و ڕێژەی تورکمان (٥,٩٪)یە[208].

---

(206) د. خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، المصدر السابق، ص٢١٢ - ٢١٣.

(207) د. خليل اسماعيل محمد، نیشتەجێ بوونی عەرەب لەناوچەی کوردەفەیلی یەکان، سەرچاوەی پێشوو لا ١٨.

(208) د. خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، المصدر السابق، ص٢٢٤.





لەساڵی ١٩٨٧ دا ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزاکە بووتە (٣٩٤٨٦) کەس[209].

## خشتەی ژمارە (١٤)

## (( دانیشتوانی قەزای خانەقین بە پێی یەکە کارگێڕییەکان (١٩٤٧ — ١٩٧٠) ))

| یەکەی کارگێڕی | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٠ | ٪١٩٧٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوچەی باکوور | ١٨٧٤٦ | ٢٢٧٦٠ | ١١٩٤٧ | ٢٦٧٨٢ | ٢٤,٨ |
| ناحیەی مەیدان | ٥٩٣٦ | ٧٩٣٩ | ٢٨١٨ | ٩٩٣٩ | ٩,٢ |
| ناحیەی قۆرەتو | ١٢٨١٠ | ١٤٨٢١ | ٩١٢٩ | ١٦٨٤٣ | ١٥,٦ |
| ناوچەی باشوور | ٣٨٠٥٣ | ٥١٦٨٩ | ٧٤١٢٣ | ٨١١٠٨ | ٧٥,٢ |
| ناحیەی خانەقین | ٢٦٠١٢ | ٣٤٨٧٣ | ٣٩٣١٦ | ٤٢١٢٧ | ٣٩ |
| ناحیەی سەعدیە | ١٢٠٤١ | ١٦٨١٦ | ١٢٥٩٩ | ١٤٣٠٦ | ١٣,٣ |
| ناحیەی جەلەولا | — | — | ٢٢٢٠٨ | ٢٤٦٧٥ | ٢٢,٩ |
| قەزای خانەقین | ٢٦٧٩٩ | ٧٤٤٤٩ | ٨٦٠٧٠ | ١٠٧٨٩٠ | ١٠٠ |

المصدر: د.خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، المصدر السابق ص٧٤

---

(209) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٨٧، المصدر السابق ص١.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### ب - ناحیەی مەیدان:

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە (٧٩٣٩) کەس بووە[210].

لەساڵی ١٩٧٧دا ژمارەی دانیشتوانەکەی بووەتە (١١٣٦) کەس[211].

### ج- ناحیەی قۆرەتوو:

ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (١٤٨٢١) کەس بووە[212].لەساڵی ١٩٧٧دا بووەتە (٥٤٥٩) کەس[213].

---

(210) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة للتعداد العام، ١٩٥٧، المصدر السابق ص٢٣.

(211) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٧٧، المصدر السابق ص٢٠٤٦.

(212) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة للتعداد العام، ١٩٥٧، المصدر السابق ص٢٣.

(213) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٧٧، ص٢٠٤٦.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**دانیشتوانی قەزای خانەقین بە پێی دابەشبوونی نەتەوەیی**

**(لێکۆڵینەوەی مەیدانی ساڵی ١٩٧٢)**

| یەکەکارگێڕییەکان | کورد | عەرەب | تورکمان |
|---|---|---|---|
| ناحیەی مەیدان | ٩٩ | ١ | - |
| ناحیەی قورەتوو | ٩٩,٥ | ٠,٥ | - |
| سەنتەری قەزا | ٨٨ | ٨,٥ | ٣,٥ |
| ناحیەی جەلەولا | ٣٣ | ٥٧ | ١٠ |
| ناحیەی سەعدیە | ٣٤ | ٥٥ | ١١ |
| **سەرجەم** | **٧١,١** | **٢٣,٨** | **٥,١** |

المصدر: د.خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، المصدر السابق ص٢٢٥

* تێبینی: نووسەر وشەی (تورك)ی بەکارهێناوە لەجیاتی تورکمان، خۆی لەبنچینەدا وشەکە تورکمانە. (هەردوو توێژەر)

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**د - ناحیەی سەعدیە (قزلرەبات):**

ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (١٦٨١٦) كەسە[216]. لەساڵی ١٩٧٧دا ژمارەی دانیشتوانی بووەتە (١٧٥٤٩) كەس[217]. وە لەساڵی ١٩٨٧دا ژمارەی دانیشتوان بووەتە (٢٤٨١٠) كەس[218].

**هـ- ناحیەی جەلەولا:**

ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٧٧دا (٢٦٣٨٩) كەس بووە[219].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانەكەی (٣٨٠٠٢) كەس بووە[220].

**( ٢ ) قەزای مەندەلی:**

قەزای مەندەلی دانیشتوانەكەی لەكوردو عەرەبو توركمانو هەروەها فارسیش پێكدێتو شوێنی نیشتەجێبوونی كورد كەوتۆتە نیوەی رۆژهەڵاتی قەزاكە لەنەفتخانەو لەباكووردا تا قەزانیە لەباشووردا.

زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی قەزاكە بەزمانی كوردی دەدوێنو

(216) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة للتعداد العام، ١٩٥٧، ص٢٣.

(217) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء لسنة ١٩٧٧، ص٢٠٤٦.

(218) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء لسنة ١٩٨٧، ص٢.

(219) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء لسنة ١٩٧٧، ص٢٠٤٦.

(220) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء لسنة ١٩٨٧، ص٢.





هەندێكیشیان بەفارسی یان بەتوركیو رەنگە بەعەرەبیش قسە بكەن، بەڵام بەزەحمەت پێیانەوە دیارە[221]. ژمارەی دانیشتوانی قەزای مەندەلی لەساڵی ١٩٥٧ (٥٧٣٩١) كەس بوو[222].

رێژەی كورد لەشاری مەندەلیو گوندەكانی دەوروبەری زیاتر لە٨٠٪ تاوەكو ساڵی ١٩٧٥، ئەوەشی كە دەمێنێتەوە دانیشتوانی عەرەبو توركمانن بەرێژەی یەكسان[223].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزاكە (٥٩٧٦٦) كەسە[224].

**ا- سەنتەری قەزا:**

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ سەنتەری قەزاكە ژمارەی دانیشتوانەكەی (٣٧١٨٩) كەس بووە،[225] دواتر لەساڵی ١٩٧٧دا ژمارەی دانیشتوانەكەی (٢٥٦٥٦) كەسە[226].

**ب- ناحیەی قەزانیە:**

(221) د. خليل اسماعيل محمد، نیشتەجێبونی عەرەب لەناوچەی كوردەفەیلییەكان، سەرچاوەی پێشوو لا ١٢.

(222) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة للتعداد العام، ١٩٥٧، ص٢٥.

(223) عباس سليمان سمايل، تأريخ منطقة گەرمە سێر، المصدر السابق ص١٠١

(224) د. عبدالله غفور، ئەتنۆ – دیموگرافیای باشوری كوردستان، سلیمانی ٢٠٠٠، لا٢٩

(225) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة للتعداد العام، ١٩٥٧، ص٢٥.

(226) د. عبدالله غفور، ، سەرچاوەی پێشوو لا ٢٩.

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە (١٤٦٠) کەس بووە[227]. بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە (٩١٨٧) کەس بووە[228]. لەساڵی ١٩٨٧دا (٦٧٦٣) کەس بووە[229].

رێژەی (٦٠٪) لەدانیشتوانەکەی کوردن، ئەوەی کە دەمێنێتەوە تورکمانو مەغۆلن[230].

### ج- ناحیەی بەلەدروز:

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە (١٨٢٩٢) کەس بووە[231]. بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ بووەتە (٢٤٩٢٣) کەس[232].

(227) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة للتعداد العام، ١٩٥٧، ص٢٧.

(228) د. عبدالله غفور، ، سەرچاوەی پێشوو لا ٢٩.

(229) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٨٧، ص٢.

(230) عباس سليمان سمايل، المصدر السابق ص١٠٢.

(231) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة للتعداد العام، ١٩٥٧، ص٢٧.

(232) د. عبدالله غفور، ، سەرچاوەی پێشوو لا ٢٩.



ناوچەكانی ململانێ

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### خشتەی ژمارە ( ١٦ )

### ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای مەندەلی بە پێی هەردوو سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٧٧

| یەکەکارگێڕییەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|
| سەنتەری قەزای مەندەلیو دەروبەری | ٣٧١٨٩ | ٢٥٦٥٦ |
| ناحیەی بەلەدروز | ١٨٢٩٢ | ٢٤٩٢٣ |
| ناحیەی قەزانیە | ١٤٦٠ | ٩١٨٧ |
| سەرجەمی قەزا | ٥٧٣٩١ | ٥٩٧١٦ |

المصدر: ١) جمهورية العراق، وزارةالداخلية، مديرية النفوس العامة، لتسجيل عام ١٩٥٧، ص٢٥ — ٢٧.

٢) د. عبدالله غفور، ئەتنۆ - دیمۆطرافیای باشووری کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٢٩.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### خشتەی ژمارە ( ١٧ )

### (( ڕێژەی ( ٪ ) هەریەك لەنەتەوەی کوردو عەرەب لەهەندێ قەزای ناوچەکانی ململانێ ))

| قەزا | کورد | | عەرەب |
|---|---|---|---|
| | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٧٧ |
| شەنگار | ٧٨,٣ | ٦,١ | ٩٣,١ |
| تەلەعفەر | ١٦,٥ | ٣,١ | ٩٥,٥ |
| شێخان | ٤٣,٥ | ٣٧ | ٦٢,١ |
| دوزخورماتو | ٥٤,٧ | ٤٥,٢ | ٣٥,٤ |
| خانەقین | ٥٨,٤ | ٢٧,٣ | ٦٧,٩ |
| مەندەلی | ١٦,٧ | ١,٤ | ٩٨,٤ |

المصدر:

د.خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق (دراسات في التكوين القومي للسكان، الطبعة الثالثة، اربيل، ١٩٩٩، ص ٩٠.

* تێبینی: ئەو گۆڕانە لەڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە لەخشتەی سەرەوە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ بۆ ١٩٧٧ ئاماژەمان بۆ کردووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆسانەی کە ڕژێمی بەعس گرتبوونیە بەر بۆ کەم کردنەوەی ژمارەو ڕێژەی کورد لەناوچەکانی ململانێ لەوانە ((پرۆسەی بەعەرەب کردنو ڕاگواستنو ناونووس کردنی یەزیدیو شبەك لەسنووری پارێزگای موسڵ بەعەرەب، کە لەهەموو سەرچاوە





مێژووییەکاندا دەیسەلمێنن کە کوردن، وە هەروەها ناونووس کردنی کوردە شیعەکانی سنووری ناوچەکانی ململانێ لەهەردوو پارێزگای دیالەو کوت بەعەرەب و ناچارکردنیان بەگۆڕینی ناسنامەیان بۆ عەرەب، هێنانی ژمارەیەکی زۆر لەعەشایەری عەرەب لە ناوەڕاستو باشوور بۆ ناوچەکانی ململانێو ڕاگواستنی کوردەکان بۆ ناوەڕاستو باشوور وای کردووە کە باڵانسی (تەرازووی) نەتەوەی عەرەب زلتربێ بەسەر نەتەوەی کورددا لەگەڵ هۆکارەکانی تر کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردوون. (هەردوو توێژەر)

## تەوەرەی سێیەم:

## بایەخ و گرنگی ناوچەکانی ململانێ لە پارێزگای دیالە .

هەریەکە لەقەزاکانی خانەقینو مەندەلی لەپارێزگای دیالەدا بایەخو گرنگی خۆیان هەیە لەرووی بایەخی ستراتیژیو ئابوریو بازرگانییەوە.

قەزای خانەقین کە چەندین خەسڵەتی جۆراوجۆری لەرووی بایەخو گرنگییەوە لەخۆ گرتووە، وای کردووە ببێتە ناوچەیەکی بایەخدار سەرەڕای بایەخو گرنگی تایبەتی کەوای کردووە جیای بکاتەوە. لەیەکە ئیدارییەکانی تری ناوچەکە، ئەم گرنگییەش لەجۆراوجۆری رواڵەتە سروشتیو مرۆییەکاندا بەدەردەکەوێت، هەروەها لەشوێنە جوگرافیو ستراتیژییەکەیدا، کە دەکەوێتە سنووری نێوان عێراق ـ ئێران لەلایەکەوە، نێوان دوو ناوچەی جیاواز لەرووی سروشتیو مرۆییەوە، ناوچەی شاخاویو نیمچە شاخاوی، کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن لەباکوور، ناوچەی دەشتی نیشتەنی، کە زۆرینەی دانیشتوانی عەرەبن لەباشوور. لەلایەکی ترەوە، زیاد لەمەش بایەخە بازرگانییەکەیەتی کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی، کە عێراق بەئێرانو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی یەوە

دەبەستێتەوە[233].

شوێنی سەر سنووری قەزاكە لەنێوان عێراق ــ ئێرانداو درێژە بوونەوەی بەدرێژایی ئەو سنوورە كردوویەتییە ناوچەیەكی گرنگی ستراتیژی تایبەت، كە تیایدا بەئاراستەی بەغداد بەدووری ١٨ كم گرنگییە ستراتیژییەكەی زیادكردووە، هەروەك چۆن تێپەڕبوونی ڕێگا بەهەمان ئاراستەی (بەغداد)، گرنگی ناوچەكەی زیاد كردووە بەتایبەتی كە ڕێگای (بەغداد – تاران) ی نێودەوڵەتی پێدا تێدەپەڕی[234].

قەزای خانەقین گرنگییەكی تایبەتی تری هەیە ئەویش گرنگی بوونی نەوتە لەناوچەكەدا، لەوەدا كە دەكەوێتە نێوان دوو گرنگترین ناوچەی نەوتییەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەكێكیان لەعێراقدا لە ((باباگوڕگوڕ)) لەپارێزگای كەركوك. ئەوی تریان لەئێران (نفط شاه) لەنزیك سنووری عێراق ـ ئێرانەوە، هەروەها نزیك بیرە نەوتەكانی باشووری قەزاكە (نەوت خانە)، بیرە نەوتەكانی تر لە (چیا سورخ) باكووری قورەتوو[235].

بایەخ و گرنگی قەزای مەندەلی زیاتر لەرووی شوێنی جوگرافی و كشتوكاڵییەوە بەدەر دەكەوێت.

دانیشتوانی مەندەلی بەپلەی یەكەم پشت دەبەستن بەكشتوكاڵكردن و بەرهەمهێنانی بێستانی میوەو خورما كە جۆری جیاوازی تێدایە، هەروەها دانیشتوانەكەی هەتا وەكو سەرەتای كودەتای ١٩٦٨ پشتیان دەبەست

---

(233) د.خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، المصدر السابق، ص٧.

(234) المصدر نفسه ص ١٠.

(235) المصدر نفسه ص ٧٥





بەگۆڕینەوەی بازرگانی لەگەڵ شارە كوردییەكانی ئێران وەك (ایوان و كرماشان و شارەكانی تر...[236]. ئەمەش بایەخی ستراتیژی و بازرگانی و ئابوری ئەم قەزایە دەردەخات.

## بەندی چوارەم:

## ناوچەكانی ململانێ لەهەرسێ پارێزگای كوت و سەلاحەدین و هەولێر

### تەوەرەی یەكەم:

### شوێن و رووبەری ناوچەكانی ململانێ لەهەرسێ پارێزگاكەدا

قەزای بەدرە بەهەردوو ناحیەكانی جەسان و زرباتیە دەكەوێتە چوارچێوەی سنووری ئەو ناوچانەی كە ململانێیان لەسەرە لەپارێزگای كوت (واسط)دا .

### قەزای بەدرە:

قەزایەكە لەسنووری كارگێڕی پارێزگای كوت. شارۆچكەی بەدرە ٥٢١ كم لەباشووری رۆژهەڵاتی شاری كەركوك و ٣٩٨ كم لەباشووری شارۆچكەی مەندەلییە. سنووری كارگێڕی لەباكووردا بە بەلەدروز و لەباشووردا

---

(236) ساسان مندلاوی، مدينة مندلى الكردية بين الماضي والحاضر، گۆڤاری كەركوك ژمارە (٤)، ساڵی سێ هەم، بەهاری ٢٠٠٢، لا ٢٠٩.

بـــەعێراق لەرۆژهەڵاتـــدا بـــەپارێزگای ئـــیلام لـــە (ئێـــران)و لـــەرۆژئاوا بەبەلـــەدروزو عێـــراق دەورە دراوە. رووبـــەری ٣٦٥٠ کـــم٢ یـــە بـــەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧[237].

**١- سەنتەری قەزای بەدرە:**

دەکەوێتـــە باشـــووری رۆژهـــەڵاتی هـــەرێمی کوردســـتانی عێراقـــەوە، سنوورەکەی لەباکووری ناحیەی قەزانیە لەقـەزای مەنـدەلی‌و لەباشـوورەوە بەناحیـــەی جەســـان‌و لـــەرۆژئاوادا بـــەعێراق‌و لەرۆژهەڵاتـــدا بـــەئێران‌و لەباکووری رۆژهەڵات بەناحیەی زرباتیە لەقەزای بەدرە دەورە دراوە*.

رووبـەری سـەنتەری قەزاکـە بـەپێی یەکـە کارگێڕییـەکانی سـاڵی ١٩٧٧ (١٠٧٣)کم٢ یە[238].

**ب- ناحیەی زرباتیە**

ناوەنـــدی شارۆچـــکەی زرباتیـــە دەکەوێتـــە نزیـــك ســـنووری ئێرانـــەوە بەدووری ١٤ کم لەرۆژهەڵاتی قەزای بەدرەدا[239].

سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەپارێزگای ئیلام لە ((ئێران)) لەباشووردا لەناحیەی بەدرە لەرۆژهەڵاتدا بەپارێزگای ئیلام‌و لـەرۆژئاوادا بەبەلـەدروز

---

[237] د.عبداللەغفور، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣

* هەردوو توێژەر.

[238] د.عبداللەغفور، ئەتنو – دیموگرافیای باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠.

[239] عباس سلیمان سمایل، تأریخ منطقة طةرمةسيَر، المصدر السابق، ص١٠٦





دەورە دراوە[240].

رووبەری ناحیەکە بـەپێی یەکـە کارگێڕییـەکانی سـاڵی ١٩٧٧ (٨٠٣) کـم٢ یە[241].

**ج- ناحیەی جەسان**

ئـەم ناحیەیـە دەکەوێتـە رۆژئـاوای شـاری بـەدرەوە، ناوەندەکـەی شـاری (جەسان)ە‌و دانیشتوانەکەی تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ کورد بوون[242].

سـنووری کـارگێڕی لـەباکووردا بەناحیـەی بـەدرە، لەباشـووردا بـەعێراق لەرۆژهەڵاتدا بەپارێزگای (ئیلام - ئێـران)و عێـراق‌و لـەرۆژئاوادا بـەعێراق دەورە دراوە، رووبەری ئەم ناحیەیە لەساڵی ١٩٨٧ (١٨٥٦)کم٢یە[243].

قـەزای دوزخورمـاتوو بەناحیـەکانی (سـلێمان بـەگ، نـەوجول، ئـامرلی، قادرکەرەم) دەکەوێتە نێو سنووری ئەو ناوچانەی کە ململانێیـان لەسـەرە لەپارێزگای سەلاحەدیندا.

***قەزای دوزخورماتوو:**

بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (٤١) کە لـە١٩٧٦/١/٢٩دا دەرچـووە قـەزای

---

[240] د.عبداللەغفور، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٠.

[241] د.عبداللەغفور، ئەتنو – دیموگرافیای باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠.

[242] عباس سلیمان سمایل، تأریخ منطقة گەرمەسێر، المصدر السابق، ص١٠٦

[243] د.عبداللەغفور، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٦.

دوزخورماتوو خراوەتە سەر پارێزگای تازە دروستکراوی سەلاحەدین[244].

دەکەوێتە دووری ٧٦ کم لەباشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوك، سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەپارێزگای سلێمانیو قەزای کەرکوك، لەباشووردا بەقەزای کفریو لەرۆژهەڵاتدا بەپارێزگای سلێمانیو قەزای کفری و لەرۆژئاوادا بەقەزای کەرکوك دەورە دراوە[245].

رووبەری قەزاکە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ (٤٠١٩ کم٢یە[246].

## ١- ناحیەی سلێمان بەگ

دەکەوێتە باشووری قەزای دوزخورماتوو لەسەر ڕێگەی گشتی نێوان کەرکوك ـــ دوزخورماتوو ـــ بەغداد، لەباکوورەوە ناحیەی مەرکەزی دوزخورماتوو، لەرۆژهەڵاتەوە ناحیەی نەوجول، لەباشوورەوە ناحیەی شێروانە، لەرۆژئاواوە ناحیەی ئامرلی[247].

رووبەری ئەم ناحیەیە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ (٢٨٨)کم٢یە[248].

(244) محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك.... ، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٩.

(245) د.عبداللەغفور، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٤- ٣٥.

(246) جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیوپولەتیکی.... ، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢٣.

(247) محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٦.

(248) جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٣.



ناوچەکانی ململانێ

## ب- ناحیەی ئامرلی

دوای ناحیەی سلێمان بەگ هاتووەتە کایەوە، دەکەوێتە نێوان سلێمان بەگو چیای حەمرین نزیك ڕێگای گشتی کەرکوك ـ دوز ـ بەغداد.

سنووری لەباکوور ناحیەی مەرکەزی دوزخورماتوو، و رۆژهەڵات ناحیەی سلێمان بەگو لەباشوور پارێزگای دیالە، و لەرۆژئاواوە قەزای دوز[249].

رووبەری ئەم ناحیەیە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ (٧٣٩)کم٢ یە[250].

## ج- ناحیەی نەوجول

ناحیەیەکە لەقەزای دوزخورماتوو، شارۆچکەی نەوجول سەنتەری کارگێڕییەتی، سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەناحیەی قادرکەرەم لەباشووردا بەناحیەکانی سلێمان بەگو دوزخورماتوو، لەرۆژهەڵاتدا بەناحیەکانی قادرکەرەمو سلێمان بەگو لەرۆژئاوادا بەقەزای کەرکوك دەورەدراوە. رووبەری ناحیەکە لەساڵی ١٩٧٦ (٧٤٠)کم٢ بووە[251].

## د- ناحیەی قادرکەرەم:

رووبەرو شوێنی ئەم ناحیەیە لەبەندی یەکەمدا بەدرێژی باسکراوە.

(249) محەمەد سەعید سۆفی سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٧.

(250) جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٣.

(251) د.عبداللەغفور، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٩.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

قەزای مەخمور بەناحیەکانی (ئەلگوێر، کەندیناوا، قەراج) لەرووی کارگێڕییەوە سەر بەپارێزگای هەولێرە، بووەتە یەکێک لەناوچەکانی ململانێ، کە دوای راپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لەژێردەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدا مایەوەو دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا ئەم قەزایە وەکو ناوچەکانی تر لەدەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان ماوەتەوە.

### * قەزای مەخمور:

قەزایەکە لەپارێزگای هەولێر، شارۆچکەی مەخمور سەنتەری کارگێڕییەتی، سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەقەزای هەولێرو پارێزگای نەینەوا، لەباشووردا بەپارێزگای کەرکوک‌و عێراق، لەرۆژهەڵاتدا بەپارێزگای کەرکوک‌و لەرۆژئاوادا بەعێراق دەورە دراوە، رووبەری قەزاکە (٢٧٥٩)کم٢ یە لەساڵی ١٩٨٧دا[252].

### ١- ناحیەی ئەلگوێر (گوێر):

ناحیەیەکە لەقەزای مەخمور، لەپارێزگای هەولێر. شارۆچکەی گوێر سەنتەری کاگێڕییەتی، سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەقەزای هەولێر لەباشووردا بەعێراق، لەرۆژهەڵاتدا بەقەزای هەولێرو ناحیەی کەندیناوا و لەرۆژئاوادا بەپارێزگای نەینەوا دەورە دراوە، رووبەری ئەم ناحیەیە

(252) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٢.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەساڵی ١٩٨٧ دا (٥٨٤)کم٢ یە[253].

### (٣) ب- ناحیەی کەندیناوا:

ناحیەیەکە لەقەزای مەخمور لەپارێزگای هەولێر، شارۆچکەی دیبەگە سەنتەری کارگێڕییەتی، سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەقەزای هەولێرو ناحیەی گوێر، لەباشووردا بەناحیەکانی قەراجو مەخمورو لەرۆژهەڵاتدا بەقەزاکانی هەولێرو کەرکوک، و لەرۆژئاوادا بەعێراق دەورە دراوە، رووبەری ئەم ناحیەیە (٧٠٧)کم٢یە، لەساڵی ١٩٧٦[254].

### ج- ناحیەی قەراج :

ناحیەیە لەقەزای مەخمور لەپارێزگای هەولێر. شارۆچکەی باقرتا (جاران)- گۆمەشین) سەنتەری کارگێڕییەتی، سنووری کارگێڕی لەباکووردا بەناحیەی کانی سەرگەران‌و کەندیناوا، لەباشووردا بەقەزای حەویجە (خوویلین)، لەرۆژهەڵاتدا بەقەزاکانی دوبزو مەخمورەوە لەرۆژئاوادا بەقەزای مەخمور دەورە دراوە، رووبەرەکەی (٩٦٤)کم٢یە لەساڵی ١٩٨٧دا[255].

(253) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٧.


(254) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٠.

(255) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨١.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## نەخشەی ژمارە (١٢)

**(شوێنی ناوچەکانی ململانێ لەهەرسێ پارێزگای هەولێر (قەزای مەخموور) – پارێزگای سەلاحەدین (قەزای دوزخورماتوو) – پارێزگای کوت (قەزای بەدرە)**




االمصدر :

د.خليل اسماعيل محمد ،كركوك دراسات فى التكوين القومى للسكان ، ٢٠٠٢ ،ص٢٥





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەرەی دووەم :

## ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی ململانێ لە پارێزگاکانی کوت و سەلاحەدین و هەولێر

### قەزای بەدرە :

ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (١٦٧٢٦) کەسە، بەپێی هەمان سەرژمێری سەنتەری قەزاکە ژمارەی دانیشتوانەکەی (٦٥٠٠) کەسە، ناحیەی جەسان بەپێی هەمان سەرژمێری دانیشتوانەکەی (٦٧٢٤) کەس بووە، ناحیەی زرباتیە (٣٥٠٣) کەسە[256].

وە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (١٤٩٤٨) کەس بووە، ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (٦١٢٥) کەس و ناحیەی جەسان (٥٨١٩) کەس، ناحیەی زرباتیە (٣٠٠٤) کەس بووە بەپێی هەمان سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧[257].

ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ (٨٦٢٦) کەس بووە[258].

ناحیەی جەسان بەپێی هەمان سەرژمێری (٦٠١٢) کەس بووە[259]. ژمارەی

(256) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة للتعداد العام ١٩٥٧، ص ١٦٨ – ١٦٩.

(257) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٧٧، ص ٢٠٤٨.

(258) د.عبداللەغفور، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣.

(259) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٦.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دانیشتوانی ناحیەی زرباتیە (٣٥٧٥) کەس بووە[260].

### *قەزای دوزخورماتوو:

ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ بەناحیەکانی (ئامرلی‌و سلێمان بەگ‌و نەوجول‌و قادر کەرەم)ەوە (٧٧٣٣٦) کەس بووە، سەنتەری قەزاکە ژمارەی دانیشتوانی (٢٩٥٢٩) کەس‌و ناحیەی ئامرلی (١٥٧٢٧) کەس‌و ناحیەی سلێمان بەگ (٧٣٩٧) کەس بووە، ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی نەوجول بەپێی هەمان سەرژمێری (١٠٣٨٩) کەس‌و ناحیەی قادر کەرەم (١٤٢٩٣) کەس بووە[261].

رێژەی کورد لەسەر ئاستی قەزاکە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ (٥٤,٢٨٪)و رێژەی عەرەب (٣٥,٣٥٪)و رێژەی تورکمان (١٨,٤٣٪)یە[262].

بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٨٦٢٥٣) کەسەو ناحیەی ئامرلی (٢٢٥٢٢) کەسە، ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی سلێمان بەگ (١١٧٣٣) کەس[263].

(260) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٠.

(261) وزارة التخطیط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٧٧، ص٢٠٤٢ – ٢٠٤٣.

(262) د.عبداللەغفور، ئەتنۆ ـ دیموگرافیای باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٢.

(263) د.عبداللەغفور، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢، ٣٥، ٦٦.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

### قەزای مەخمور:

ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (٥٠٧٧٦) کەسەو ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (٦٥٨٠) کەسە، ناحیەی گوێر (١٤٧٨٩) کەس‌و ناحیەی کەندیناوا (١٩٢٦٥) کەو ناحیەی قەراج (١٠١٤٢) کەسە[264].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٥٧٣٦١) کەسە، ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە (١٠٦٠٦) کەس‌و ناحیەی گوێر (٢٢٩٦٢) کەس‌و ناحیەی کەندیناوا (١٤٠٨١) کەس‌و ناحیەی قەراج (٩٧١٢) کەسە[265].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٤٢٠٤٦) کەس، ناوەندی قەزاکە (١٧١٨٤) کەسە، ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی گوێر (١٧٠٥٣) کەس، ناحیەی قەراج (٧٨٠٩) کەسە[266].

(264) وزارة الداخلیة، مدیریة النفوس العامة للتعداد العام ١٩٥٧، ص ٢٤٩ – ٢٥١.

(265) عبداللەغفور، ئەتنۆ – دیموگرافیای باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣.

(266) جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢٠.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## خشتەی ژمارە ( ١٨ ):

## ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای مەخمور بەگوێرەی سەرژمێرییەکانی ١٩٥٧، ١٩٧٧، ١٩٨٧

| یەکە کارگێڕییەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ |
|---|---|---|---|
| سەنتەری ناحیەی مەخموورو دەوروبەری | ٦٥٨٠ | ١٠٧٢٥ | ١٧١٨٤ |
| ناحیەی گوێر | ١٤٧٨٩ | ٢٣٩٠٥ | ١٧٠٥٣ |
| ناحیەی کەندیناوا | ١٩٢٦٥ | ١٥٣٣٧ | – |
| ناحیەی قەراج | ١٠١٤٢ | ١٠٣٩٤ | ٧٨٠٩ |
| سەرجەمی قەزا | ٥٠٧٧٦ | ٦٠٣٦١ | ٤٢٠٤٦ |

المصدر: (١) جمهورية العراق، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، المصدر السابق ص٢٤٩- ٢٥١.

(٢) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء لسنة ١٩٧٧، ص ٢٠٤٦.

(٣) جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلۆتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو لا ٢٢٠.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## خشتەی ژمارە ( ١٩ ):

## ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای بەدرە بەگوێرەی هەردوو سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٧٧

| یەکە کارگێڕییەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|
| سەنتەری قەزای بەدرەو دەوروبەری | ٦٥٠٠ | ٦١٢٥ |
| ناحیەی جەسانو دەوروبەری | ٦٧٢٤ | ٥٨١٩ |
| ناحیەی زرباتیەو دەوروبەری | ٣٥٠٣ | ٣٠٠٤ |
| سەرجەمی قەزای بەدرە | ١٦٧٢٧ | ١٤٩٤٨ |

المصدر: (١) جمهورية العراق، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ لوائى ديالى والكوت طبعت بمطبعة الازهر، بغداد، ص ١٦٨ – ١٦٩.

(٢) الجهاز المركزي للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني وحضر السكان لسنة ١٩٧٧ ص ٢٠٤٨.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

بەشی سێیەم

# پاشەڕۆژی ناوچەكانی ململانێ

## بەندی یەكەم:
## بەڵگە مێژوویی‌و جوگرافییەكان بۆ سەلماندنی كوردستانی بوونی ناوچەكانی ململانێ

ئـەوەی كـە پێویـستە لێـرەدا بخرێتـە ڕوو. ئـەو بەڵگـە مێـژوویی‌و جوگرافییانەیـە كـە دەیـسەلمێنن ((ناوچـەكانی ململانـێ)) لـەنێو سـنووری هەرێمی كوردستاندان‌و دەیسەلمێنن كە لەرۆژگارێكی كۆنتردا ئەو ناوچانە نشتیمانی كۆنی كورد بوون.

لێرەدا ئەو بەڵگەمێژوویی‌و جوگرافییانە دەخەینـە ڕوو كـە كوردسـتان بوونی ناوچەكانی ململانێ دەسەلمێنن:

گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە گرنگە مێژوویی‌و ناوچەییەكان دەتـوانین (قاموس ئیعلامی عوسمانی) بكەین بەنموونەو بناغەیـەك، كـە لەپێناسـەی باری نیشتیمانی‌و نەتەوەیی شاری كەركوكدا دەڵێت:

((شـارێكە دەكەوێتـە ١٦٠ كـم باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ویلایـەتی موسـڵی





كوردسـتانی‌و سـەنتەری هـەرێمی شـارەزوور، ژمـارەی دانیـشتوانی ٣٠٠٠٠ كەسـەو سێ بەشـی ئـەو ژمارەیـە كـوردەو ئـەوانی تـر بریتییـە لـەتورك‌و عەرەب‌و خەڵكانی تر، هەروەها ٧٦٠ جولەكەو ٤٦٠ كلدانی تێدا دەژین))[1].

بـەپێی قـسەی (عبـدالرقیب یوسـف)سـاڵی ١٥٣٤ كـە (سـوڵتان سـلێمانی قـانونی)، عێـراق‌و كوردسـتانی باشـووری گـرت‌و ((ئـەو دەمـە عێـراق دوو عێراق بووە، عێراقی عەجـەمی‌و عێراقی عـەرەبی)) لەبندەسـتی دەوڵەتی سـەفەوی دەریهێنـا، هـەموو كوردسـتانی جگـە لـەبادینان لەیەكەیـەكی كـارگێڕی یـەكانگیر كـرد بـەناوی ویلایـەتی شـارەزوور، ئـەو دەم كـەركوك كرایە پایتەختی ئەم ویلایەتە نوێیە (هەندێ جار بەویلایەتەكەش دەوترا كـەركوك)، ئـەو سـەردەمە عێـراق سـێ ویلایـەت بـوو، ویلایـەتی موسـڵ‌و، بەغداو شارەزوور(كەركوك). پاشتر ویلایەتی بەسرەش پێكهات.[2]

لەتازەترین چاپی ئەنسكلوپیدیای دانیماركیدا لەبارەی شاری كەركوكەوە هاتووە:

((كـەركوك شـارێكی پـڕ لـەبیرە نەوتـە، دەكەوێتـە بـاكووری ڕۆژهـەڵاتی عێـراق، بەشـێكە لەكوردسـتان، دەكەوێتـە دووری ٢٥٠ كـم لـەباكووری بەغداوە، بەپێی پێشبینی‌و مەزەندەكردن بیرە نەوتـەكانی كـەركوك ٧,٥٪ی سـەرجەمی یـەدەگی نـەوتی جیهـانی پێكـدەهێنێت، دانیـشتوانەكەی لـە

[1] ئەحمەد عەزیز، كوردستانیەتی كەركوك لەئینسكلۆپیدیای وڵاتانی ئەوروپاو ئـەمریكادا، گۆڤاری كەركوك، ژمارە (١٦)، ٢٠٠٣، ل٦٠.

[2] لەتیف فاتح فەرەج، كوردو كەركوك، بەرگی یەكەم، ٢٠٠٢، ل ٢٢.

(٥٠٠٠٠٠)كەس تێپەڕ دەكات، كە زۆرینەی ئەم دانیشتوانە لەپێشوودا كورد بوون، پێش ئەوەی لەساڵی ١٩٧٠ ژمارەی كوردی تێدا كەم بكرێتەوەو دەربكرێت، لەبەرامبەر زۆركردنو هێنانی ژمارەیەكی زۆر لەدانیشتوانی عەرەب)). هەروەها كەركوك لەئینسكلۆپیدیای نەرویجیدا بەشارێكی كوردی ناوبراوە لەنێو كوردستانی عێراقدا.

**لەئینسكلۆپیدیای ئەڵمانیدا لەبارەی شاری كەركوكەوە هاتووە:**

((كە ئەو شارە لەرووی مێژوویەوە دەكەوێتە كوردستانەوە، هەموو خاكی كوردستانو عێراق لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەكاندا بوون لەساڵی ١٦٣٨ەوە، هەروەك كەركوك لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیەكاندا بوو لەكاتی جەنگی جیهانی یەكەمدا، لەساڵ ١٩٢٧دا گەورەترین بیرە نەوتی تێدا دۆزرایەوە لەعێراقدا)).

هەروەها نەخشەی كوردستان لەئینسكلۆپیدیای سویدیدا، كەركوك بەرەنگێكی جیاواز بەدەردەكەوێت، لەنێو سنووری نەخشەی كوردستاندایە وەكو یەكێك لەشارەكانی. بەنیسبەت ئەنسكلۆپیدیای كۆلۆمبیا لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، بەنیسبەت كەركوكەوە چەند ئاسەوارێك دەردەكەوێت كە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پێش زاین كە دەریدەخات زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە كوردن. هەروەها لەمەوسوعەی عەرەبی جیهانیدا هاتووە كە كەركوك پایتەختی كۆمەڵەی كوردییە لەباكوور. ئەم مەوسوعەیە لەلاپەڕە ٤٤٩ دا كەركوك بەیەكێك لەشارە سەرەكییەكانی كوردستانی عێراق دادەنێت.





وەك چۆن دەردەكەوێت لەئینسكلۆپیدیاكانی دانیماركو نەرویجو ئەڵمانیاو سویدو بەریتانیاو سعودیو ئەمریكیدا كە كەركوك شارێكی كوردستانییەو بەو شێوەیە تۆمار كراوە.[3]

ساڵی ١٨٧٢ – ١٨٧٣ ئەندازیارێكی روسی بەناوی (یوسف چیرنیك) لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، هێنراوەتە شاری كەركوك بۆ كاری توێژینەوەو لێكۆڵینەوە لەبارەی هەردوو زێی دیجلەو فوراتەوە، دوای گەڕانەوەی لەساڵی (١٨٧٩)دا لەگۆڤاری قەفقاسی سەر بە (كۆمەڵەی پاشایەتی)دا، باسێكی بڵاوكردۆتەوە، دانیشتوانی كەركوكی بە (١٢ – ١٥)هەزار كەس داناوەو، دەڵێ: شارەكە هەموو (كوردن)و تەنیا (٤٠)خێزانی ئەرمەنی تێدایە.[4]

لەبەڵگەنامەكانی حكومەتی عێراقیدا دەركەوتووە، لە ئەنجامی سەرژمێرییەك كە لەساڵی ١٩٣٠ دا لەكەركوك ئەنجامدراوە، كۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری كەركوك ٣٥٠٠٠ كەس بووە كە ٢٢٠٠٠ كەس لەوانە كوردن وە ٧٠٠٠ كەس توركمانو ٢٠٠٠ مەسیحیو ٢٠٠٠ ئاشوریو ٥٠٠ ئەرمەنیو ٢٥٠٠ یەهودیە.[5]

ئۆتێری فەرەنسی، كە لەساڵی ١٧٣٥ و ١٧٣٩دا سەردانی كەركوكی كردووە،

---

[3] ئەحمەد عەزیز، كركوك في موسوعات البلدان الاوروبية والعربية والامريكية، سردم العربي، العدد (٢) خريف ٢٠٠٣، ص ١٦٠ – ١٦١ – ١٦٢.

[4] محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

[5] احمد عزيز، كركوك في موسوعات البلدان الاوروبية والعربية والامريكية، المصدر السابق، ص ٦٣.

دەڵـێ: (کـەرکوك پایتـەختی "باشـالّق"ی شـارەزوورە، کـە بەشـێکە لەکوردستان).

تەنانـەت وینـستون چەرچـڵی وەزیـری موسـتەعمەراتی بـەریتانی لەسـاڵەکانی ١٩٢١ — ١٩٢٢ و سـەرۆك وەزیرانـی بـەریتانیا لـەکاتی جـەنگی دووەمی جیهانی، کەرکوکی بەشارێکی کوردی داناوە.(6)

نەوشیروان مستەفا ئەمین لەکتێبی(خولانەوە لەناو بازنـەدا) دەنوسێت: (عەرەب وەکو زۆرایەتی یا کەمایەتی نەتەوەیی لەکەرکوك نەبون. هەنـدێ مووچە خۆری تێدابووە، بـەڵام قورسـی دیموگرافییـان نـەبوە، تـا دەوڵـەتی عێراقـی دامـەزرا، ئەوسـا ئـیتر ژمـارەی موچـەخۆری عـەرەبو دواتـر عەشایەری عـەرەب، روی لـەزیادبون کـرد. لـەم روەوە لێـرەدا دوو بەڵگـە لـەبارەی دابەشـبوونی ئیـتنی دانیـشتوانی ناوچـەکەو دەربـارەی خـاوەنێتی زەویو زاری کەرکوك بەنموونە دەهێنمەوە کە هیچیان کورد نـەیکردوونو دەستی لەنوسینیاندا نەبوە.

یەکـەمیان بەڵگەیـەکی بەریتانیـە، کۆرنـوالیس موستەشـاری وەزارەتـی ناوخۆ ساڵی ١٩٣٠ ئامادەی کردووەو مەندوبی سامی لەبەغداد ناردویـەتی بـۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی حکومەتەکەی.

دووەمیان هەڵسەنگاندنی عەرەبێکی ئەمریکاییە. نووسـەری ئـەمریکایی بەڕەچەڵەك مەسیحی فەڵەستینی (حنا بطاطو) دەربارەی خـاوەنێتی ئـەرز لەعێراقی سەردەمی پاشایەتیدا لیـستێکی ڕێکخـستووە، لـەو لیـستەدا زەوی وزاری کەرکوك بەتاپۆ موڵکی چەند بنەماڵەیەکی ناسراوی کوردە لەوانە:

---

(6) شۆرش حاجی، تەعریبی کەرکوك، لەندەن، ٢٠٠٤، ل ٢٩ — ٣١.





بـەگزادەکانی جـاف، بابـان، سـاداتی کاکـەیی، شـێخانی تاڵـەبانی، سـەید ئەحمـەدی خانـەقا بـوە. هـیچ بنەماڵەیـەکی تورکمـان یـا عـەرەب خـاوەن موڵکی گەورە نەبون لەکەرکوك).(7)

گەڕۆکی بـەناوبانگی تـورك "ئـەولیا چـەلەبی" لـەکتێبی سـیاحەتنامەدا بەدرێـژی باسـی سـنووری کوردسـتانی کـردووە کـە لەسـەدەی حەڤدەیەمـدا خـۆی تیایـدا گـەڕاوە. لەلاپـەڕە ٧٤ — ٧٥ ی بەشـی چـوارەمدا دەڵـێ: ((نـۆ ویلایـەت لەسـەردەمی ئـەودا کوردسـتانیان پێکهێنـاوە، ئـەوانیش ئـەرزرۆم، وان، هەکاری، دیاربـەکر، جزیـرە، ئامێـدی، موسڵ، شـارەزوور (کـەرکوکیش لەو ویلایەتە بوو)و ئەردەڵان)).(8)

بەڵگەیەکی تر بۆ سەلماندنی ئەوەی هەردەم زۆرینەی دانیشتوانی شـاری کـەرکوك کـورد بـووە ((خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـە هەمیـشە نوێنـەرانی کەرکوك لەپەرلەمانی عێراق ٣/٢ی کورد بوونەو بەشەکەی تریـشی بـریتی بووە لەتورکمانو عەرەبو کەمینەکانی تر.(9) لەقاموسی ئەعلامی تورکیدا هاتووە کە کەرکوك لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا:

(١) شارێکی کوردییە.

(٢) زۆرینە لەدانیشتوانەکەی کوردن، کە سـێ لەچواری دانیـشتوانەکەی پێکهێنـاوە، وەبەشـەکەی تـری کـە دەمێنێتـەوە لەشـارەکەدا تورکمـانو

---

(7) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٣..

(8) شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(9) ئەحمەد عەزیز، گۆڤاری کرکوك، ژمارە ١٦، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

عەرەبو جوولەکەو مەسیحین.(10)

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**( دانیشتوانی لیوای ( پارێزگا ) کەرکوك بە پێی دابەشبوونی ڕێژەی نەتەوەکان )**

| ساڵو سەرچاوەکان | کورد | تورکمان | عەرەب | ئـــەوانی تر |
|---|---|---|---|---|
| قاموس الاعلام – ١٨٩٨ | ٧٥ ٪ ناوشار | ٢٥ ٪ بۆ تورکو عەرەبو جولەکەو کلدانو ئەوانی تر | | |
| لیژنەی کۆمەڵەی گەلان ١٩٢٥ | ٪٦٣ ٨٧٥٠٠ کەس ناوشار | ١٩ ٪ ٢٦١٠٠ | ١٨ ٪ ٢٥٢٢٠ | |
| سەرژمێرییەکانی عێراق | ٥٩,٩ ٪ ٨١٤٠٠ ناوشار | ٢١ ٪ ٢٨٧٤١ | ١٩,٥ ٪ ٢٦٦٥٤ | |
| محەمەد ئەمین زەکی ١٩٣٠ | ٥١ ٪ | ٢٢ ٪ | ٪٢٠ | |

---

(10) محمد حمە صالح تؤفيق، كركوك في (قاموس الاعلام )التركي العثماني، مجلة سردم العربي، العدد (٢)، خريف ٢٠٠٣، ص ١٥٩.





| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆمیتەی کۆمەڵەی گەلان بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی موسڵ ١٩٢٤ | ٤٣ ٪ ٤٧٥٠٠ کەس | ٢٣,٤ ٪ ٢٦١٠٠ | ٣٢ ٪ ٣٥٦٥٠ کەس | ٢,١ ٪ ٢٤٠٠ کەس |
| سەرژمێرییەکی عێراق ساڵی ١٩٣٠ لەکەرکوك کراوە | ٥١ ٪ | ٢١,٥ ٪ | ٢٠ ٪ | ٧,٥ ٪ ئاشوری و کلدانو سریانو جولەکە |
| ســـەرژمێری ســـاڵی ١٩٤٧ | ٥٣ ٪ | | | |

سەرچاوە: محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاو کردنی ڕەگەزیدا سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

بەرەیەکی تر لەبەرەکانی ((ناوچەی ململانێ)) قەزاکانی خانەقینو مەندەلی لەپارێزگای دیالەو قەزای بەدرە لەپارێزگای کوت، کە چەندین بەڵگەی مێژوویی و جوگرافی هەن بۆ سەلماندنی کوردستان بوونی ئەم ناوچانە.

ئەدمۆنز ئەڵێ: ((هەردوو قەزای مەندەلیو خانەقین لەرابردوودا سەر بەبەغداد بوونو زۆرینەی دانیشتوانیان کورد بوون، بەڵام ئێستا

لەقەزاکانی لیوای دیالەن کە لەدوای ساڵی ١٩١٨ دروست بوو)).[11]

ئەم شارە ((مەنـدەلی)) تێکەڵە لـەکوردی لوڕیو کـەڵهوڕیو تورکمـانی مەغۆلیو ئـازەریو عـەرەب. کەچی لەسـەردەمی موسڵمانانـدا تـەنیا کورد بووە، لەبەرئـەوەی مەنـدەلی ئیمارەتـەکانی کـوردی حەسنەویو عـەنازیو عـــەیاریو جـــاوان فـــەرمان ڕەوا بـــوون، لەدانیـــشتوانە ڕەســـەنەکەی شارۆچکەکەن.[12]

(ڕێچ) لەگەشتەکەیدا کە لـە ٢١ی ئـاداری سـاڵی ١٨٢٠ ز دا بەخانـەقینو سەعدیەدا تێپەڕبووە، لەو بارەیەوە دەڵێت: ((خـەڵکی خانـەقینو سـەعدیە بەزمانی کوردیو تورکی قسەدەکەنو دەدوێن، زمانی فارسیش لێرەدا بـاوە، بەڵام زمانی عەرەبی لێرەدا کەسێك نییە بەکاری بهێنێت.[13]

شەمسەدین سامی کە لەساڵی ١٩٠٤دا کۆچی دوایی کـردووە، لـە (قامووسـی الاعلام) فەرهەنگی ناودارانـدا کە بەزمانی تورکی دایناوە، دەڵێ:

((خانـەقین کەوتۆتـە بـاکووری ڕۆژهـەڵاتی ویلایـەتی بەغـدا، لەسـەر ڕێگـای هەمـەدان – خوراسـان لەسـنووری ئێرانـەوە نزیکـەو زێـی حـەلوان (ئـەڵوەن)کـە ڕووبـاری زێـی دیالـە (سـیروان)ە، بەناوەڕاسـتیدا تێدەپـەڕێت، ناوەندی قەزایەو سەر بەبەغدایە، دوو ناحیەی هەیە نیکـدرە - قزلرەبـات،

---

[11] هاشم عـاسی کاکەیی، مێژووی مـەنـدەلیو فـەرمانڕەوایانی کـورد ، گۆڤـاری کـەرکوك، ژمارە ٢١، ٢٠٠٤، ل ٦٨.

[12] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١ .

[13] محەمـــەد ســـەعید ســـۆفی، ناوچـــەی گەرمەسـێرلەناو پاکتـاوکردنی ڕەگەزیـدا ،گۆڤاری کەرکوك،ژمارە١٦ ،٢٠٠٣، ل ٥.





لەســەردەمی پاشـایەتیدا لەشـارە گرنگـەکانی کوردسـتانی عێـراق بـووە، دووەمین قەزا بووە لـەدوای قـەزای نەجـەف لەگەورەییـدا بەرلـەوەی پلـەی نەجـەف بـۆ پارێزگـا بـەرز بکرێتـەوە. نـاو شـاری خانـەقینو گونـدەکانی دەوروبــەری بەرلــەوەی دەســتی پاکتــاوکردنی ڕەگــەزی بگــاتێ(٩٨ ٪)ی دانیشتوانەکەی کورد بوون)).[14]

لــەکتێبی (کوردســتان لەچــاپکراوە عوسمانلییەکانــدا) هــاتووە: کــە خانــەقین شارۆچــکەیەکەو مەڵبەنــدی قەزایــە کــە لەویلایــەتی بەغــداو دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری بەغداد، دانیشتوانەکەی ٥٠٠٠ کەسەو بەزۆری کوردنو تورکمانو عەرەبیشی لێ یە.[15]

بــەدرە شارۆچــکەیەکی بــچوکەو مەڵبەنــدی ناحیەیەکــە لەقــەزای کوت(ئەلعەمارە)ی سەر بەسنجقو ویلایەتی بەغدا، کەوتووەتە ڕۆژهـەڵاتی بەغداوە ١٤٠ کم لێی دوورە، دانیشتوانی کوردی شیعەن.[16]

(ئـەمین زەکـی بـەگ)ی مێـژوونووس دەربـارەی سـەرژمێری کـوردان نووسیویەتی: ((نفوسی کوردی لیوای دیالە باشتر تەسبیت کراوە، ناحیـەی (هورێن ـ شێخان ـ قورەتوو) بەتەواوی کوردنو ناحیەی مەرکـەزو نـەفس شاری خانەقینیش ئەکسەریەتی قاهیرەی کوردە. ناحیەی (قزلرەبات)یـشدا چ لەمەرکەزی ناحیەداو چ لەخارجیداو لەقەزای شارەبانیشدا کورد هەیـە،

---

[14] محەمەد سەعید سۆفی، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە ١٦، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣ – ١٤.

[15] بەبێ ناوی نووسەر، کوردستان لەچاپکراوە عوسمانلییەکاندا، و. فەیصەل دەباغ، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ل ٦٦ – ٦٧.

[16] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣١.

بـۆ قـەزای (مەنـدەلی)یـشی نووسـیوە، لەقـەزای مەندەلیـشدا عەشـیرەتی قـەرەئۆلۆس کـە تەقریبـەن ٥٠٠ ماڵێکـە کـوردەو لەناحیـەی (قەزانیـە)دا بـەعزێ عەشـایری لـوڕ هەیـە، رەنگـە ئـەم کوردانـەی قـەزای خانـەقین‌و مەنـدەلی‌و شـارەبان‌و بـەدرەو شـێخ سـەعید لـە (٤٠٠٠٠)کـەس کـەمتر نەبێ.[17]

قـەزای مەنـدەلی قەزایەکـە لەویلایـەتی بەغـدا، کەوتووەتـە بـاکووری رۆژهەڵاتی بەغدا، بەسەر زێی بچوك کە لقێکە لـەرووباری دیالـە، ژمـارەی دانیـشتوانی ١٥٠٠٠ کەسـەو لەوانـە ٢٠٠٠ شـیعە مەزهـەبن‌و ئـەوانی تـری سوننەن، زۆربەی دانیشتوانی کوردن.[18]

هەروەها دەربـارەی بـەرەی موسـڵێ ناوچـەکانی ململانـێ بەڵگـەکان بـەم جـۆرە بـاس لـەبوونی کـورد دەکـەن لەزۆربـەی قـەزاو ناحیـەکانی لیـوای موسڵ‌و شاری موسڵدا.

مێژوونووسـی یۆنـانی (زەینـەفۆن) لەسـاڵی ٤٠١ پـێش زایـین بـاس لـەوە دەکـات، کـوردیش هـەر لەکۆنـەوە لـەوێ ((موسـڵ)) ژیـاون، گەشتناسـی فەرەنسی (ئۆلیفیـە) سـاڵی ١٧٩٤ زایـنی دەڵـێ لەموسڵدا (١)هـەزار جولەکەو (٢٥)هەزار عەرەب‌و (١٦)هەزار کورد دەژین، ئـەوەی دەشـزانرێ ئەوەیـە کـە لەسەردەمی ئۆلیفیەدا موسڵ تەنیا دەکەوتە سەر رۆخی دەستە راست، واتـا بەری رۆژئاوای رووباری دیجلە، بەڵام ئەمرۆ کۆمەڵگای موسڵ پێکهاتەیەکی

---

[17] هاشم عاسی کاکەیی، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٢١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.

[18] بەبێ ناوی نووسـەر، کوردسـتان لەچـاپکراوە عوسمـانلی یەکانـدا، و. فەیـصەل دەبـاغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥.





ئەسـنۆگرافی تێکـەڵ لـەرووی نـەژادو رەگ‌و ریـشەوە پێکـدێنێ، عەرەبـەکان زۆرینەو دوای ئەوانیش کورد دێت.[19]

لەکتێبی (بلدان الخلافة الشرقية)ی Guy Lestrange گی لیستنج دا هاتوە، کە لە (ابن حوقل)وەرگیراوە دەربـارەی شـاری موسـڵ بـەدەق دەڵـێ: (وكان جل اهلها في المئة الرابعة (العاشرة) من الاكـراد)... (ابـن حقـل) سـاڵی (٣٥٨)ی کۆچـی بەرامبـەر (٩٦٩)ی زایـنی نووسـیویە، کـە زۆربـەی خـەڵکی موسڵ کوردن، بەڵام دوای، لێشاوی نەپساوەی دەیان خێـڵ‌و هـۆزی عـەرەبی کۆچـەر کـە لەنیمـچە دورگـەی عـەرەب لەناوچـەکانی (نەجـد، الاحـساء، حیجـاز)وشـامەوە هـاتوون، لـەپارێزگای موسـڵ بەکۆچـەری بڵاوبوونـەوە لەناوچـەکانی جزیـرە، رەبیعـە، بـەعاج، شـەنگار، تـەلکێف، حەمدانیـە (قـەرەقۆش)، حـەزەر، تەلەعفـەر نیـشتەجێکران، پێکهاتـەی نەتـەوەیی دانیشتوان گۆڕا.[20]

لەدۆکیومەنتێکی نهێنی، کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەساڵی ١٩١٦دا ئاراسـتەی سوپاسـالاری لەشـکری بـەریتانیای کـردووە لەمیـسۆپۆتامیا. بەئیمزای (ئارسەر هێرتزل) سکرتێری بەشی سیاسی لەوەزارەتی دەرەوەدا، پێی راگەیاندووە، نزیکی ئەو ناوچانە نەبێتەوە کە کوردی لێیـە، لەهـەمان نوسـراودا جارێکیتر بـەبیری دێنێتـەوە نزیکـی زنجیرە چیاکانی حـەمرین

---

[19] خسرو گۆران، بوونی کورد لەپارێزگای موسڵ، گۆڤاری سـەنتەری برایـەتی، ژمـارە ١١، ئاياری ١٩٩٩، ل ١٣.

[20] محەمـەد سەعید سۆفی، پارێزگای کـەرکوك لـەناو پاکتـاوکردنی رەگەزیـدا، سەرچـاوەی پێشوو، ل ٢٩٤.

نەبێتـەوە مەگـەر لەحاڵـەتێکی ناچاریدا بێـت، بـەهیـچ شـێوەیەك تێپـەڕی نەکات، هەر لەو نوسراوەدا سنوری چیاکانی حەمرین دەستنیشانکراوە.

**خشتەی ژمارە (٢١)**

**خشتەی ژمارەی دانیشتوان بە پێی را پۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئاستانی موسڵ – لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٥ دا**

| لیوا | کورد | عەرەب | مەسیحی | تورکمان | جولەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٪ ٩٩,٢ | – | — | – | ٪ ٠,٨ |
| هەولێر | ٪ ٨٩ | ٪٦,١ | ٪٢ | ٪١,٥ | ٪١,٤ |
| کەرکوك | ٪ ٤٢,٥ | ٪٣١,٩ | ٪ ٢,٢ | ٪ ٢٣,٤ | – |
| موسڵ | ٪ ٣٧ | ٪ ٣٩ | ٪ ١٨ | ٪ ٣ | ٪ ٣ |
| **تێکڕای ئاستانەك** | ٪ ٦٥ | ٪ ٢١ | ٪ ٨ | ٪ ٥ | ٪ ١ |

سەرچاوە:

خسرو گۆران، بوونی کورد لەپارێزگای موسڵ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٨، ١٩٩٨، ل٨.

نوسراوە (لەسنوری وڵاتانی فارسەوە (مەبەستی ئێرانە))دەستپێدەکات تاکو (فەتحە)ی سەر ڕووباری دیجلە، لەوێوە تاکو شارۆچکەی (هیت). لەکۆتایی نوسراوەکەیدا دووبارە بەبیری دێنێتەوە چوونە ئەو ناوچەیە





دەبێتە هۆی پەیدا بوونی کێشە لەگەڵ کوردەکانی ناوچەکە.[21]

ئەم بەڵگانە دەیسەلمێنن کە ناوچەکانی ململانێ نیشتیمانی کۆنی کوردن و لەدێرزەمانەوە تیایدا نیشتەجێیە، لەهەر سەردەمێك لەسەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا بەچەندان شێوە ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەم ناوچانە دەکەونە نێو خاکی کوردستانەوەو زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، لەگەڵ بوونی چەند نەتەوەیەکی جیاواز وەك عەرەبو تورکمان کە مێژووی نیشتەجێبوونییان و بوونیان لەناوچەکەدا تازەیەو هێندی بوونی نەتەوەی کورد لەناوچەکەدا کۆن نییە کە ئەم ناوچانە خودی نیشتیمانی کوردە.

(21) د. نوری تاڵەبانی، ویلایەتی موسڵ لەلایەن ئینگلیز لکێندرا بەدەوڵەتی عێراقەوە لەبەربەرژەوەندی خۆیو لەبەر نەوتی کەرکوك نەك لەسەر هەڵوێستی کورد، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە ١٨، ٢٠٠٣، ل ٩.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەندی دووەم:
## میکانیزمی چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوک

### تەوەرەی یەکەم:
### گەڕاندنەوەی هاوەردەکان ((تەعریب))

لەبەر گرنگی پێگەی جوگرافیو دیمۆگرافی و تۆبۆگرافی پارێزگای کەرکوک وەکو شادەمارو سەرچاوەی سامانی نەوتو ئابوری عێراق، کەمو زۆر گشت حکومەتەکانی عێراق، هەر لەسەردەمی پاشایەتیەوە، سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزییان لەناوچەکانیدا ئەنجامداوە[22].

تەعریب ((بەعەرەبکردن)) واتە نیشتەجێکردنی کەس یان کۆمەڵەی عەرەبی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، دروستکردنو بنیادنانی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی عەرەبی بۆیان. هەروەها واتە گۆڕینی ناوی شارو لادێو یەکەکانی نیشتەجێبوون، ناوەندو دەزگا رەسمیو نارەسمییەکان بۆ ناوی عەرەبی، ئەمەش بەمەبەستی گۆڕینی باری نەتەوەیی ناوچەکان بەسوودی نەتەوەی عەرەب.[23]

---

[22] محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٤.

[23] د. خليل اسماعيل محمد ، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق





مەکتەبی بیروهۆشیاری

سنووری کارگێڕی ئێستای پارێزگای کەرکوک پێکدێت، لەهەرسێ قەزای (کەرکوکو دبسو حەویجە)، کە بچووککردنەوەی سنووری کارگێڕی ئەم پارێزگایە بەمشێوەیە دەگرێتەوە بۆ سیاسەتی بەعەرەبکردن لەهەرێمی کوردستان بەگشتیو پارێزگای کەرکوک بەتایبەتی، کە هەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقییەوە تاوەکو روخاندنی رژێمی بەعس بەشێوەیەکی نەخشەبۆ دارێژراو پیادەکراوە، ئەمەش لەرێگای هێنانی چەندین خێڵو عەشیرەتی عەرەبی لەناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراقەوە بۆ ناوچەکانی پارێزگای کەرکوکو ناوچە سنوورییەکانی تری نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی عێراقیدا، بەمەبەستی تێکدانی هاوسەنگی دیموگرافیای پارێزگای کەرکوک بەشێوەیەك، کە پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکەی گۆڕی بەکەمبوونەوەی نەتەوەی کورد کە زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکدەهێنا لەبەرامبەریشدا زۆربوونی رێژەی نەتەوەی عەرەب لەناوچەکەدا.

دروستکردنو بنیادنانی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لەلایەن رژێمی بەعسەوە بۆ ئەو عەرەبە هاوردانەی کە هێنرابوونە نێو سنووری پارێزگای کەرکوک دیارترین بەڵگەی سیاسەتێکی پێشوەختو درێژخایەن بوو بۆ بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکوکو دەوروبەری، لەبەر رۆشنایی

---

المصدر السابق، ص ٤.

ئەمەدا دەردەكەوێت كە ترسناكترین و مەترسیدارترین شاڵاوی بەعەرەبكردنی پارێزگای كەركوك، لەسەردەمی دەسەڵاتی رژێمی بەعسدا پەیڕەو كراوە.

یەكێك لەدیارترین شاڵاوەكانی بەعەرەبكردنی پارێزگای كەركوك دروستكردنی پرۆژەی حەویجەیە.

ئەم پرۆژەیە بریتییە لەكەناڵێك بەدرێژی (٥٥)كم، لەساڵی ١٩٣٦دا دەستكرا بەكاركردن تێیداو هەڵكەندنی، سەرچاوەی ئاوەكەی لەزێی گچكەوە وەردەگرێت... سەرەتا پتر لە (٢٠)هەزار لەخێڵە عەرەبە كۆچەرەكان بەهۆیەوە نیشتەجێ كران لەم ناوچەیەی كوردستاندا بەتەنها گەڕاندنەوەی هاوردەكان لەپارێزگای كەركوكدا بۆ ناوچەكانی نیشتەجیبوونی پێشوویان، بەبێ گەڕاندنەوەی دەركراوەكان بۆ نێو سنووری پارێزگای كەركوك، بۆشاییەك دروست دەكات لەپێكهاتەی دیموگرافی پارێزگاكەداو رێژەیەكی بەرچاو لەژمارەی دانیشتوانی پارێزگاكە كەم دەبێتەوە، كەواتە بەمەبەستی راگرتنی هاوسەنگی لەپێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی كەركوك و ئاساییكردنەوەی بارودۆخی پارێزگاكە پێویستە هەموو دەركراوەكان لەپارێزگاكەدا بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان (كە زۆرینەی ئەو دەركراوانە لەنەتەوەی كوردن)، بە بەڵگەی ئەوەی كە لەنێو پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی كەركوكدا بەهەر سێ نەتەوەی (كوردو عەرەب و توركمان)ـەوە، رێژەی كەم بوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی كورد زۆر زیاتر بووە لەچاو نەتەوەكانی تردا، ئەمەش دەیسەلمێنێت كە ژمارەی دانیشتوانی كورد لەپارێزگای كەركوكدا زۆرینەی





پێكهێناوە، سەرەڕای ئەمە نەك ژمارەی نەتەوەی عەرەب لەچاو ژمارەی كوردا دانەبەزیوە، بەڵكو بەهۆی پەیڕەوكردنی سیاسەتی نیشتەجێكردن و هاوردنی عەرەبەو بەردەوام رێژەی ژمارەی نەتەوەی عەرەب لەپارێزگاكەدا لەزیاد بووندا بووە.

**خشتەی ژمارە ( ٢٢ )**

**(( ئەو عەشیرەتە عەرەبانەی بۆ كەركوك و دەوروبەری هێنراون ))**

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەلبوهەزاع | ٩ | ئەلبوعگلە | ١٧ | ئەلحەربیە | ٢٥ | بیجات |
| ٢ | ئەلبوریاش | ١٠ | بدو | ١٨ | دراویش | ٢٦ | ئەلبوصالح |
| ٣ | گوراغول | ١١ | دلێم | ١٩ | ئەلبوخمرة | ٢٧ | جەوالة |
| ٤ | ئەلبوجیم | ١٢ | لهێب | ٢٠ | حمدانیة | ٢٨ | ئەلعبید |
| ٥ | ئەلبوزناظرة | ١٣ | جنابات | ٢١ | بەحر | ٢٩ | ئەلحدیدی |
| ٦ | ئەلبوغنام | ١٤ | ئەلبومفرج | ٢٢ | حنیحن | ٣٠ | ئەلنعیم |
| ٧ | ئەلبوشاهر | ١٥ | ئەلبوعزة | ٢٣ | شەمەر | ٣١ | معاذ بن جبل |
| ٨ | عزاوی | ١٦ | بنی عز | ٢٤ | عەبادین | | |

سەرچاوە:

غەفور مەخموری، بەعەرەبكردنی كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### تەوەرەی دووەم:

## گەڕاندنەوەی ئەو یەکە کارگێڕییانەی کە لە پارێزگای کەرکوک دابڕێنراون.

پارێزگای کەرکوک بەم سنووره کارگێڕییەی ئێستایەوە مێژووەکەی لەساڵی ١٩٧٥ ـەوە دەست پێدەکات، بەڵام پێش ئەم مێژووە هەرگیز سنووری کارگێڕی پارێزگای کەرکوک بەم شێوەیە نەبووە. چونکە بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە(٦٠٨)ی حکومەتی عێراقی قەزای چەمچەماڵو کەلار لەپارێزگای کەرکوک بچڕانو خرانە سەر پارێزگای سلێمانی، قەزای کفریش بەهەمان شێوە لەپارێزگای کەرکوک سەندراو خرایە سەر پارێزگای دیالەوە، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (٤١)لە ١٩٧٦/١/٢٩ قەزای دوزخورماتوو لەپارێزگای کەرکوک بچڕاو خرایە سەر پارێزگای تازە دروستکراوی سەلاحەدین.[24]

ئەوەی کە پێویستە بوترێت، مەبەستی سەرەکی حکومەتی عێراقی لەدابڕاندنی ئەم یەکە کارگێڕییانە لەپارێزگای کەرکوکو لکاندنیان بەپارێزگاکانی دەوروبەری، کەمکردنەوەی ڕێژەو ژمارەی دانیشتوانی کورد بوو لەپارێزگای کەرکوکدا، چونکە نەتەوەی کورد زۆرینەی دانیشتوانی ئەو یەکە کارگێڕی یانەی پێکدەهێنا بەتایبەتی قەزای چەمچەماڵو

---

[24] محەمەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەلارو کفری. لەقەزای دوزخورماتووشدا کورد زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی پێکدەهێنا. بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧.

## سنووری کارگێڕی ئێستای پارێزگای کەرکوک لەم یەکە کارگێڕییانە پێکدێت:

### ١) قەزای کەرکوک

ڕووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ بریتییە لە (٥٤٢٩)کم٢، کە ڕووبەری ناوەندی قەزاکە (٤٠٦ ) کم٢یەو ڕووبەری ناحیەی تازەخورماتوو(١١٥٠)کم٢و ڕووبەری ناحیەی داقوق(١١٥٧ ) کم٢ یە. ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٤٦٥٩٥٦)کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.

### ٢) قەزای دوبز:

ڕووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ (١٦٨٩ ) کم٢یە، ڕووبەری ناوەندی قەزاکە (٥٤٧)کم٢و ڕووبەری ناحیەی ئاڵتون کۆپری (٣٣٥) کم٢یەو ڕووبەری ناحیەی سەرگەڕان (القدس)(٨٠٧ ) کم٢یە. ژمارەی دانیشتوانی قەزای دوبز (٢٩٨٢٨) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.

### ٣) قەزای حەویجە:

ڕووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ ( ٢٥٤١ ) کم٢یە، ڕووبەری ناوەندی قەزاکە (٥٩٦)کم٢و ڕووبەری ناحیەی

عەباسیە(٦٣٤)کم٢و رووبەری ناحیەی ریاز(١٣١١ ) کم٢یە. ژمارەی دانیشتوانی قەزای حەویجە (٨٦١٤٩)کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨١.[25]

ئەو یەکەکارگێڕییانەی کە لەساڵی ١٩٧٥ەوە لەپارێزگای کەرکوك دابڕێنراون، پێویستە بگەڕێنرێنەوە سەر سنووری کارگێڕی پارێزگاکە، ئەمانەن:

### ١ ) قەزای چەمچەماڵ

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ ( ٢٣٧٩ ) کم٢یە، رووبەری ناوەندی قەزاکە (٨٠٤ ) کم٢یەو رووبەری باقی قەزای چەمچەماڵ (ناحیەی ئاغجەلەرو سەنگاو)(١٥٧٥ ) کم٢یە. ژمارەی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ(٧٠٥٥٢)کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.

### ٢ ) قەزای کەلار

رووبەری قەزای کەلار بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ (٢١١١ ) کم٢یە، رووبەری ناوەندی قەزاکە(٣٣٢)کم٢و رووبەری ناحیەی پێباز (٩٩٢)کم٢و رووبەری باقی قەزاکە (٧٨٧ ) کم٢یە. ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٨٩١١٣)کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.

### ٣ ) قەزای کفری

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ (٢٨٤١) کم٢یە، رووبەری ناحیەی قەرەتەپە (٩١٣)کم٢و رووبەری باقی قەزاکە

[25] جزا توفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢٢-٢٢٣





(١٩٢٨ ) کم٢یە.

ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٤٦٦٦٤) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.

### ٤ ) قەزای دوزخورماتوو

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ (٤٠١٩) کم٢یە، رووبەری ناوەندی قەزاکە (٥٧٣ ) کم٢یەو رووبەری ناحیەی ئامرلی (٧٣٩ ) کم٢یەو رووبەری ناحیەی سلێمان بەگ (٢٨٨ ) کم٢یەو باقی قەزاکە (٢٤١٩) کم٢ رووبەرەکەیەتی. ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٨٦٢٥٣) کەسە، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.[26]

ئەو چوار قەزایەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پی̌دان و پێویستە بخرێنەوە سەر سنووری کارگێڕی پارێزگای کەرکوك، لەم یەکە کارگێڕییانە پێکدێن:

* قەزای چەمچەماڵ: بەناوەندی قەزاو ناحیەکانی ئاغجەلەرو سەنگاو.
* قەزای کەلار: بەناوەندی قەزاو ناحیەکانی پێبازو تیلەکۆ.
* قەزای کفری: بەناوەندی قەزاو ناحیەکانی قەرەتەپەو جەبارەو کۆکزو سەرقەڵا.
* قەزای دوزخورماتوو: بەناوەندی قەزاو ناحیەکانی قادر کەرەمو سلێمان بەگو ئامرلیو نەوجول.

بەگشتی کۆی رووبەری سنووری کارگێڕی ئێستای پارێزگای کەرکوك بریتییە لە (٩٦٥٩)کم٢، سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکە (٥٨١٩٣٣) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.

[26] هەمان سەرچاوەی پێشوو

کـۆی رووبــەری هەرچــوار قــەزای (چەمــچەماڵو کفــری‌و کــەلارو دوزخورمـاتوو)(١١٣٥٠) کـم٢یـەو سـەرجەمی دانیـشتوانی هەرچوار قەزاکـە (٢٩٢٥٨٢) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.

ئـەوەی پێویـستە باسـی لێوەبکرێـت ئـەو گۆڕانکارییانەیـە، کـە بەسـەر پێکهاتەی دیموگرافی‌و رووبەری پارێزگای کەرکوکدا دێت پاش گەڕاندنەوەی هەرچـوار قـەزای (چەمـچەماڵو کفـری‌و کـەلارو دوزخورمـاتوو) بـۆ نێـو سنووری پارێزگای کەرکوك. رووبـەری ئێـستای پارێزگاکـە لـە(٩٦٥٩)کـم٢ و دەبێتە (٢١٠٠٩)کم٢، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە (٥٨١٩٣٣)ەوە (بـەپێی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٨٧)دەبێتـە (٨٧٤٥١٥)کـەس، ئەمـەش کاریگـەری زۆری دەبێـت لەسـەر گـۆڕینی بـاری نەتـەوەیی پارێزگاکـە بـەجۆرێك بەسـوودی نەتـەوەی کـورد کۆتـایی دێـت و ژمـارەی دانیـشتوانی کـورد لەپارێزگاکـەدا بەرێژەیـەکی زۆر لـەکاتی ئێـستا زیـاد دەکـات، چـونکە هـەردوو قـەزای (چەمچەماڵو کەلار) زۆربـەی دانیـشتوانەکەی لەنەتـەوەی کوردن. لەگـەڵ ئەوەشــدا هــەردوو قــەزای (کفــری‌و دوزخورمــاتوو) زیــاتر لــەنیوەی دانیشتوانەکەیان لەنەتەوەی کوردن.

ئەمەی سەرەوە میکانیزمێکی گونجاوە بـۆ ئاسـاییکردنەوەی بـارودۆخی پارێزگـای کـەرکوك بـۆ دۆخـی جـارانی، ئەگەرچـی ئـەو ژمـارە بەرچـاوەی لەعەرەبـە هاوردەکـان نەگەڕێنـەوە بـۆ شـوێنی نیـشتەجێبوونی پێـشویان لەدەرەوەی پارێزگـای کـەرکوك، نیـشتەجێکران، کـە زۆربـەیان لەخێڵـەکانی (العبیـد ــ الطـي) بـوون.. وە نیـشتەجێکردنی ئـەم عەشـیرەتە عەرەبـە کۆچەرانە ناوچەکانی نێوان داقوق‌و تازەخورماتووشی گرتـەوە... هـەروەها





هەمان هەل ئامادەکرا بـۆ نیـشتەجیکردنی خێڵـەکانی ((اللهیب، الکرویـة)) لەدەشتاییەکانی قەرەتەپەو خێڵەکانی (الجبور – الطي) لەدەشـتی قـەراج‌و باکووری رۆژهەڵاتی حەویجەدا، هەڵکەندنی بیری ئاو لەناوچەکەدا لەلایـەن حکومەتەکانی عێراقەوە بووە هاندەرێك بـۆ زیـاتر نیـشتەجیکردنی خێڵـە عەرەبـە کۆچـەرەکان ئەمـە وای لەحکومـەت کـرد لەسـاڵی ١٩٦٢دا، حەویجـە لەناحیـەوە بکاتـە قـەزا، لەسـاڵی ١٩٧٧دا جـارێکی تـر زەوی‌و زار بەسـەر جوتیاراندا دابەشکرایەوە، بەهۆیەوە چەندان هۆزو خێڵی کۆچەر(بەدوی ) تازە هاتنە ناوچەکەوە...[27]

ژمـارەی ئـەو عەشـیرەتانەی کـە هێنراونەتـە کـەرکوك‌و دەوروبـەری بریتییـە لـەزیاتر لـە (٣٠)عەشـیرەتی عـەرەبی لەناوچـەکانی باشـوورو ناوڕاستی عێراقەوە.

مانـەوەی سنووری پارێزگای کـەرکوك بـەم شێوەیەی کە ئێـستا هەیـە بەمـەرجێك ئـەو عەرەبانـەی کـە هێنراونەتـە نێـو سنووری پارێزگاکـەوە بگەڕێنرێنــەوە بــۆ شــوێنی نیــشتەجێبوونی خۆیــان‌و گەڕاندنــەوەی دەرکراوەکـان لەپارێزگاکـەدا (کـە دانیـشتوانی کـوردن) بـۆ نێـو شـوێنی نیــشتەجێبوونی خۆیــان لــەپارێزگای کــەرکوك، میکانیزمێکــە بــۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی پارێزگای کـەرکوك‌و بەمـەش ژمـارەی دانیـشتوانی کورد لەپارێزگاکەدا زیاد دەکات لەبەرامبـەر دانیـشتوانی عـەرەب. هـەروەك چۆن لەرابردوواو پێش پەیڕەوکردنی سیاسەتی تـەعریب نەتـەوەی کـورد زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکدەهێنا.

---

[27] محەمەد سعید سۆفی , سەرچاوەی پێشوو, ل ٩١-٩٢

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## نەخشەی ژمارە (١٢)

## ئەو یەکە کارگێڕیانەی کە پێویستە بخرێنەسەر پارێزگای کەرکوك




المصدر : احمد سوسة , اطلس الاداري , مطبعة مديرية المساحة العامة , بغداد, سنة ١٩٥٢ , ص٥٤ ، بەدەستکارییەوە لەلایەن توێژەرەوە





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەندی سێیەم:

## چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکانی ململانێ لەهەردوو پارێزگای موسڵو دیالە لەگەڵ پارێزگای (کوت) دا

### تەوەرەی یەکەم:

### دابەشکردنی قەزاو ناحیە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵ بەسەر هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێردا

بەمەبەستی چارەسەرکردنی ململانێ لەسەر ناوچە کوردنشینەکانی سەر بەپارێزگای موسڵو گەڕاندنەوەیان بۆ نێو سنووری هەرێمی کوردستان، پێویستە ئەو یەکە ئیدارییانە بخرێنە سەر سنووری ئیداری هەریەکە لەپارێزگای دهۆك و هەولێر.

ئەو یەکە ئیدارییانەی کە دەگونجێن بخرێنە سەر پارێزگای هەولێر، بریتین لەهەردوو قەزای ئاکرێو حەمدانیە:

#### ١) قەزای ئاکرێ

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ (٢٨٤٧ ) کم٢یە کە ئەمەش هەریەکە لەمەڵبەندی ئاکرێ کە رووبەرەکەی (١٤٣)کم٢یەو ناحیەی نەهلە ((دینارتە)) رووبەرەکەی (٩٣١ )کم٢یەو ناحیەی سورچی ((بجێل)) رووبەرەکەی(٣٢٥ )کم٢یەو ناحیەی گردەسێن، کە رووبەرەکەی(٥٩٨ )کم٢یە، ناحیەی عەشائیر سەبعە((بەردەڕەش)) رووبەرەکەی (٨٥٠ )کم٢یە، رووپێوی قەزاکە بەپێی دواترین دابەشکردنی

ئیداری ساڵی ١٩٩٠ (٢٩٩٥ ) کم٢یە[28]. ژمارەی دانیشتوانی قەزای ئاکرێ (٩٢٩٩٧)کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.[29]

## ٢ ) قەزای حەمدانیە

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ (١١٨٨ ) کم٢یە کە رووبەری ناوەندی قەزای حەمدانیە (١٧٥ )کم٢یەو ناحیەی نەمرود (٤٧٣)کم٢ رووبەرەکەیەتی، ناحیەی بەرتیللە (٢١٥ )کم٢یەو باقی قەزای حەمدانیە (٣٢٥)کم٢ رووبەرەکەیەتی. کۆی ژمارەی دانیشتوانی قەزای حەمدانیە (٧٨٨١٠) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.[30]

بەگشتی کۆی رووبەری هەردووقەزای (ئاکرێ) بەناحیەکانی مەڵبەندی ئاکرێو ناحیەی نەهلە(دینارتە)و ناحیەی سورچیو ناحیەی گردەسێنو ناحیەی بەردەڕەش لەگەڵ قەزای حەمدانیە بەناحیەکانی مەڵبەندی حەمدانیەو ناحیەی بەرتللەو ناحیەی نەمرود(٤٠٣٥ )کم٢یە، ژمارەی دانیشتوانی هەردوو قەزاکە بەناحیەکانیانەوە (١٧١٧٨٧) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.

ئەوەی پێویستە بخرێتە روو ئەو گۆڕانکارییە ئیداریو گۆڕانکارییە لەرووبەرو ژمارەی دانیشتوانی، کە بەسەر پارێزگای هەولێردا دێت پاش

---

[28] خسرو گۆران، بوونی کورد لەپارێزگای موسڵ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٨، ساڵی ١٩٩٨، ل١٠ – ١١.

[29] جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩.

[30] هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.





خستنە سەری هەردوو قەزای ئاکرێو حەمدانیە، ئەوەیە کە رووبەری پارێزگای هەولێر لە (١٤٤٧١)کم٢ بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧، دەبێتە (١٨٥٠٦)کم٢. ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە (٧٧٠٤٣٩) کەس بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧، دەبێتە (٩٤٢٢٢٦) کەس.

ئەو یەکە ئیدارییانەی کە دەگونجێت بخرێنە سەر سنووری کارگێڕی پارێزگای دهۆك بریتین لەقەزاکانی (شێخانو تەلکێفو تەلەعفەرو شەنگار).

## ١ ) قەزای شێخان

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ (١٢٥٩)کم٢یە، کە ناوەندی قەزاکە (٥٢٤)کم٢ رووبەرەکەیەتی و باقی قەزای شێخان(کە دەکاتە هەردوو ناحیەی مزوریو مێریبا) (٧٣٥)کم٢ رووبەرەکەیانە، ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە (٥٤٥٥٩) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.

## ٢ ) قەزای تەلکێف

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧(١٢٧٥)کم٢یە، کە رووبەری ناحیەی ناوەندی قەزای تەلکێف (٤٠١ )کم٢یە، رووبەری ناحیەی ئەلقوش (٥٠٨کم٢)یە رووبەری ناحیەی وانە (٣٦٦ )کم٢یە. ژمارەی دانیشتوانی قەزای تەلکێف بەسەرجەم ناحیەکانییەوە (٩٧١٠٨) کەسە بەپێی سەرژمیری ساڵی ١٩٨٧.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### ٣ ) قەزای تەلەعفەر

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ (٤٣٠٧ )کم٢یە، کە رووبەری ناوەندی قەزاکە (٨٢٤ ) کم٢یە، ناحیەی زوممار (١٢٦٨)کم٢یەو ناحیەی عەیازیە((ئاڤگەنێ))(٧٨٤)کم٢ رووبەرەکەیەتی، ناحیەی رەبیعە(١٤٣١)کم٢ رووبەرەکەیەتی. ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ (١٨٥٨٢٥) کەسە.

### ٤ ) قەزای شەنگار

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ (٣١٩٠ )کم٢یە، کە رووبەری ناوەندی قەزای شەنگار (٧٠٤ )کم٢یەو ناحیەی شیمال(١٧١٦)کم٢ رووبەرەکەیەتی، ناحیەی قەیرەوان (٧٧٠)کم٢ رووبەرەکەیەتی. ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە بەسەرجەم ناحیەکانیەوە (١٠٤٧٩٢)کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.[31]

بەگشتی کۆی رووبەری هەرچوار قەزای (شێخانو تەلکێفو تەلەعفەرو شەنگار) بەسەرجەم ناحیەکانیانەوە بریتییە لە (١٠٠٣١)کم٢یە بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧، کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەرچوار قەزاکە(٤٤٢٢٨٤)کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.

ئەوەی پێویستە بخرێتەروو ئەو گۆڕانکارییە ئیداریو گۆڕانکارییانەیە لەرووبەرو ژمارەی دانیشتوان، کە بەسەر پارێزگای دهۆکدا دێت پاش

[31] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ل ٢١٩.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

خستنەسەری هەرچوار قەزا (شێخانو تەلکێفو تەلەعفەرو شەنگار)ی سەر بەپارێزگای موسڵ، ئەویش ئەوەیە کە رووبەری پارێزگای دهۆك (٦١٢٠ )کم٢ بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧، دەبێتە (١٦١٥١)کم٢، و ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك لە (٢٩٣٣٠٤) کەسەوە (بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧) دەبێتە (٧٣٥٥٨٨) کەس.


لەرۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، ئەوە دەردەکەوێت کە گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر رووبەرو ژمارەی دانیشتوانی هەر یەکە لەپارێزگای هەولێرو دهۆکدا دێت، هەروەها پارێزگای موسڵ بەهۆی سەندنەوەی زۆربەی ئەو یەکە ئیدارییانەی، کە کوردی تێدا نیشتەجێیە، ئەم گۆڕانکارییانە تەنها بەرووبەرو ژمارەی دانیشتوانەوە ناوەستێت، بەڵکو کاریگەریەکی بەرچاوو گەورەی دەبێت لەرووی هێزی مرۆییو سروشتییەوە لەسەر هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك پاشانیش، کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان بەگشتی.

ئەمەی کە لەسەرەوە باسکرا، میکانیزمێکی گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی ناوچەکانی ململانێ لەپارێزگای موسڵداو گەڕاندنەوەی ئەو یەکە ئیداری یانە بۆ نێو سنووری هەرێمی کوردستان، کە دواتر لەداهاتوودا مۆرکێکی زیاتری کوردییانە دەبەخشێتە ئەو یەکە ئیدارییانەو زیاتر کوردستان بوونیان دەسەلمێنێت.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## نەخشەی ژمارە ( ١٤ )

**( دابەشكردنی ئەو یەكە كارگێڕیانەی كە كوردنشینن لە پارێزگای موسڵدا بەسەر هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆكدا )**




المصدر: د.خلیل اسماعیل محمد , كركوك دراسات فی التكوین القومی للسكان, المصدر السابق ,ص٢٥





مەكتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەرەی دووەم : بە پارێزگاكردنی قەزای خانەقین

وەك میكانیزمێك بۆ چارەسەركردنی ناوچەكانی ململانێ لەپارێزگای دیالەو كوتدا، دەگونجێت ئەم ناوچانە لەنێو سنووری كارگێڕی پارێزگایەكی نوێدا كۆبكرێتەوە ئەمەش بەپشت بەستن بەفراوانی رووبەرو زۆری ژمارەی دانیشتوانی قەزاكانی (خانەقین ـ مەندەلی) لەپارێزگای دیالەو قەزای (بەدرە) لەپارێزگای كوت، لەنێو ئەم سێ قەزایەدا، خانەقین گونجاوترین ناوەندە بۆ كردنە پارێزگاو ناوەندی كارگێڕی بۆ هەرسێ قەزاكە، ئەمەش بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان‌و فراوانی رووبەرەكەیەوە.

### * پارێزگای خانەقین

پارێزگایەكی پێشنیاركراوەو سنوورەكەی بریتی دەبێت لەپارێزگای سلێمانی لەباكوورو پارێزگای كەركوك لەباكوورو باكووری رۆژئاواوە، لەباشوورەوە پارێزگای كوت دەبێت‌و لەرۆژهەڵاتەوە بەسنووری دەولی نێوان ئێران ـ عێراق دەورە دەدرێت‌و سنووری رۆژئاواشی بریتی دەبێت لەپارێزگای دیالەو بەغداد*.

ئەو یەكە كارگێڕییانەی، كە پارێزگای خانەقینی لێپێكدێت بریتین، لەهەرسێ قەزاكانی (خانەقین) بەناحیەكانی سەنتەری قەزاو ناحیەی سەعدیە((قزلرەبات))و ناحیەی جەلەولاو ناحیەی مەیدان‌و ناحیەی

---

* هەردوو توێژەر.

قۆرەتوو، و قەزای مەندەلی بەناحیەکانی (سەنتەری قەزاو ناحیەی قەزانیە)و قەزای بەدرە بەناحیەکانی (سەنتەری قەزاو ناحیەی زرباتیەو ناحیەی جەسان).

### ١) قەزای خانەقین

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ بریتییە لە (٣٩١٥) کم٢، کە رووبەری ناوەندی قەزاکە (١٢٨٨)کم٢یەو ناحیەی جەلەولا (٤٦٧)کم٢و ناحیەی سەعدیە(قزلربات)(٦٥٤)کم٢ رووبەرەکانیانن، و باقی قەزای خانەقین (١٥٠٦کم٢)یە.

ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە (١٠٢٢٩٨) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.[32]

### ٢) قەزای مەندەلی

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ بریتییە لە (٦٥٨٦ )کم٢یە.[33] رووبەری سەنتەری قەزاکە (١١٩٢ )کم٢یەو ناحیەی قەزانیە رووبەرەکەی (٢٢١٨ ) کم٢یە.[34] ئەم رووبەرەی، کە قەزاکە هەیەتی (٦٥٨٦)، ناحیەی بەلەدروزیش دەگرێتەوە کە لەساڵی ١٩٨٧دا کرایە سەنتەری قەزا، بەڵام رووبەری هەردوو سەنتەری قەزای مەندەلیو

---

(32) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٣.

(33) مەکتەبی ناوەندی دیراساتو توێژینەوە، مێژووجوگرافیاو ئابوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

(34) د. عبداللە غفور، فەرهەنگی جوگرافی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.





ناحیەی قەزانیە بەپێی هەمان دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ بریتییە لە (٣٤١٠)کم٢. ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەسەنتەری قەزاو ناحیەی قەزانیەوە (١٤٨٥٥)کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.[35]

### ٣) قەزای بەدرە

رووبەری ئەم قەزایە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ (٣٦٥٠)کم٢یە[36]، رووبەری سەنتەری قەزاکە بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٧٧(١٠٧٣ )کم٢یە. رووبەری ناحیەی قەزانیە بەپێی هەمان دابەشکردنی کارگێڕی (٨٠٣ )کم٢یە.[37] ناحیەی جەسان بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ رووبەرەکەی (١٨٥٦)کم٢یە.[38] ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەسەرجەم ناحیەکانیەوە (٨٦٢٦) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧.[39]

لەئەنجامی پێکهێنانی پارێزگای خانەقین لەهەرسێ قەزای (خانەقینو مەندەلیو بەدرە)، رووبەری ئەم پارێزگایە لەبەر رۆشنایی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٧دا بریتی دەبێت لە (١٠٩٧٥)کم٢ وە هەروەها لەبەر رۆشنایی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ دا ژمارەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە زیاتر

---

(35) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاءْ لسنة ١٩٨٧، ص ٢.

(36) د. عبداللە غفور، فەرهەنگی جوگرافی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣

(37) د. عبداللە غفور، ئیتنۆ – دیموگرافیای باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

(38) د. عبداللە غفور، فەرهەنگی جوگرافی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(39) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

دەبێت لە (١٢٥٧٧٩) كەس.

ئەگەر لەم بارەدا دابەشكردنی كارگێڕی ساڵی ١٩٨٧ وەربگرین بۆ هەریەكە لەپارێزگای پێشنیاركراوی خانەقینو پارێزگای دهۆك، دەبینین رووبەری پارێزگای خانەقین فراوانترو زۆرتر دەبێت لەرووبەری پارێزگای دهۆك و بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانی قەزاكانی، دەگونجێت كە خانەقین بكرێتە ناوەندێك بۆ پێكهێنانی پارێزگایەكی نوێ بەناوی پارێزگای خانەقین.

بەپێكهێنانی پارێزگای خانەقینو گێڕانەوەی یەكە كارگێڕییەكانی بۆ نێو سنووری هەرێمی كوردستان، ئەم پارێزگایە دەبێتە پێنجەم پارێزگای هەرێمی كوردستان لەدوای پارێزگاكانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، كەركوك)، بەمەش رووبەرێكی بەرچاو لەزەوی هەرێمی كوردستان زیاد دەكات كە كاریگەرییەكەی لەداهاتوودا باشتر دەردەكەوێت لەرووی ئابوریو سیاسییەوە.

دەوڵەمەندی ناوچەكە بەدەرامەتە سروشتییەكانی بەتایبەتی نەوتو زەوی كشتوكاڵییەكانی وادەكات كە ئەم پارێزگایە پشت بەخۆی ببەستێت بۆ دابینكردنی زۆربەی پێداویستییەكانی پارێزگاكەو دواتریش كاریگەری لەسەر ئابوریو بازرگانی هەرێمی كوردستان.






مەكتەبی بیروهۆشیاری

**نەخشەی ژمارە ( ١٥ )**

**شوێنی پارێزگای پێشنیاركراوی ( خانەقین ) لەهەرێمی كوردستاندا**




**االمصدر : د.خليل اسماعيل محمد, كركوك دراسات في التكوين القومي للسكان , المصدر السابق , ص٢٥**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# دەرئەنجام

**لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

١- لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە شەڕوپێکدادان روویداوە لەنێوان گەلی کوردو حکومەتەکانی عێراق لەسەر ناوچەکانی ململانێ.

٢- لەرووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە ئەم ناوچانە مەڵبەندی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانە بەرەگەزی جیاوازو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی ئاڵۆزیان هەیە کە پێکدێت لەکوردو عەرەبو تورکمانو چەند کەمینە نەتەوەیەکی تر لەوانە کلدانیو ئاشوری، پێکهاتەیەکی ئاینی جۆراوجۆری تێدایە وەکو موسڵمانو یەزیدیو مەسیحی.

٣- هەوڵی درێژخایەنو بەردەوامی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بۆ دەست بەسەراگرتنی ناوچەکانی ململانێو پێ داگرتنیان لەسەر کوردستان نەبوونی ئەو ناوچانە.

٤- گۆڕانکارییەکی زۆر لەپێکهاتەی کارگێڕی ناوچەکانی ململانێدا کراوە لەلایەن حکومەتەکانی عێراقەوە، بەهۆی ئەو سیاسەتە شۆفێنییانەی کە پەیڕەویان کردووە، بەمەبەستی کەم کردنەوەی ژمارەی





مەکتەبی بیروهۆشیاری

دانیشتوانی نەتەوەی کوردو زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لەو ناوچانەدا بەتایبەتی پارێزگای کەرکوك.

٥- سنووری ناوچەکانی ململانێ لەباشوورەوە بەقەزای بەدرە دەست پێدەکاتو پاشان بەرەو باکووری خۆرئاوا دەڕوات کە قەزاکانی مەندەلیو خانەقینو پارێزگای کەرکوكو قەزاکانی مەخمورو شەنگارو تەلەعفەرو تەلکێفو حەمدانیەو شێخان لەباکووری خۆرئاوە دەگرێتەوە.

٦- حکومەتەکانی عێراق بەتایبەتی رژێمی بەعس، سیاسەتی بەعەرەبکردنی پەیڕەو کردووە لەناوچەکانی ململانێ دا، لەرێگەی هاوردنی ژمارەیەکی زۆر لەخێڵو عەشیرەتە عەرەبییەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق بۆ ئەم ناوچانە، لەرێگەی دەرکردنو راگواستنی ژمارەیەکی زۆر لەخێزانو دانیشتوانی کورد کە زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکانی ململانێیان پێکدەهێنا بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراقو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها لەرێگەی گۆڕانکاری لەسنووری کارگێڕی پارێزگاکاندا.

٧- بەپشت بەستن بەبەڵگە مێژوویيو جوگرافییەکان لەلایەن گەڕیدەو نووسەرە بیانیو عەرەبیو کوردییەکانەوەو لەلایەن ئینسکلۆپیدیای وڵاتانی عەرەبیو ئەوروپیو ئەمریکیو هەروەها قاموسی ئەعلامی تورکییەوە دەیسەلمێنن کە ئەم ناوچانە لەمێژوویەکی کۆنتردا نیشتیمانی کورد بوون.

٨- لەسەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد تاوەکو ئێستا بەردەوام جەخت لەسەر کوردستانی بوونی ئەم ناوچانە کراوەتەوەو

بووەتـە هـۆی نەگەیـشتنە ئـەنجامی گفتوگۆکـانی نێـوان کـوردو حکومـەتی ناوەندی لەعێراقدا لەدروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تاوەکو ئێستا.

٩- حکومــەتی عێراقــی بــەردەوام هــەوڵی کەمکردنــەوەی ژمــارەی دانیــشتوانی کــوردی داوە لەناوچــەکانی ململانێــدا بەڵگــەی ئــەوەن کــە زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە کورد بـوون بەتایبـەتی شاری کـەرکوك، هەروەها ناو نووسکردنی کوردە ئێزدی‌و شەبەکەکان بەعەرەب لەپارێزگای موسـڵدا، گەرچـی چـەندین بەڵگـە دەیـسەلمێنێت، کـە ئێـزدی‌و شـەبەك لەنەتەوەی کوردن‌و لەدێرزەمانـەوە لـەم ناوچـەیەدا نیـشتەجێبوون، ئەمـە سەرەڕای ئەوەی، کە ئێزدی‌و شەبەکەکان خۆیان بەنەتەوەی کورد لەقەڵەم دەدەن.

١٠- رووبــەری ناوچــەکانی ململانــێ، رووبــەرێکی گــەورە لەهــەرێمی کوردســـتان پێکــدەهێنێت کــە لــەرووی جوگرافیــای سیاســییەوە هێــزو توانایەکی گەورە دەبەخشێتە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بـوونی قوڵاییـەکی ستراتیژی.

١١- بایــەخ‌و گرنگــی ناوچــەکانی ململانــێ لەوەدایــە، کــە بــوونی دەریایــەکی گــەورە لەنــەوت لـەم ناوچـانەدا هەیـە، بەتایبــەتی کـەرکوك‌و خانــەقین، بــوونی رووبــەرێکی بــەرفراوان لــەزەوی‌و دەشــتی بــەپیت بــۆ کـــشتوکاڵ‌و بـــوونی سەرچـــاوەی ئـــاوی زۆر بەتایبـــەتی لەناوچـــە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵ.

١٢- ناوچــەکانی ململانــێ وەك ئەڵقەیــەکی بەســتنەوەو پەیوەنــدین لــەنێوان ناوچــەکانی تــری هــەرێمی کوردســتان‌و ناوچــەکانی ناوەڕاســت‌و





باشووری عێـراق، هـەروەها وەك ناوچـەیەك بـۆ بەسـتنەوەی نێـوان رێگـای عێـراق ولاتـانی دراوسـێ، وەك شـاری خانـەقین لـەنێوان عێـراق‌و ئێرانـدا هـەروەها شـەنگار لـەنێوان عێـراق – سـوریادا، هـەروەها پارێزگـای موسـڵ بەگشتی ئەڵقەیەکی پەیوەندی لەنێوان عێراق‌و وڵاتی تورکیادا.

١٣- ئەم ناوچانە بایەخێکی بازرگانییان هەیە چ بۆ ناوخۆی دەوڵـەتی عێراقی چ بۆ بازرگانی دەرەوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە عەرەبییەکان

### * کتێب:

١- اسسرد ، فريد ، المسألة الكردية بعد قانون الدولة العراقية، منشورات مركز كردستان للدراسات الستراتيجية ،السليمانية ، ٢٠٠٤.

٢- الدفتر، محمد هادي وعبدالله حسين، العراق الشمالي، الجزء الاول، مطبعة شفيق، ١٩٥٨.

٣- الداودي، عوني، كركوك المدينة الضاحكة بالنار والنور، من منشورات مكتب الفكر والتوعية، السليمانية، ٢٠٠٢.

٤- المنجد في اللغة والاعلام، الطبعة ثلاثون، منشورات دار الشرق، بيروت، ١٩٨٨.

٥- العزاوي، خضير، لواء ديالي، بغداد، ١٩٧٠.

٦- الياسين، د. عدنان اسماعيل، التغير الزراعي في محافظة نينوى (دراسات تحليلية في الجغرافية الزراعية)، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٤.

٧- سوسة، د. احمد، الدليل الجغرافي العراق، مطبعة عدن، بغداد، ١٩٦٠.

٨- سوسة، د. احمد، اطلس الاداري، مطبعة مديرية المساحة العامة، بغداد ١٩٥٢.

٩- سعدالله، صلاح، المسألة الكردية في العراق، الطبعة الثانية، دار المثنى





مەکتەبی بیروهۆشیاری

للطباعة والنشر، بدون مكان نشر، ٢٠٠٣.

١٠- خصباك، د. شاكر، العراق الشمالي دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، ١٩٧٣.

١١- حسن، عبدالمجيد، كتاب مشاهر الالوية العراقية، الجزء الاول، بغداد، ١٩٤٦.

١٢- عيسى، د. حامد محمود، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، القاهرة، ١٩٩٢.

١٣- قفطان، د. كاوس، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق (١٩٥٨ – ١٩٦٤)، الطبعة الاولى، سليمانية، ٢٠٠٤.

١٤- كريم، حبيب محمد، كركوك – بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك، اربيل، ٢٠٠١.

١٥- مولود، د. محمد عمر، الفيدرالية وامكانية تطبيقها في العراق، مطبعة وزارة التربية، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠٠٠.

١٦- محمد، د. خليل اسماعيل، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق، الطبعة الثالثة، اربيل، ٢٠٠٢.

١٧- محمد، د. خليل اسماعيل، كركوك دراسات في التكوين القومي للسكان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٢.

١٨- محمد، د. خليل اسماعيل، البعد القومي والتغيرات لمحافظة كركوك، منشورات وزارة الثقافة، ١٩٩٧.

١٩- محمد، د. خليل اسماعيل، دهوك – نينوى دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية، سليمانية، ٢٠٠٥.

٢٠- محمد، د. خليل اسماعيل، قضاء خانقين دراسة في جغرافية السكان، السليمانية، ٢٠٠٢.

٢١- محمد، د. خليل اسماعيل، اقليم كردستان العراق (دراسات للتكوين القومي للسكان)، الطبعة الثالثة، اربيل، ١٩٩٩.

٢٢- وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة للتسجيل للتعداد العام لسنة ١٩٥٧.

٢٣- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء السكانية، نتائج للتعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧.

٢٤- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء السكانية، نتائج للتعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧.


## * نامه زانکۆییەکان


– طالب، د. جزا توفيق، اقليم كردستان العراق دراسة في الجغرافية السياسية، رسالة دكتوراه، غير منشورة، قدمت الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية، سليمانية، ٢٠٠٤.


## گۆڤارە عەرەبییەکان:


١- سمايل، عباس سليمان، تأريخ منطقة گەرمەسێر، القسم الاول، مجلة گولان العربي، السنة الرابعة، العدد ٤٠، ٢٥ ايلول ١٩٩٩.

٢- شنگالی، خ.، شنگال.... اسم وتأريخ، مجلة لالش، عدد ١٥، نيسان ٢٠٠٠

٣- توفيق، محمد حمه صالح، كركوك في (قاموس الاعلام)التركي.. العثماني، مجلة سردم العربي، العدد ٢، خريف ٢٠٠٣.

٤- عمر، محمد عبدالله، الامن القومي الكردي للاراضي محافظة كركوك الزراعية، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارە ١، ئەیلولی ١٩٩٨.







٥- عزيز، احمد، كركوك في موسوعات البلدان الاوروبية والعربية والامريكية، مجله سردم العربی، العدد ٢، خريف ٢٠٠٣.

٦- محمد، د. خليل اسماعيل، البعد القومي للاستيطان الريفي في قضاء شنگال، مجلة لالش، العدد ١٥، نيسان ٢٠٠٢.

٧- مندلاوي، ساسان، مدينة مندلي الكردية بين الماضي والحاضر، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە ٤، ساڵی سێهەم، بەهاری ٢٠٠٢.


## سەرچاوە کوردییەکان:


١- ئەمین، نەوشێروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن – دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٧٩ – ١٩٨٣، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٢- ئەمین، نەوشێروان مستەفا، خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٣- ئینتیسار، نادر، ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی عەتا قەرەداغی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٤- بلو، د. جویس، دۆزی کورد – لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، وەرگێڕانی کارزان محمد، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٥- دەباغ، فەیصەل، کوردو کەمە نەتەوایەتییەکان لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، بەرگی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩.

٦- سۆفی، محمد سەعید، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٧- صالح، صدیق، حکومەتی کوردستان لەسلێمانی (١٩١٨ – ١٩٢٤)، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٨- عزەت، محمود مەلا، بازنەکانی ململانێ وستراتیژی ئاسایشی نەتەوەی کورد، چاپخانەی رەنج، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٩- فەرەج، لەتیف فاتح، کورد و کەرکوك، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٢.

١٠- حاجی، شۆرش، تەعریبی کەرکوك، لەندەن، ٢٠٠٤.

١١- غفور، د. عبدالله، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، دەزگاو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٢- غفور، د. عبدالله، ئەنتۆ – دیموگرافیای باشووری کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٣- غفور، د. عبدالله، کوردستان دابەشی کارگێڕیو تریتۆری، (١٩٢٧ - ١٩٩٧)، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٤- تالب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٥- تاڵەبانی، د. نوری، ناوچەی کەرکوك هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، وەرگێڕانی محمدی مەلا کەریم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٦- عەبدوڵڵا، خەبات، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٧- کۆچێرا، کریس، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٨- کوردستان لەچاپکراوە عوسمانلییەکاندا، وەرگێڕانی فەیصەل دەباغ، هەلێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

١٩- گۆران، خسرو، کورد لەپارێزگای موسڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.







٢٠- مەکتەبی ناوەندی دراساتو توێژینەوە، نەوتی کوردستانی عێراق (نەوتو چارەنوسی سیاسی کوردو کوردستان) مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٨.

٢١- مەکتەبی ناوەندی دیراساتو توێژینەوە، مێژوو جوگرافیاییو ئابوری کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، دیراسەی ژمارە ٣٣، مایسی ١٩٩٨.

٢٢- محمد، سمکۆ بەهرۆز، ئارابخای وڵاتی کوردەواری لەمێژوودا، بەرگی یەکەم، بەبێ شوێنو ساڵی چاپ.

٢٣- مەخموری، غەفور، بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢٤- ماکداول. دیڤید، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، سلێمانی ، ٢٠٠٣.

٭ نامە زانکۆییەکان:

– تالب، جەزا تۆفیقو ئەوانی تر... بایەخی جیۆپۆلەتیکی پارێزگای کەرکوك، توێژینەوەیەکە پێشکەشی بەشی جوگرافیای کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لەزانکۆی سلێمانی کراوە، بلاو نەکراوەتەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣.


## * گۆڤارە کوردییەکان


١- ئەسەسەرد، فەرید، لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەتە فرەنەتەوەکانو مەسەلەی بەفدراسیونکردنی عێراق، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ١، ساڵی دووەم، نیسانی ١٩٩٣.

٢- أحمد، د.کمال مەزهەر، هەڵوێستی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لەمەسەلەی کورد لەعێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٣، ساڵی هەشتەم، ئابی ٢٠٠٢.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

٣- ئاران، (ئارابخای وڵاتی کوردەواری لەمێژوودا)، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە ١٦، ٢٠٠١.

٤- سۆفی، محمد سەعید، ناوچەی گەرمەسێر لەناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە ١٣، ٢٠٠٣.

٥- عارف، دلێر حەسەن، کوردستانی باشوور لەپەراوێزی رێکەوتنە نێو دەوڵەتی یەکانەوە بۆ فیدرالی، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە ٧، ساڵی دووەم، ٢٠٠٣.

٦- عەزیز، احمد، کوردستانیەتی کەرکوك لەئنسکلۆپیدیای وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە ١٦، ٢٠٠٣.

٧- گۆران، خسرو، بوونی کورد لەپارێزگای موسڵ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٨، ١٩٩٨.

٨- گۆران، خسرو، بوونی کورد لەپارێزگای موسڵ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١١، ١٩٩٩.

٩- گۆران، خسرۆ، بوونی کورد لەپارێزگای موسڵ (نەینەوا)، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٣)، ١٩٩٩.

١٠- کاکەیی، هاشم عاصی، مێژووی مەندەلی و فەرمانڕەوایی کورد، گۆڤاری کەرکوك ژمارە ٢١، ٢٠٠٤.

١١- تاڵەبانی، د. نوری، ویلایەتی موسڵ لەلایەن ئینگلیزەوە لکێندرا بەدەوڵەتی عێراقی یەوە لەبەر بەرژەوەندی خۆی‌و لەبەر نەوتی کەرکوك نەك لەسەر هەڵوێستی کورد، گۆڤاری کەرکوك ژمارە ١٨، ٢٠٠٣.

١٢- غەفور، د. عبداللە، دابەش بوونی جوگرافیای دانیشتوان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ٢، ساڵی هەشتەم، مایسی ٢٠٠٠.

١٣- کرمانج، جەوهەر، کوردستان فیدرالیەکی باڵایە زۆرانبازی لەگەڵدا ناکرێ، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە ٣٢، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٤- رۆژبەیانی، زاهیر، لەیلان(قەرەحەسەن)، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارە ٤، ساڵی ١٩٩٩.

١٥- میرزا، سیروان عدنان، خوێندنەوەیەك بۆ گرنگترین برگەو بابەتەکانی دەستوری کاتی دەوڵەتی عێراقی، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٤٨٤، ٢٠٠٤.

١٦- محمد، د. خلیل اسماعیل، نیشتەجێ بوونی عەرەب لەناوچەی کوردە فەیلی یەکان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ٢، ساڵی دەیەم، مایسی ٢٠٠٢.

١٧- محمد، د. خلیل اسماعیل، دوراییە نەتەوەی یەکانی نیشتەجێ کردنی ئێلاتی عەرەب لەناوچەی زومماردا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ٤، ساڵی هەشتەم، تشرینی دووەم ٢٠٠٠.

١٨- محمد، د. خلیل اسماعیل، رەهەندی نەتەویی نیشتەجێ بوونی عەرەب لەپارێزگای کەرکوك، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢٠، هاوینی ٢٠٠١.

١٩- محمد، د. خلیل اسماعیل، گۆڕینی سنووری ئیداری پارێزگای کەرکوك، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ١، ساڵی ١٩٩٨.

٢٠- محمد، د. خلیل اسماعیل، سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە ٣، ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩٣.

٢١- نەوشیروان امین مستەفا ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکێ لەبەشداربووانی گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ ، چاوپێکەوتنێکە لەرۆژی ٢٥/١٢/٢٠٠٤ ئەنجام دراوە .





مەکتەبی بیرو هۆشیاری

مەكتەبى بيروهۆشيارى

## بلاوكراوەكانى مەكتەبى بيروهۆشيارى (ى. ن. ك)

## ساڵى ٢٠٠٧.٢٠٠٨

| ژ | ناوى بلاوكراوە | ناوى نوسەر | ساڵى دەرچوون |
|---|---|---|---|
| .٢١٠ | عيراق، سەردەمى ساغ بوونەوە | بەكر صديق | ٢٠٠٧ |
| .٢١١ | تيرۆرو سەقامگيرى سياسى و چەند لێكۆڵينەوەيەكى تر | بەكر صديق | ٢٠٠٧ |
| .٢١٢ | كەركوك بۆ مێژوو دەدوێت | ئا: عەدنان كاكە ڕەش سەرپەرشتيار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| .٢١٣ | دەستوورو ژن | ن: ڕەشيد خەيون بدور زەكى محمد و: كاميل محەمەد قەرەداخى | ٢٠٠٧ |
| .٢١٤ | ژان ژاك ڕۆسۆ (چاپى سێيەم) | كاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| .٢١٥ | مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها . .. | القاضي/ لطيف مصطفى أمين | ٢٠٠٧ |
| .٢١٦ | بنچينەكانى كورد | ن: ڤلاديمێر مينورسكى و: نەجاتى عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| .٢١٧ | لەديكتاتۆرييەوە بۆ ديموكراسى | ن: د. جين شارب و: كارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |





مەكتەبى بيروهۆشيارى

| ژ | ناوى بلاوكراوە | ناوى نوسەر | ساڵى دەرچوون |
|---|---|---|---|
| .٢١٨ | كەركوك لەسەردەمى دەوڵەتى عوسمانيدا | گۆران ئيبراهيم ساڵح | ٢٠٠٧ |
| .٢١٩ | زمانە فەرمييەكان | طارق جامباز | |
| .٢٢٠ | ئەنفال و دادگا | سالار مەحموود | ٢٠٠٧ |
| .٢٢١ | گۆڤارى نۆڤين ژمارە (١٠) | | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٢ | الكرد | تأليف: باسيلي نيكيتين ت: د. نوري طالباني | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٣ | هەڵۆى سور (چاپى دووەم) | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٤ | مام جەلال | فاضل كريم أحمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٥ | المدخل الى القانون الدولي الإنساني | جبار سعيد محي الدين | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٦ | الكُرد اليوم | تأليف: حسين آكوجين آغلو و آخرون ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٧ | سەرۆك وەزيرانى بەريتانيا | ن: هارۆڵد ويڵسن و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٨ | ڕێبازى لێكۆڵينەوە لەزانستى سياسيدا | ئيسماعيل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٩ | ڕێكخراوى نەتەوە يەكگرتووەكان | و: كارزان عومەر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٠ | تيرۆر | هيمداد مجيد علي | ٢٠٠٧ |
| .٢٣١ | گەنجە كوردەكان | فەرهاد پيرباڵ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٢ | بەعسيزم و كورد | سۆزان كەريم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٣ | بەڕێوەبردنى كۆبونەوەكان | ن: محمد فتحي و: محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣٤. | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥. | میر عەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦. | فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم | ن: هاشم سالّح<br>و: شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٧. | عێراق، قەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٨. | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٩. | الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان | ليلاف حمد امين عزيز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٠. | مێژووی شۆڕشی روسیا | ن: لیۆن ترۆتسکی<br>و: عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤١. | دەروونناسی جەماوەری فاشیزم | ن: ویلهلم رایش<br>و: هەژار جوانرۆیی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٢. | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٣. | زارا ـ عەشقی شوان | ن: محەمەدی قازی<br>و: عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٤. | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٥. | تاريخ تركيا المعاصر | ت: د. هاشم صالح التكريتي | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٦. | لەگۆڕەپاندا | و: سارۆز ئەفروز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٧. | نۆڤین ژمارە ـ ١٢ ـ | | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٨. | المنطقة المتنازع عليها | د. خليل اسماعيل محمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٩. | فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٥٠. | سۆسیال دیموکراتی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٥١. | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٢. | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمەرشید گورون | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٣. | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائية العراقية | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٤. | لەکییە هاردییەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵلا | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٥. | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حەمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٦. | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٧. | كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٨. | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٩. | گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ | | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٠. | پرۆژەی قانونی بەگژداچونەوەی گەندەڵی | کاوسین بابەکر | ٢٠٠٨ |
| ٢٦١. | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٢. | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٣. | ئاشنابوون بەسۆسیال دیموکراتی | کارزان کاوسین | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٤. | جیهانێکی دادپەروەر شیاوە | کارزان کاوسین | ٢٠٠٨ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٦٥ | لێپرســـراوێتی و خۆشـــگوزەرانی هاوبەش | کارزان کاوسین | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٦ | پێ بەپێی مێژوو بەرەو بەهەشت | کاوسین بابەکر | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٧ | کردســـتان والحقـــوق القوميـــة للتركمان | د. مكرم الطالباني | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٨ | قەیرانەکانی دیموکراسی | رالف دارن دۆرف<br>و: لەئەڵمانییەوە:<br>ئیسماعیل حەمە ئەمین | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٩ | مـــسألة إبـــادة الأرمـــن امـــام المحكمة | ت: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |
| .٢٧٠ | ئیرلەندای باکوور | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | ٢٠٠٨ |



مەکتەبی بیروهۆشیاری